# ئەڵمانیا

## مێژوو – کولتوور - جوگرافیا

ناوی کتێب: ئەڵمانیا (مێژوو – کولتوور – جوگرافیا)
لە ئەڵمانییەوە: باهۆز مستەفا
تیراژ:

# ئەڵمانیا

**نەخشەی ئەڵمانیا (٢٠٠٧)، بە هەر شازدە هەرێم و**

**نۆ دراوسێ و هەردوو دەریا**



## ئەڵمانیا –دۆیتشلەند- گێرمانی
## Alleman- Deutschland-Germany

وڵاتێکە لە ناوەڕاستی ئەوروپا، لە ١٦ هەرێم پێك هاتووە، بە پێی پرینسیپەکانی دەستوور یەکیانگرتووە و هەر هەرێمێك لە بەڕێوەبردن سەربەخۆیە.

پایتەختی ئەڵمانیا شاری (بەرلین)ە .

زمانی فەرمی: ئەڵمانییە .



ئاڵای ئەڵمانیا



سیمبولی ئەڵمانیا

| | |
|---|---|
| سیستەمی سیاسی وڵاتەکە: | کۆماری پەرلەمانییە. |
| سیستەمی حکومەت: | پەرلەمانی دیمەکراتی. |
| کەسی یەکەمی وڵات: | سەرۆك کۆمار. |
| کەسی یەکەمی حکومەت: | راوێژکار |
| رووبەری ئەڵمانیا: | ٣٥٧,١٠٤,٠٧ کم$^2$ |
| ژمارەی دانیشتوانی : | ٨٢,٤٠٠,٠٠٠ |
| چڕی دانیشتوان : | ٢٣٠ کەس لە کم$^2$ |
| پارەی ئەڵمانیا : | یۆرۆ( ١ € = ١٠٠ *ct* ) |
| پشووی نەتەوەی: | ٣- ئۆکتۆبەر |
| هێمای رەقەمی ئوتومبێل: | *D* |
| ئەدرێسی ئینتەرنێت: | *de* |
| کۆدی تەلەفۆن: | ٠٠٤٩ |

لە نێو دەستوور کۆماری یەکگرتوو، بە وڵاتێکی یەکسان و ماف پارێزەر و فیدڕال و دیموکرات ناسراوە، دامەزرێنەری یەکیتی ئەوروپایە. ئەڵمانیا ئەندامی نەتەوە یەکگرتوەکانە، ئەندامی رێکخراوی ئابوور و پەرەپێدانە، ئەندامی ناتۆیە، ئەندامی رێکخراوی پاراستن و بە یەکەوە کارکردنە لە ئەوروپا، هەروەها لە گروپی (گ ٨= گروپی هەشت دەوڵەتی، کە بەیەکەوە لەسەر پرسی سیاسی و ئابووری جیهان کۆدەبنەوە). تاکە وڵاتە نۆ دراوسێی هەبێت و پەیوەندی لەگەڵ

هەموویان ئاسایی و باش بێت. سێیەم وڵاتە لە بەرهەم هێنان لە دوای ئەمریکا و یابان.

## ناوەکانی ئەڵمانیا – دۆیتشلەند - گێرمانی

**دۆیتشلەند:** لە ساڵی ١٦٦٧ وە ئەم ناوە بەکار هات، دوای دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەی ئەڵمان بە ناوی (دۆیتشە رایش) دەوڵەتی ئەڵمانیا. دۆیتش(دۆیچ) واتە نەتەوەی ئەڵمان= دۆیتش. لەند : واتە خاك ، ستان.

**ئەڵمانیا:** لە (ئالە مێنەر، *Alle Maenner*) یاخود ئالە مانن، واتە هەموو پیاوەکان، ئەمەش لە کاتی یەکگرتنی هەردوو گروپی ناوەڕاستی ئەڵمانیا و باشووری ڕۆژئاوای ئەڵماینا هات لە ساڵی ٢١٣ . بڵاوبوونەوەی ئەو ناوە دەگەڕێتەوە بۆ فەرەنسییەکان.

**گێرمانی:** ئەم ناوە مێژووی زۆر کۆنە، بۆ پێش ئەنتیك دەگەرێتەوە، سەردەمی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گریکەکان، هەروەها سەردەمی (کێلتن و سکیتن). گێرمان، بەو خەڵکانە گوتراوە، کە لە ناوەڕاستی ئەوروپا و باشووری ئەسکەندنافیا ژیاون، هەروەها بە زمانەکەشیان گوتراوە (ئیندۆ گێرمانی). بەڵام یەکەم بەڵگە بۆ ئەم ناوە، کە هەبێت

دەگەڕێتـەوە بـۆ ٢٢٢ سـاڵ  پـێش مەسـیح لـە كـاتی سـەركەوتنی (مـاركۆ كلاودیۆس) لە كلاستیدیۆم.

یەكـەم نووسـین یـاخود هێمـای گێرمـانی بـۆ ٢٠٠ سـاڵ پـێش مەسـیح دەگەڕێتەوە. لە سەردەمی ئیمپڕاتۆڕی ڕۆمی، كە بەسەردەمی توانـەوەی میللەتانی گێرمانی دەناسرێت، زیـنجیرەی مێـژووی گێرمانـەكان پـچڕاو تێكەڵی مێژوو، كلتوری ڕۆمەكان بوو.



كۆنترین نووسینی گێرمانەكان

## مێژووی ئەڵمانیا

کۆماری ئەڵمانیای یەکگرتوو لە خۆرئاوا، لەگەڵ کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی لە خۆرهەلاَت($DDR$)ئەم دوو دەوڵەتە لە ساڵی ١٩٤٩ دوای شەڕی دووەمی جیهانی دامەزران، لە ساڵی ١٩٩٠ یەکیان گرتەوە.

دەوڵەتی نەتەوایی ئەڵمانی و ناسنامەی نەتەوەایەتی لە ساڵی ١٨٧١ ناسراوە، لەگەڵ هەموو ئەو دەستکاری و گۆڕانانەی لە سیستەمی سیاسیی کراون. سەرەتا کۆمەڵێك دەوڵەت و هەرێمی سەربەخۆ بوون، لە چوراچێوەی یەك زمان، ئەویش زمانی ئەڵمانی بوو، کە پەیوەندیان بەردەوام لە گۆڕانبوو، هەندێکجار یەکیان دەگرت و هەندێکجاریش وەکو دوژمن بەرامبەر یەکتری دەوەستان.

خاڵە گرینگەکانی مێژووی سیاسی یاخود دیارترین ڕابردووی ئەم هەرێمانە، دەگەڕێتەوە بۆ پێش مێژوو . بنەمای مێژوویی لە سێ بابەت دەست پێدەکات (مێژووی سیاسی و کۆمەڵآیەتی، مێژووی ئابووری، مێژووی کلتووریی).

## سەردەمی پێش مێژوو

نـوێترین بەڵگـەکان ئـەوە دەسـەلمێنن کـە شـوێنی ئـەڵمانیای ئـەمڕۆ دەگەڕێتەوە بۆ ٦٠٠,٠٠٠ یاخود ٥٠٠,٠٠٠ ساڵ کۆن، بۆماوەی ١٠٠,٠٠٠ سـاڵ لـە ناوەڕاسـت و بـاکوری ئـەڵانیا سـەهۆڵبەندی بـووە و کەسـی تێـدا نـە ژیـاوە، کـۆنترین شـوێنەواری نیـشتەجێبوونی مـرۆڤیش لـەم ناوچـەیە دەگەڕێتەوە بۆ ١٣٠,٠٠٠ ساڵ لە ناوچەی نییاندیرتالەر.

## دەستپێکی مێژوو

ئاســـەوارای مرۆڤــە ســـەرەتاییەکان وەك کــوخ و شــوێنی کـاتی و سـەرەتایی، کـە دروسـتیان کردبێـت، لـە (زاکسن) ڕۆژهـەلاتی ئـەڵمانیا دۆزراونەتەوە، هەروەها دۆزینەوەی چەند پارچە ئاسنێکی ئاوزێڕ کـراو ئەوە نیشاندەدات، کە ٢٠٠٠ ساڵ بەر لە مەسیح لـەم ناوچـەیە ئەسـتێرە ناسی هەبووە، ئەمەش کـۆنترین و کـۆنکرێتترین ئامـاژە و لێکۆلینـەوەی ئەستێرەناسییە لە هەموو جیهان.

لـەم ناوچـەیە کۆمەڵـە گروپێکـی جیـاواز ژیـاوە کـە بـە زمـانی ئینـدۆ ئـەوروپی قـسەیان کـردوە، دوای بـۆ شـوێنی جیـاواز کۆچـیان کـردووە، بەشـێك لەمانـە لـە ئـەنتیك خـانی ئـەڵمانی مـاوە لـە ژێـر چـەمکی گێرمــانن(*Germanen*). گروپــەکانی تــر لــە ژێــر چــەمکەکانی: ئیندۆگێرمانی، ڤێندن.

لـه سـەردەمی ئیمپڕاتـۆری رۆمـی، کـه باشـوور و ڕۆژئـاوای ئـەڵمانیای داگیرکردبوو، له هەردوو زێ (دۆناو ، ڕایـن) بـۆ مـاوەی پێـنج سـەدە بـە (لیگیـۆنێر) واتـه سـەرباز ناسـرابوون، ئـەم سـەربازانه لـه زۆر ناوچـەی تـری جیهـان هـەبوون، وەکـو هیـسپانین، ئـیلیرن(ئـەلبانیا)، سـوریا، گالین(فەرنسا)، ئەفریکا. دوای جیابوونەوەی گروپـەکانی ئـەم ناوچـەیە و ڕۆیـشتنیان بۆشـوێنیتر، چـەند گروپێـك مانـەوە، وەکـو (زارمـاتن و هوننین) که ئەڵمانی ئەمڕۆن.

له ساڵی (٥٨) پێش مەسیح تا نزیکی ساڵی (٤٥٥)ی دوای مەسیح لای چەپی زێی ڕاین و باشووری زێی دۆنـاو لـەژێر دەسـەڵاتی رۆمـی بـوون، هەرێمـەکانی ئەوسـا (تریـر، کـۆلن، بـۆن، ڤـۆرمس، ئـاوگس بـۆرگ)ی ئەمڕۆن، کـه بـه کۆنترین شارەکانی ئـەڵمانیا دەژمێـردرێن. لـه سـەدەی شەشـەمەوە ناوەڕاسـتی ئـەوروپا کەوتـە ژێـر دەسـەڵاتی فەرنـسا، بـەڵام دوای مردنی قەیسەر، نەوەکانی ئیمپراتۆریەتەکایان بەسەر سێ ناوچـه دابەشـکرد، ڕۆژئـاوای فەرانـسا بـۆ خزمـەتکردن و بەرەوپێـشبردنی ئیمپراتۆری فەرنسی ، باشووری فەرەنسا، هـەروەها ڕۆژهـەلاتی فەرنـسا، کـه سـنووری زۆر لـه ئیمپراتـۆر رۆمـی نزیـك بـوو، لـه سـاڵی (٨٤٣) خـەریکبوو لەبـەر یـەك هەڵدەوەشـاوە، بـەڵام (لـودڤیش کـارل) تـوانی ئیمپراتۆرەکـه لـه ڕووخـان ڕزگـار بکـات و حوکمڕانیەکـه لـه دەسـتی فەرەنسییەکان بهێڵتـەوە و نـەوە دوای نـەوە دەسـەڵاتەکە بگوازنـەوە لـه (لۆتەری یەکەم بۆ کارل کالـه ، لـه کـارل دیکـن بـۆ ئـارنولف کـارنتن) تـا

دەگاتە (كۆنرادی یەكەم) لە ساڵی ٩١١-٩١٩ لە ژێر هەر دەسەڵاتێكیش كۆمەڵێك گۆڕانكاری ڕوویانداوە. لەم ساڵانە (هاینریشی یەكەم) دەركەوت دوای پاراستنی سنوورەكانی ژێر دەسەڵاتی فەرنسی لە هێرشی هەنگاری و سلافەكان، پاشان (ئۆتۆی یەكەم) هات و بەردەوام بوو لە شەڕكردن دژی هەنگارییەكان، بە پەنابردنە بەر كلێسە بۆ بەهێزكردنی دەسەڵاتی، ئەوەبوو لە شەڕی (لیشت فێلد) بە سەر هەنگارییەكان سەركەوت ، ئەم شەڕە بووە كاتژمێری لە دایكبوونی ئەڵمانەكان و هەڵسانەوە و دەركەوتنیان، لە نزیكەی ساڵی ٩٦٢ تا ١٨٠٦ دەوڵەتی ئەڵمانی دروست بوو، بەڵام لە چوارچێوەی ئیمپراتۆری ڕۆمی، كە پێی دەگوترا(ئیمپراتۆری ڕۆمی پیرۆز و نەتەوەی ئەڵمان)بە چەندین گۆڕانی گەورە تێپەڕی، هەروەها زووتریش لە ساڵی ٩٥٠ — ٩٦٣ چەند ناوچەیەك سەربەخۆی خۆیان وەرگرت و لە دەسەڵاتی ئیمپراتۆری ڕۆمی و فەرەنسی جیابوونەوە، لە پۆلۆنیاوە تا دەگاتە سەرووی ئیتالیا. بە خواستنی برازی قەیسەری ڕۆمی لەلایەن كوڕی ئۆتۆ كە دەكاتە (ئۆتۆی دووەم) كێشەكانی نێوانیان كەم دەبێتەوە، بەڵام لەم كاتە دژی عەرەبەكان دەكەوێتە جەنگەوە، لە ساڵی ٩٨٢ تووشی گەورەترین دۆڕان دێت و بۆ ماوەی دوو سەد ساڵ چەند ناوچەیەك لە دەست دەدەن. (ئۆتۆی سێیەم) ماوەیەكی كەم دەسەڵات دەگرێتە دەست و مردن ڕێگەی جێ بە جێكردنی پلانەكەی پێنادا بە سەر ئیمپراتۆری ڕۆمی .

## ساڵی ١٠٠٠ و کۆنگرەی (گیزن)

لەم کۆنگرەیەدا دەسەڵات دەکەوێتە دەسەت سەرکردەیەکی پۆلۆنی بە ناوی (بۆلیسلاوی یەکەم) لەم کاتەشەوە کێشە دروست دەبێت لە نێوان دەوڵەتی ئۆتۆ بە سەرکردایەتی (هاینریشی دووەم) و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (بۆلیسلاوی یەکەم). ئەم کێشانە بەردەوام دەبێت تا هاتنی قەشە(هیلدەگراد بینگن) بۆ گواستنەوەی دەسەڵات بۆ کڵسا لە ڕێگای (فریدریشی یەکەم) لەم سەردەمەش کۆمەڵێك کلێسە دروستکران بەشێکیشیان لە شەڕەکان ڕووخێنران، دوای مردنی (فریدریشی یەکەم) لەسوریا ساڵی ١١٩٠ (هاینریشی چوارەم) کوڕی فریدریش هاتە جێگەی.

سەدەی سێزدە و چواردە بە سەردەمی برسیەتی و نەهامەتی و ئاوارە بوون دەناسرێت دوای بڵاوبوونەوەی نەخۆشی بە هۆی ڕوودانی کارەساتی سروشتی، کە بووە هۆی مردنی بەشێکی زۆری دانیشتوانی ناوچەکە و ئاوارەبوون و کۆچکردنی جولەکەیەکی زۆر بەرەو وڵاتی پۆلۆنیا لەدەستی نەخۆشی و چەوساندنەوەی ئایەنی و هێرشی ڕاسیستەکان، هەروەها شەڕی نێوان پاپای و دەسەڵات بۆ بڕیاردان لە کۆشکی پاشایەتی.

هەر لەم سەردەمەش لە ساڵی ١٣٤٨ یەکەم زانکۆ بە زمانی ئەڵمانی لە پراگ دروستکرا.



مارتین لۆتەر

**ماکسیمیلیانی یەکەم – مارتین لۆتەر**

بەشداری کردنی ماکسیمیلیانی یەکەم لە ریفۆرمی ئیمپراتۆری رۆمـی بـەبێ پـرس یـا بـەبێ رەزامەنـدی پاپـا دەبێتـە هـۆی ئـەوەی چـیتر ئەڵمانەکان نـەتوانن لـە دەسـەڵاتی ئیمپراتـۆری رۆمـی بەشداری بکـەن، هـەروەها هێرشـی عوسمانیـەکان بـۆ سـەر ئـەوروپا هۆیـەکیتربوو، کـە رێگەی بۆ(مارتین لۆتەر ١٤٨٣-١٥٤٦)خۆشـکرد بـە (٩٥)تێـز داوای ریفـرۆم لە ئاینی مەسـیحی بکات، هـەوڵی مـارتین لۆتـەر چاکسازیکردن بـوو لـە

کلێسا، هەروەها دژی توندتیژی و بەزۆر سەپاندنی بیروباوەڕی ئاینی بوو، بە پێچەوانەوە پشتگیری لە ئازادی تاکە کەس دەکرد، وەکو دەڵێت: هەرگیز ناکرێت بە زەبروزەنگ کفر و گومڕای نەهێڵین، بەڵکو ئەم کارە پێویستی بە ئامرازی دیکە هەیە وەك دیالۆگ و بیروڕا گۆڕینەوە، ئەم بیروباوەڕەش بە (لۆتەری) ناسرا. دەسەڵاتیش لەبەر شەڕەکانی دەرەوە دژی فەرنسییەکان و ڕۆمەکان و عوسمانییەکان نەیتوانی ڕێگە لە ریفرۆم بگرێت، لە ساڵانی ١٥٢٢ – ١٥٢٦ وانەکانی مارتین لۆتەر لە ڕێگەی مامۆستاکان لە هەرێمەکان دەوترانەوە و بلاّودەبووەوە، دوای دژایەتی کردنی مارتین لۆتەر لەلایەن بڕای قەیسەر و هاندانی ئیڤەنگێلیەکان بۆ وەستاندنی ئەم بەرنامەیە، پرۆتستانیەت دروست بوو، ئەمەش بووە هۆی توڕەبوونی قەیسەر و هەڵگیرسانی شەڕ، قەیسەر توانی زۆر ناوچە داگیر بکات، بەلاّم پاشایەتی (ئاوگس بۆرگ) نە ڕووخا، هەروەها کلێسەی کاتۆلیکی هەڵسا بە ریفرۆمێك دژی ریفرۆمەکەی مارتین لۆتەر و داڕشتنی چەند بەند و بنەمایەك وەك گرتن و ڕەدوونانی هەموو ئەوانەی گومانیان هەیە، یا دژی بڕیارەکانی پاپان. ئینجا لە ساڵی (١٥٥٥)لە پەیماننامەی ئاشتی ئاوگسبورگ ڕێککەوتن و قبوڵی یەکتریان کرد بۆ ماوەیەك، بەلاّم بەهۆی بەردەوامی گەشەسەندنی پرۆتستانیەکان و بڕیارە یەك لایەنەکانی کاتۆلیکەکان بێ گوێدانە پرۆتستانییەکان، هەروەها کێشەکانی تری نێوان هێزە گەورەکان، شەڕێکی درێژخان لە ئەوروپا دەستی پێکرد.

## شەڕی سی ساڵە (١٦١٨-١٦٤٨)

تەقینەوەی شەڕەکە، بەهۆی فڕێدانی دوو کەس لە پەنجەرەی بورج دا لە سەر خیانەت کردن لە قەیسەربوو لە پراگ، بەلاَم جەوهەری شەڕەکە لەسەر ئاین و یەکسانبوونی ئاستی هێزەکان و مەغرور بوونی دەسەلاَتە رەهاکانی ئەوروپابوو، لە نێوان (ئیمپراتۆری رۆمی، فەرەنسییەکان و هاوپەیمانەکانی لە نێو ئەڵمانیا، نەمسا، ئیسپانیا، هۆلەندا، دانیمارك، سوید) شەڕەکان لەسەر ناوچەکانی ژێر دەستی ئیمپراتۆری رۆمی بوو، ئەمەش بووە هۆی لە ناوچوونی ژمارەیەکی زۆر مرۆڤ لە ئەوروپا بەهۆی ئەو شەڕە و پاشان برسیەتی و بلاَوبوونەوەی نەخۆشی، هەروەها زیانێکی زۆری ئابووری بەم ناوچانە گەیشت، کە شەڕی تێداکرا و بۆ ماوەی سەد ساڵ کاریگەری لە دوای خۆی جێهێشت، دوای سی ساڵ شەڕ و کاولکاری لە (ئاشتی ڤێستفالن) لە ٢٤ی ئۆکتۆبەری ١٦٤٨ کۆتای هات.



**فڕێدانی دوو کەس لە پەنجەرەی بورج لەسەر خیانەت**




**وێنەکێشانی کوشتارگەیەك لە لووتەر**

## (فریدریش ویلیام) و دەسەڵاتی ڕەها



دوای دارمانی ئابووری و لە ناوچوونی ژمارەیەکی زۆری مرۆڤ بە هۆی ئەو شەڕە درێژخایەنە، دەسەڵاتی رەها لە پرۆسیا دروست بوو بە سەرکردایەتی فریدریشی یەکەم، کە لە دواییدا بە پاشای پرۆسیا ناسرا. فریدریش توانی لەگەڵ نەمسا پەیوەندی دروست بکات و بەتەواوەتی لە دەسەڵاتی رۆمی جیا ببنەوە و سیاسەتی ناوەخۆ بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، بەڵام هێزێکی گەورەیان نارد بۆ خزمەتی ئیمپراتۆری ڕۆمی لەگەڵ دوو ملیۆن تالەر، بۆ ئەوەی رۆمەکان شەڕیان پێ نەفرۆشن،

هەروەها توانیان لە شەڕی (کالین بێرگ) لە ڤێنا (مستەفا قەرە)ی سەرکردەی عوسمانیەکان تێك بشکێنن.

بەڵام دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرنسا، نەمسا و ئەڵمانیا نەیانتوانی رێ لە هاتنی ناپلیۆن بگرن، دوای هەڵوەشانەوەی نەمسا لەنێوان سێ ئیمپراتۆر، ئەڵمانەکان گومانیان هەبوو لە پاراستنی وڵاتەکایان بەرامبەر هێزی ناپلیۆن، ئەوە بوو دەسەڵاتەکەیان بۆ

ناپلیۆن هەڵوەشاندەوە، ئەمش یەکەم هەڵوەشانەوەی نەتەوەی ئەڵمان بوو لە چوارچێوەی ئیمپراتۆری رۆمی کە (٨٤٢)ساڵی خایەند، ئەم سەردەمەش بە سەردەمی فەرنسییەکان ناسرا.

لە ١٦ ئۆکتۆبەری ١٨٠٢ بەرەیەك دژی ناپلیۆن دروست بوو، بەلاّم دیسان خۆیان ڕانەگرت و تەواوی ناوچەکانیان تا روسیا لە دەستدا. دوای شکستی ناپلیۆن لە روسیا، شۆڕش لە پرۆسیا ناوچەی (پاشایەتی ئەڵمانیا) دەستی پێکرد دژی ناپلیۆن لەگەڵ (زارەکان) کە روسەکان و هەروەها بولگاریا و سربیەکان دەگرێتەوە، پەیمانیان بەست، ئینجا دژایەتییەکە گەورەتربوو، بەریتانیا و نەمسا و سوید هاتنە نێو پەیمانەکە و توانیان لە ساڵی (١٨١٣) لە لایپزیك ناپلیۆن تێك بشکێنن، لەم کاتەش ولاّتەکانی سەر زێی (راین) بڕیاری شەڕی ئازادکردنیاندا دژی ناپلیۆن، لە ساڵی (١٨١٤) ناپلیۆن دانی بە ژێرکەوتنی خۆی هێنا و هاوپەیمانان چوونە ناو پاریس، هەرچەندە دوای ساڵێك هەمدیس ناپلیۆن دەسەلاّتی گرتەوە دەست، بەلاّم لە شەڕی (واترلۆ) لە لایەن بەریتانیا و ئەڵمانیا بۆ دواجار لە ساڵی (١٨١٥) ڕووخێنرا، لەم سەرکەوتنە هەستی نەتەوایەتی ئەڵمانی بەتەواوەتی دروست بوو، (نیتچشە)ی گەورە فەیلەسوفی ئەڵمانیش شانازی بەم بەهێزبوونەی ئەڵمانیا دەکات.

## پێش مارسی ۱۸۱٥ — ۱۸٤۸

(مێتەرنیش)ی نەمساوی کە لە (فرانکفۆرت ئەم ماین) دادەنیشت و ناوچەکەی بەڕێوەدەبرد، جولانەوە سیاسییەکانی قەدەغەکرد، بەرامبەر بەمەش شۆڕش و خۆپیشاندانەکان زیاتربوون، گرینگترینیان لە ساڵی (۱۸۱۷) کە ۳۰ هەزار قوتابی بەشداری تێداکرد، ئامانجی سەرەکیان یەکگرتنەوەی هەرێمەکان بوو. دوای هێور بوونەوەی باری ناوەچەکە، بووژانەوەی ئابووری دەستی پێکرد، بە تایبەتی لەکاتی دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر، کە جوولانەوەیەکی پیشەسازی بەهێزی لەگەڵ خۆی هێنا. لە فێبریوەری ساڵی (۱۸٤۸) شۆڕش لە فەرەنسا سەریهەڵدا و گەیشتە ئەڵمانیا و لە مارس شەڕی شەقامەکان لە نەمسا دەستی پێکرد، لە ۱۳ ی مارس (مێتەرنیش) بەرەو بەریتانیا ڕایکرد. لە پرۆسیاش (فریدریشی پێنجەم) لە ژێر پاڵەپەستۆی میللەت داوایکرد کار بۆ دانانی دەستور و هەڵبژاردن بکرێت لە هەرێمەکان، دوای ماوەیەکی کەم هەڵبژردن لە هەموو هەرێمەکان دەستی پێکرد، خەڵکی لیبراڵ و کۆماری و کۆنزەرڤاتیف، هەروەها خەڵکی ئەکادیمی و لێوەشاوە چوونە پەرلەمان، بەڵام کرێکار و جوتیار نەیان توانی بەشداری پەرلەمان بکەن. لە ۸ی مای حکومەتی ناوەندی دروست بوو ، هەموو میرەکانی ئەڵمانیا قبووڵی ئەم واقیعەیانکرد.

یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ دیاریکردنی سنوورەکانی ئەڵمانیای گەورە تەرخانکرا، بەڵام نەمسا کە نزیکترین هاوپەیمان و هاوزمانی ئەڵمانیابوو بە سنووری ئەڵمانیای بچوك رازیبوو.

لە ٢٨ی مارسی ١٨٤٩ کڵێسەی (پاولس) بریاری لەسەر دەوڵەتێکی یەکگرتوو لە ژێر حکومەتێکی ناوەندی، کە قەیسەر و ئەنجومەنی نوێنەران بەڕێوەی بەرن، بەڵام دوای رەتکردنەوەی تاجی پاشایەتی لە لایەن (فریدریش ویلیامی پێنجەم) هەرێمەکان نوێنەری خۆیان کێشایەوە و سەرهەڵدان و خۆپیشاندان دەستی پێکرد، لە شتوتگارد چەند نوێنەرێك کۆبوونەوە، بەڵام کۆتای بە هەموو ئەمانە هات و دەستور جێ بە جێ نەکرا و پەشێوی دروست بوو خەڵکێکی زۆر ئاوارەی ئەمریکابوون.



**ئۆتۆ بسمارك**

بە ڕابەرایەتی بسمارك جارێکیتر هەرێمەکان یەکیان گرتەوە، بۆ جاری یەکەم پۆلیسی بە نێو شارەکان بلاّوکردوە، بە پشتگیری قەیسەر کاری سیاسی ئازاد کرا و بسمارك کرا بە سەرۆکی حکومەت، لە سالّی (١٨٦٣) فردیناند لاسالّە کۆمەلّەی کرێکارانی ئەلّمانیای دامەزراند و هەر لەو سالّەش پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەلّمانیا(spd) دروست بوو، کە تا ئەمڕۆ بەردەوامە. بسمارك توانی لە شەڕەکانی لەگەلّ دانیمارك و نەمسا و فەرەنسا سەرکەوتن بەدەست بێنێ و تەواوی هەرێمەکان بخاتەوە سەر ئەلّمانیای یەکگرتوو، دەستور، مافی ڤیتۆی بۆ قەیسەر دانا لە هەرێمەکان، بسمارکیش بەرەیەکی دژی کلّێسا پێکهێنا بۆ دوورخستنەوەی لە دەسەلاّت، هەولّیدەدا حکومەت بە دامودەزگا بکات،

دەستی کرد بە جێ بە جێکردنی یاسای سۆسیالیستی، یەکەم کاری دامەزراندنی دڵنیایی تەندروستی بوو لە ساڵی (١٨٨٣) هەروەها دڵنیایی ڕووداو ساڵێك دواتر و ئینجا دڵنیایی خانەنیشین. لە ساڵی (١٨٧١) ئەڵمانیای گەورە بۆ یەکەم جار بە فەرمی تایتلی قەیسەری وەرگرت.

## شەڕی یەکەمی جیهانی

دوای کوشتنی (فرانس فێرینانـد)ی واریسی مەلیکی نەمسا لە سەرایڤۆ لە ١٩١٤ شەڕێکی گەورەی سەرتاسەری هەڵگرسا، دوای وێرانێکی بێ وێنە لە ئۆکتۆبەری ١٩١٨ کۆتای هات و ئەڵمانیا ناچارکرا قەرەبووی جەنگ بکاتەوە. ئەمەش بووە هۆی نارەزای لە ئەڵمانیا و دەست لە کارکێشانەوەی سەرۆکی حکومەت (ماکس لە بادن) بەرامبەر خۆپیشاندانی قوتابیانی هێزی دەریایی، دوای ئەمە قەیسەریش خۆی ڕانەگرت و بەرەو ئیکزیل ڕۆیشت.

حکومەت درایە دەست (فریدریش ئێبەرت) دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ (فلیپ شایدەمەن)ی سۆسیال دیموکرات، کۆماری ڕاگەیاند و ڕۆژی دواتر حکومەت و ئەنجومەنی نەتەوەیی پێکهێنراو، چەند یاسایەك بریاریان لە سەر درا لەوانە ماڤی ژن لە هەڵبژاردن و هەشت کاتژمێر کارکردن، لەبەر خۆپیشاندانی کۆمەنیستەکان و دامرکاندنەوەی بە شێوەیەکی توندو تیژ، حکومەت ناچاربوو کۆبوونەوەکانی لە بەرلین

بگوازێتەوە بۆ (ڤایمارەر) لەوێش کار لەسەر دەستورکرا و بریاردرا کە ئەڵمانیا وڵاتێکی پەرلەمانی دیموکراتیە، خاوەن سەرۆك کۆمارێکی بەهێزە، بەلاّم دەتوانرێت بە زۆرینەی دەنگ لاببرێت. لە ساڵی ١٩٢٠ کودەتای (کاپ) کرا و قوربانیەکی زۆری لێکەوتەوە و پارتی توندڕەو زۆرینەی دەنگی بەدەست هێنا. لە کۆبوونەوەی (مونشن) ساڵی ١٩٢٢ هێزی کۆنزەرڤاتیڤەکان دەرکەوتن لە نێو ئەوانیش (ئەدۆلف هیتلەر) کە دژی ئەوەبوو ئەڵمانیا قەرەبووی جەنگ بکاتەوە، لەسەر ئەم دژایەتیکردنە چەند مانگێك کەوتە زیندان، بەلاّم لە دادگا بە وتەیەك ئازادکرا، کە گوتی: "ئەو کەسە بۆ تاوانبارە ئەگەر دزی لێکرابێت و بچێت شتەکانی خۆی لە دزەکان بستێنێتەوە".

## ناسیۆنال سۆسیالیزمۆز و کوشتنی مرۆڤی بێ سود



هێلی سەرەکی تایبەت بۆ لە ناوبردنی جوولەکەکان لە (ئاوشڤیتس- بیرکیناو)

لە ٣٠ی یانۆوەر ١٩٣٣ سەرۆکی ئەڵمانیا (پاول هیندنبێرگ) ئەدۆلف هیتلەری بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەتەکەی دەست نیشانکرد، لەو کاتەوە ناڕاستەوخۆ کۆتای بەو کۆمارە هات، کە لە (ڤایمارەر) ڕاگەیاندرا و دکتاتۆریەت دەستی پێکرد، یەکەم هۆکاریش بۆ هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی داگیرکردنی پۆلۆنیابوو، گەورەترین کارەساتی مێژووی مرۆڤایەتی لەم شەش ساڵەی جەنگدا، شەست ملیۆن قوربانی لێکەوتەوە، لەوانە شەش ملیۆن جولەکە بەدەستی نازیەکان بە بەرنامە لەنێوبران، ئەمە هەمووی لە ئەنجامی بیر تەسکی ناسیۆنالیستی نەتەوەی سەریهەڵدا بە دابەشکردنی نەتەوەکان بەسەر پلەی جیاواز وەك (مۆرڤی ژێرەوە یا مرۆڤی بچوك)، هەروەها پرۆگرامی (توتانازی) بۆ لەنێو بردنی مرۆڤی کەم ئەندام و نەخۆش و پیر، کە ئەمانەیان

ناونـابوو مرۆڤـی بـێ نـرخ و بـێ سـوود، لـە ڕێگـای دەرمـانی تایبـەتی دەیانکوشتن. بەڵام دوای شکستهێنانی ناسیۆنالیستی ئـەڵمانی بەرامبـەر بە جیهانی کراوە، هیتلەر نەیتوانی ئەمە قبـوڵ بکات و دوای نووسـینی تێـستەمێنتەکەی خـۆی کوشـت، دوای ئـەوەیش هاوبیرەکـانی (کـارل دۆیـچی جێگـری ، یۆزیـف گـۆیبلس و هـاینریش هیملـەر) سـەرکردەی سەربازی بوون خۆیان کوشت.

لـە سـاڵی ١٩٤٥ نازیـەت لـە نێوچـوو، هێـزی سـەربازی لـەو وڵاتـە قەدەغـەکرا، حکومـەتی ناوەنـدی نـەما، تـەواوی ئـەڵمانیا وێرانبـوو، ئـەڵمانیا داگیرکـراو بەسـەر چـوار پارچـە دابەشـکرا، بـەرلین بـوو بـە ناوچەیەکی هاوبەش لە نێوان هـەر چوار پارچـە، ژمارەیـەکی خـەیالی مرۆڤ بوونە قوربـانی. لـە ساڵی (١٩٤٧) مارشـاڵ پـلان جـێ بـەجێکرا بـۆ دروستکردنەوەی ئەڵمانیا.



## ١٩٤٩- ١٩٩٠ دروست بوونی دوو دەوڵەت

یەکەم کارکردنی هاوپەیمانەکان دامەزراندنی کۆماری یەکگرتووی ئەڵمانیای رۆژئاوابوو، بەشی رۆژهەلاتی ئەڵمانیا، کە لەژێر پالەپەستۆی سۆڤیەت بوو رەتیکردەوە و بەرامبەر ڕۆژئاوا، کۆماری دیموکراتی ئەڵمانیای راگەیاند. لە رۆژئاوای ئەڵمانیا بەردانی دیلەکانی جەنگ و هەڵبژاردنی پەرلەمان و دانانی سەرۆك(تیۆدۆر هۆیس) و سەرۆك حکومەت(کۆنراد ئەدەناوە) لە ماوەیەکی کورت جیێ بە جێکران. هەر لەم ساڵە پارتی سۆسیال-دیموکرات خۆی لە ئایدیۆلۆژیای مارکیسی جیاکردەوە بۆ ئەوەی بتوانێت بەشداری هەڵبژاردنەکان بکات. گەشەکردنی ئابووری ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و باش بوونی گوزەرانی خەڵکەکەی، بووە هۆی هەلاتنی دانیشتوانی ناوچەی



**دیواری بەرلین ١٩٦١- ١٩٩٠**

ئـەڵمانیای ڕۆژهـەڵات بـەرەو ڕۆژئـاوا، ئـەمش هۆکارێـك بـوو بـۆ دروسـتکردنی دیـواری بـەرلین لەسـاڵی ١٩٦١ ،دوای ٣١ سـاڵ دابـڕان لـە ٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٠ دیوارەکە ڕووخێنرا و هەردوو پارچە یەکیانگرتەوە.

بەشـی ڕۆژهـەڵاتی ئـەڵمانیا بـە قۆنـاغێکی مێـژووی جیـاواز تێپـەڕی بەرامبەر ڕۆژئاوا، وەکو وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بـوو، بـە تایبـەتی

ئەو ولاّتانەی کاریگەری سیایەتی سۆڤیەتیان بەسەرەوە بوو لە ڕووی سیاسی و بەڕێوبردنەوە، لە هەڵبژاردنەکان ڕێژەیی ۹۹،۳٪ دەهات.

لە ١٥ی مارسی ساڵی ١٩٩١ جارێکیتر بە یەکگرتووی سەرەوەری بۆ ئەڵمانیا گەڕایەوە و پایتەختی لە (بۆن) گواستەوە بۆ (بەرلین) و بووە خاوەن قەراری یەکگرتوو خۆی، بەلاّم لە بەندەکانی ٥٣ و ١٠٧ ی نەتەوە یەکگرتوەکان تا ئەم دواییانە بە ولاّتێکی شەڕ فرۆش دادەنراو نە چوو بووە دەرەوە و نەیدەتوانی لە ٣٧٠ هەزار سەربازی زیاتری هەبێت.

## سیستەمی خوێندن لە ئەڵمانیا

خوێنـدن لـە ئـەڵمانیا بەرپرسـیارەتی لـە ئەسـتۆی هەرێمەکانـە بـە هاوکاری وەزارەتی رۆشنبیری ئەڵمانیا. لە هەموو هەرێمێك خوێندن لە سـەرەتاوە تـا نـۆ سـاڵ یـاخود ١٣ سـاڵ تەوزیمیـە، نـۆ سـاڵ لـە قوتابخانـە گشتیەکان، پاشان بە پێی پلـە دەچنە قوتابخانـە پیـشەییەکان. زۆربـەی هەرێمەکان یەك سیستەمی خوێندنیان هەیە، تەنیا لە ساڵێك خوێنـدن هەندێکیان جیاوازن، لـە هەنـدێکاین ١٢ سـاڵە خوێندنـە پـێش زانکـۆ لـە هەندێکی تر ١٣ ساڵە.

هەر لە دوو ساڵییەوە منداڵ دەتوانێت بچێتە باخچەی ساوایان، بـەڵام بـە زۆری نییـە تـا چـوار سـاڵی، لـە شـەش سـاڵیش دەچێتە قوتابخانـەی سـەرەتای، ئەگـەر دایـك و بـاوکیش داوا بکـات منداڵەکـەی سـاڵێکی تـر درەنگتر بچێتە قوتابخانەی سەرەتای دەتوانێت، دوای چوار ساڵ بە پێـی پلـەکانی دەچـێتە ئامادەییـەکان: ئامـادەیی سـەرەکی(هاوپیـت شـولە) ئامـادەیی هـەفیقی(ریـال شـولە) گیمنـازیۆم، ئامـادەیی هـەموو(گزامـت)، ئەمانـە ئامـادەیی پلـەی یەکـەم، ئامـادەیی پلـەی دووەم قوتابخانـەکانی (پیشەیی، بنیاتنانی پیشەی، پسپۆڕی بـەرز، ئامـادەیی بـەرزی پیـشەیی. هەر چوار ئامادەی پلەی یەکەم، دەبێت ئەم پلانە ببڕن ئینجا دەتـوانن

خۆیـان لـە زانکـۆ و ئـەکادیمیاکان نـاونووس بکـەن، تـەنها گیمنـازیۆم نەبێت، کە یەکسەر دەچێتە قوتابخانـەی بـەرزی پـسپۆڕی و لـەوێش بـۆ زانکۆ، هەروەها هەر چوار ئامادەیی پلەی یەکەم دەتوانن بچنە پەیمانگا پیشەییەکان بە تیـۆری و پراکتیکی، کـە هەفتـەی دوو ڕۆژ دەخـوێنن و سێ ڕۆژیش لە کۆمپانیاکان پراکتیکییە.

جگە لەمانە بۆ بێ کارەکان بەڕێوەبـەریاتی کـار هـەلی پیـشەیەکی تـر لەسـەر ئـەرکی خـۆی دابـین دەکـات و بـە شـێوەیەکی ئارەزومەندانەیـە دەتـــوانن بـــەردەوامی بـــە خوێنـــدن بـــدەن و دانـــەبڕێن. پـــەیمانگا پیـشەییەکان زیـاتر لـە هـەزار و چوارسـەد پیـشەی هەیـە، کـە هـەموو کەسێك بە پێی توانا و تەمەن دەتوانێت خۆی ناونووس بکات.

هەروەها قوتابخانەی تایبەتی هەیە، بۆ ئەو قوتابیانەی کەم ئەنـدامن چ جەستەیی بێت یا عەقڵی یا ئەوانەی بـە باشـی پـەروەردە نـەکراون و سەرەڕۆن و پابەند نابن بە سیستەمی ئاسـایی، ئەوانـەش دەتـوانن دوای چـاك بوونـــەوە بگەڕێنـــەوە بـــۆ قوتابخانـــەی ســـەرەتایی و ئامـــادەیی، هەروەها بە پێچەوانەوە.

## کۆمەڵگا و سیستەمی کۆمەڵاتی

ئـەڵمانیا یەکێکـە لـەو ولاّتانـەی کـە توانیویـەتی کێـشە کۆمەڵاّتیـە بنەڕەتیەکان و جیاوازی چینایەتی و جیاوازی رەگـەزی نـەهێڵێت بـەو سیـستەمە پێـشکەوتووەی، کـە زۆربـەی مافـەکانی هاولاّتیـانی پێـدابین کـردوە بـە شـێوەیەکی یەکسان، کـە لەسـەردەمی قەیـسەری دانـراوە و بەردەوام دەوڵەمەنـدکراوە بـە یاسای تـازە، ئەمـەش لـە رێگای دڵنیـایی کۆمەڵاّیەتی(سۆسیال فێرزیشەرونگ)، کـە هـەموو کەسـێکی خـاوەن کـار (کرێکـار، کارمەنــد، خـاوەن کۆمپانیاکـان) دەبێـت ئەنـدام بێـت لـەو دڵنیاییە و مانگانە بڕە پارەیـەکی دیاری کـراو بـدات، کـە لەسـەر پێـنج سـتوون دانــراوە: یەکــەم دڵنیــایی نەخۆشــی. دووەم دڵنیــایی رووداو. سـێیەم دڵنیـایی خانەنـشین. چوارەم دڵنیـایی بێکاریی و بـەخێوکردن. هەروەها بۆ ئەو کەسانەی کە بـەردەوام بـێ کـارن یـا نـاتوانن کـار بکـەن لەبەر هەر هۆیەك بێی(نەخۆشی، پیری، تەمبـەڵی، نەخوێنـدەواری، بـێ ناسـنامەیی .. هتـد، سیـستەمی سۆسـیالی هەیـە بـۆ گـرەنتی ژیـانی ئـەو کەسانە. بەلاّم دوای ئەم هەموو شتەش خەڵکێکی زۆریش هەیە بێ مـاڵ و حاڵە و ژیانی زۆر دژوارە، ئەمەش بەهۆی دەرچوونە لەم سیستەمە.

## زمانی ئەڵمانی (ئەڵمانی)

## *Deutsche Sprache(Deutsch)*

بەو زمانە دەگوترێت : دۆیتش، کە پێشتر پێیدەگوترا : تیۆدیسك یا دیوتشیو.

زمانی ئەڵمانی لە لقی ڕۆژئاوای زمانە گێرمانیەکانە، کە ١٥ زمانن لە خێزانی زمانی (ئیندۆگێرمانی) دروست بووە، زمانە گێرمانیەکان زمانی دایکی ٥٠٠ ملیۆن کەسە و زمانی دووەمی ٧٠٠ ملیۆن کەسە، زمانی ئەڵمانی وەکو هەموو زمانەکانی تر بەچەندین قۆناغی مێژووی تێپەڕیوە، هەروەها چەند زمانێکی تری لە نێو تواوەتەوە وەك(مۆزیل ڕۆمانی، پۆلابی). شێوەزار و دیالێکتەکانی ئەم زمانە :

شێوەزاری خواروو، شێوەزاری ناوەڕاست. دیالێکتی سەروو، دیالێکتی ئالەمانەکان، دیالێکتی فرانکەکان، دیالێکتی بایرن، هەروەها چەند دیالێکتی بچوکیتر هەن وەك (زاکسنی سەروو خواروو، تورینگن)

سەرەتای دەرکەوتنی زمانی ئەڵمانی وەکو زمانی نەتەوەی ئەڵمان دەگەڕێتەوە بۆساڵی ١٠٩٠ لە ئانۆلید لە کڵێسەی زیگبۆرگ بووە بە زمانی فەرمی ئەو ناوچەیە، کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئەڵمانیا. سەرەتای گەشەکردنی ئەو زمانە، بۆ تێکەڵ بوونی شێوەزارەکانی سەروو

ناوەڕاست دەگەڕێتـەوە کـە نووسـینی پـێ نووسـرابێت و بووبێتـە شـێوە ستاندارتێك.

**قۆناغەکانی زمانی ئەڵمانی :**

**ساڵی ٧٥٠ تا ١٠٥٠ ستاندارتی ئەڵمانی کۆن.**

**ساڵی ١٠٥٠ تا ١٣٥٠ ستاندارتی ئەڵمانی ناوەڕاست.**

**ساڵی ١٣٥٠ تا ١٦٥٠ ستاندارتی ئەڵمانی پێش نوێ.**

**ساڵی ١٦٥٠ تا ئێستا ستاندارتی ئەڵمانی نوێ.**



زمانی فەرمی ئەڵمانیا زمانێکی ستاندارتی سەرتاسەریە، هەر چـەندە لە دیالێکتی سەروو ناوەڕاست دروست بووە، بەڵام هـەموو هەرێمـەکان و

زۆرینــەی دانیــشتوانی بــەم زمانــە قــسەدەکەن بــەردەوامیش خزمــەت دەکرێــت و لەگــەڵ پێــشکەوتنی کۆمەڵایــەتی و ئــابووری و پیــشەسازی تەکنۆلۆژی دا پێشدەکەوێت، دیالێکت و شـێوەزار تـا ئێـستا مـاوە، بـەلاَم بەشــێوەیەکی گــشتی زۆر کــەم قــسەی پێــدەکرێت، لــە زۆر هــەرێم قـسەکردن بـە شـێوەزار شـتێکی عەیبـەو نیـشانەی بـیر تەسـکییە و بـە زمانی سوك ناوی دەبەن، بە تایبەتی باکووری ئەڵمانیا، بەلاَم لە هـەمان کاتــدا لــە باشــووری هــەمان ولاَت خــەڵکی ئــەکادیمی و ڕۆشــنبیر بــە شێوەزاری خۆیان قسەدەکەن.

زمـانی ئـەڵمانی هـەر لـە سـەردەمی گێرمانـەکان تـا ئێـستا بـەردەوام نەتــەوەی تــر هاتوونەتــە ناوچــەکەیان و زمــانی نەتــەوەی خۆشــیان هێناوەتــە ناوچــەکە، لــە (ڕۆم و هونەکانــەوە تــا ڕووس و تورکــەکان) بەلاَم بەهێزی نەتەوەی ئـەڵمان و زمانەکـەیان توانیویـەتی بـە زنـدووی بمێنێتەوە و سـوودیش لـەم زمانانـە وەرگرێـت و گـەورەتربێت و ببێتـە زمانی فەرمی حەوت ولاَت و هەرێم، جگە لە ئـەڵمانیا(نەمـسا، سویـسرا، لیشتنشتاین، لۆکسەمبۆرگ، بـەلجیکا، تۆرینـۆ، لۆترینگن) هـەروەها بـە یەکێك لە حەوت  زمانە گرینگەکانی جیهان دەژمێردرێت.

## ئاین (*Religion*)



وینەی ئۆدین لە سەدەی ٧

پێش بە مەسیحیکردنی گروپ و نەتەوەکانی گێرمان، خاوەن باوەڕ و خودای تر بوون، هەر لە سەرەتای دروست بوونی گروپ و کۆبوونەوە و نیشتەجێبوونیان لە ولاّتی ئەڵمانیای ئەمڕۆ، بڕوایان بە خودای جیاواز هەبووە و بۆ هەر مەبەستێك خودایەکیان هەبووە و قوربانیان بۆ کردووە بە ئاژەڵ و بە مرۆڤ و شتومەك، شوێنی تایبەت بە قوربانیان هەبووە. (بالدور) کە خودای ڕوناکی و بەهار و جوانی و پەند بووە، (دۆنار) خودای دەست بە چەکوش بۆ لە ناوبردنی دوژمن، (فۆسێت) خودای دادوەری، (فرۆ) خودای ئاشتی، لە هەموویان گەورەتر (ئۆدین) بوو کە باوکی خوداکانیان پێدەگوت، خودای تەواویی گروپ و

نەتەوەکانی گێرمان بوو، ئۆدین خودای مردن و شەڕ و سەرکەوتن و هونەر بوو، جیاوازی ئەم خودایە ئەوەبوو، ئەسپەکەی هەشت قاچی هەبووە لەگەڵ دوو گورگ (فریکی) زۆرخۆر و (گیری) چاوبرسی، هەروەها خاوەنی دوو قەلەڕەش بووە (هوگین) بۆ فیکر و ڕەئیی و (مونین) بۆ زاکیرە، ئەم دووانە پێش بینی هەموو شتێکیان دەکرد و بە گوێی ئۆدینیان دەچرپاند. ئەم خودایانە تا هاتنی مەسیحیەت و دواتریش بە چەند سەدەیەك بوونیان هەبووە، بەلاّم دوای بە مەسیحیکردنی باشووری ئەسکەندەنافیا بە یەکجاری لە ناوچوون. ئەم جیاوازییە لە خوداکان وایکرد دواتریش جیاوازی باوەڕ دروست بێت لەم ولاّتە، کە تا ئیستاش بەردەوامە، بۆ نمونە (مارتین لۆتەر) لە ساڵی (١٥٢١)ئینجیلی وەرگێڕا سەر زمانی ئەڵمانی و پاشان دەستکاری ناوەڕۆکەکەی کرد بە ناونیشانی (بەزەیی خودا) ئەمەش بووە هۆی دروست بوونی (پرۆتستانی) و جیابوونەوەیان لە کلێسەی کاتۆلیکی ڕۆما. جیابوونەوەی ئاین لە دەوڵەت لە ئەڵمانیایی ئێستا بۆ مارتین لۆتەر و ئینجا بسمارك و ئەوانی تر دەگەڕێتەوە، ئێستا بیروباوەڕی ئاینی و هەڵبژاردنی هەر یەکێکیان لەلایەن دانشتوانەکەی مافێکی بنەڕەتیە بۆ هەر تاکێك و ئازادییەکی ڕەها هەیە، کارکردنی کلێسەکان لە لایەك و دەوڵەتی عەلمانی لە لایەکی تر، جگە لە قبوڵکردنی یەکتری و ڕێزگرتنی یەکتری هیچیتریان نیە، بەڵکو هاوکاری یەکتر دەکەن بە تایبەتی کلێسەکان چەندین باخچەی ساوایان و قوتابخانە و

نەخۆشخانەیان دروست کردووە. بەشێکی زۆری مەسیحیەکانی ئەڵمانیا کاتۆلیکی ڕۆمی و ئیڤەنگیلی و پڕۆتستانین بەشێکی کەمیش ئەرسەدۆکسین ئەوانەی تریش ئەپۆستۆلی نوێ و شاهێدەکانی یۆڤاس و مەسیحی سەربەخۆ و یەهودی و بودای و ئیسلامن...، بەڵام بەشی هەرە زۆری ئەڵمانەکان بێ ئاینن.



**وینەی ئۆدین، لە ساڵی ١٨٨٨**

## کولتور - *Kultur*

تاکو سەدەی ١٩ کولتوری تایبەت بە نەتەوەی ئەڵمان بوونێکی ئاوای نەبوو، بەڵکو لە چوارچێوەی کولتوری تێکەڵی ئەوروپی بوو، هەروەك چۆن زمانیشیان تێکەڵ بوو، لە کۆتای سەدەی ١٨ و سەرەتای سەدەی ١٩ توانرا بە تەواوەتی کولتوری ئەڵمانی بناسرێت و پێناسە بکرێت لە سنووری خاك و زمانی.

زۆر لە کەسایەتییە ناسراو داهێنەر و دروستکەرانی کولتور لە سەردەمی خۆیان وەك ئەڵمان نە ژمێردراون بە لێکدانەوە و بیرکردنەوەی ئێستا بۆ کەسێکی ئەڵمان، بەلاّم گومان لە ئیدەنتێیتی ئەڵمانی ئەوان نییە و ناکرێت، بەشێکی زۆر لە داهێنەر و بیرمەندەکانی ئەڵمانیا لەبەر هۆکاری سیاسی و ئاینی لەو ماوەی تێدا ژیاون، تووشی ئاوارەیی و هەلاّتن و ڕەدونان بوونەتەوە و رویانکردۆتە ولاّتانی تر، هەندێکیان بوونەتە هاولاّتی ولاّتێکی تر و هەندێکیشیان هەر بە پەنابەریەتی ماونەتەوە وەك (کارل مارکس، فریدریش ئینگلس، هاینریش هاینە، کورت توشۆلسکی، تۆماس، هاینریش مان، ئاینشتاین، هانا ئارندت). لە پێش ساڵی ١٨٧١ لەبەر نەبوونی دەوڵەتی نەتەوەایەتی و کیانی سەربەخۆ و تێکەلاّوی کولتورەکان چەمکی ولاّتی شاعێران و بیرمەندان بەکاردەهات.

له دەستپێکی سەدەی بیستەم ئەڵمانەکان بە نەتەوەی داهێنەر ناویان دەهات و لە پێش هەموو وڵاتانی جیهان بوون لە داهێنانی زانستی و کولتوری، بەڵام دوای بەهێزبوونی ناسیۆنال سۆسیالیستەکان و هاتنە سەر حوکم، ئەم بار و واقیعە تێکشکا و کۆتای بەو زینجیرە نەپساوەی داهێنان هات، هەرچەندە دوای ئەم دابڕان و تێکشکانەش وردە وردە بەردەوام بوو، کەچی هەر نەیتوانی بە تەواوەتی لە ژێر ئەم بارە تازەیەی ناسیۆنالیستەکان دروستیانکردبوو بێتە دەرەوە، کە تائێستاش لە هەندێك لایەن شوێنەواریان ماوە. گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی زمان و کولتوری ئەڵمانی لە جیهان بە پێچەوانەی وڵاتانی تری ئەوروپا و ئەمریکایە، کە لە رێگای داگیرکردن بووە بە شێوەیەکی گشتی، بەڵام ئەڵمانیا زۆرتر لە ڕێگای (گۆتە ئینیستیتوت)بووە کە بنکەی ڕۆشنبیری لە ١٢٨وڵات هەیە و کار بۆ زمان و کولتوری ئەڵمانی دەکات، کاریگەری ئەم کولتورەش بە ئیجابی وەرگیراوە بەپێی ئاماری (بی بی سی) کە لە ٢٢ وڵات ئەنجامیدا، لە سەدا ٥٦ بەشتێکی باشی دەزانن و لە سەدا ١٨ بە نێگەتیڤ سەیری دەکەن.


ئالبرێشت دورێر


ئاینشتاین


کارل مارکس

## فەلسەفە و ئەکادیمیا

لە ئەڵمانیا فەلسەفە بەرامبەر مێژوو زۆر درنگ دەستی پێکرد، بەڵام لە پێشخستنی فەلسەفەی ئەوروپی بەردەوام پشکی هەبووە. سەدەی ١٨ — ١٩ سەدەی ئەڵمانەکان بوو لە فەلسەفە، ئەمەش خۆی هەر تەنها لە زمان و ناوەڕۆك نەمایەوە، بەڵکو هاتنە ناوەوەی فەیلەسوف بوو بە تێمەی تازە، بەڵام نەبووە دیاردەیەکی جیهانی، بەڵکو زیاتر هەر لە ئەکادیمیا مایەوە بۆ ماوە و زەمەنێکی زۆر.

سەردەمی (کارلی گەورە) بە گرینگترین قۆناغی دەست پێکردنی فەلسەفەی ئەڵمانی دادەنرێت، لە کڵێسە و قوتابخانەی ناو کۆشکەکان لە ڕێگای زمانی لاتینی، (ئاڵبەرت ماگنوس) لەو سەردەمە وەك گرینگترین فەیلەسوفی ئەڵمانی دەرکەوت لە ژێر کاریگەری قوتابخانە فەلسەفیەکانی ئەوروپا. بەڵام یەکەم بیرمەندی ئونیڤێرزالی ئەڵمانی (لایبنز) بوو لە سەدەی ١٧ لە بەرلین، یەکەم قوتابخانەی فەلسەفی دامەزراند بۆ دروستکردنی جیهانێکی ئارام و پڕ لە هارمۆنی لە نێوانی فەلسەفەی عەقلانی (دیکارت) و پیرۆزی ئاین. فەلسەفەی ئەڵمانی، کە ڕەگەکەی لە فەرەنسا و ئینگلتەرا هاتووە، تەواوکەری فەلسەفەکانی سەدەی ١٧ یە و بەناوبانگترین و دیارترین بەشدار بووەکان (کریستیان تۆماسیۆس، کریستیان ڤۆلف، لێزینگر، هێردەر، تا دەگاتە کانت) لە نێو ئەمانەش کریستیان تۆماسیۆس ١٦٨٠ کە بە زمانی ئەڵمانی وانەکانی

دەوتـــەوە و رەتـــدەکرد، داوای لـــە قوتـــابی و خوێنـــەرەکانی دەکـــرد سـەربەخۆ بیربکەنـەوە و بیرکردنـەوەی تایبـەت بـە خۆیـان هـەبێت بـۆ ژیـــان، ئەمـــەش پێـــچەوانەی قوتابخانـــە ئاینیـــەکان بـــوو. دوای ئـــەو فەلسەفەی کانت دێت کە بە چوار پرسیاری سێنترالی دەست پێدەکات:

یەکەم: من دەتوانم چی بزانم ؟

دووەم: من دەبێت چی بکەم ؟

سێیەم: من دەتوانم هیوام بە چی هەبێت ؟

چوارەم: مرۆڤ چیە ؟

کانتی قوتابی لایبینز و نیوتن (ئیمانوئیل کانـت ٢٢ ئـەپرێلی ١٧٢٤ لـە کۆنیگسبێرگ لە دایك بووە و لە ١٢ فێبرێـوەری ١٨٠٤ لـە ئێبێنـدا کۆچـی دوای کـــردوە) بـــەدوای وەڵامـــی ئـــەم پرســـیارانە لـــە نێـــو ســـێ کـــارە رەخنەییەکەی دەگـەڕێت، کـە ئـەوانیش رەخنـەکردنی ژیـری بێگـەرد و رەخنەکردنی ژیری پراکتیکی و رەخنەکردنی هێزی حوکمدانە.



Critik
der
reinen Vernunft

von
Immanuel Kant
Professor in Königsberg.

Riga,
verlegts Johann Friedrich Hartknoch
1781.

کتێبی رەخنەی ژیری بێگەرد، ساڵی ١٧٨١



كانت

دوای فەلسەفەی کانت، لە سەدەی ١٩ بیری سیستەمی تازە هاتە پێشەوە، ئەویش دروست بوونی ئایدیالیزمی ئەڵمانی بوو لە لایەن (فیشتە، شیلینگ، هیگڵ) لەنێو ئەمانەش هیگڵ (جۆرج ویلهێلم فریدریش هیگڵ لە ٢٧ ئاوگستی ١٧٧٠ لە دایك بووە و لە ١٤ی نۆڤێمبەری ١٨٣١ماڵئاوای لە دونیا کردوە، بووارەکانی، کە هیگڵ کاری تێدا کردوە، لۆژیك، فەلسەفەی سروشت، عەقلانیەت، مێژووی فەلسەفە) کاریگەری دوای خۆی جێهێشت، بەتایبەتی هیگڵیەکان بوونە دوو بەش ڕاستەکان کە هیگڵییە کۆنەکانیان پێدەگوتن وەك (ئێدوارد گانس، کارڵ رۆزنکرانتس) دوای فەلسەفەکەی کەوتن. بەلاّم چەپەکان وەك (لودڤیش فیورباخ، کارڵ مارکس) ڕەخنەیان لە فەلسەفەکەی هیگڵ گرت، ئەمەش دوو قوتابخانەی هیگڵی دروست کرد کە بە هیگلیزمۆز ناسرا. دوای ئەویش مارکسیزمۆز، کە بوونە گەورەترین و دیارترین بیرمەندی ئایدیلی ئەڵمانی و جیهانی تا ٥٠ و ٦٠ کانی سەدەی بیستەم، بەلاّم ئەمە نەبووە ئەڵتەرناتیڤی فەلسەفی کانت، بەڵکو کانتیزمۆزی نوێ بەردەوەم پانتاییەکەی فرەوانتر دەبوو.

نیوەی دووەمی سەدەی ١٩، سەدەی پیشەسازی و فەلسەفەی نوێ .

شەپۆلی دووەمی فەلسەفەی ئەم سەدەیە کە فەلسەفەی ژیانی پێدەڵێن فەلسەفەی (دیلتی و شۆپنهاوەر و نیتچشە)بوو.

فریــــدریش ویلــــهێلم نیتچــــشه لــــه ١٥ی ئۆكتۆبــــەری ١٨٤٤ لــــه ڕۆكــن(لوتــسن)لــه دایــك بــووه، لــه ٢٥ی ئاوگــستی ١٩٠٠ لــه ڤایمــار بــه شێتیەتی ماڵئاوای كرد، نیتـشه لـه تەمـەنی ٢٤ سـاڵی بۆتـه پڕۆفیـسۆری فیۆلۆگی كلاسیك له بازل. نیتچشه له ژیانی سەربازی زۆر بێزار دەبێت دوای بینینی ئەم هەموو كوشتن و خوێن ڕشـتنه، هـەروەها تووشـبوونی بەو پەتایەی، كه لـه ڕێگـەی سـەربازه تووشـبووەكانەوه، كـه لـه تـەواوی ژیانی لەگەڵی دابوو، دوای ئەمه بـووه كەسـێكی بـێ وڵات و نووسـەرێكی ون له نێوان ئەڵمانیا و فەڕەنـسا و ئیتاڵیـا و سویـسڕا. ژیـانی نیتـشه بـه چەند قۆناغێك تێپەڕیوه تا گەیشتۆته شێتبوون، قۆنـاغی گەنجیـەتی و ئـەكادیمیا و خوێندنـەوەی فەلـسەفەی گریـك و كاریگـەری شـۆپنهاوەر و پەیوەسـتبوونی بــه فەلــسەفەكەوه و هاوڕێیــەتی ڤاگنــەر و دابــڕان لــه ڤاگنــەر بــه هــۆی گــۆڕانی بــیری نیتچـشه بەرامبــەر هونــەر، هــەروەها قۆناغی بیری نیتچشه و ڕەخنەگرتن له بـەهاكانی مـرۆڤ لـه كتێبـەكانی (مرۆڤ و سەرووی مـرۆڤ) و (لـەدایك بـوونی تراژیـدیا) باسـی خواكـانی گریك دەكات (ئاپۆلۆ و دیۆنیـسیۆس)كه ڕەخنەیـەكی فیۆلـۆگی تایبەتـه لـه خوێندنەوەیـەكی تـازه بـۆ كولتـوری گریكـی، قۆنـاغی فەلـسەفەی نیتچـشه و گــۆڕانی رادیكـالی لـه كولتـور بـه تایبـەتی لەگـەڵ دەسـت پێكردنـی ئـاوا دوا زارادەشـت(*ZARATHUSTRA*)كـه بیروبـاوەڕی سـەربەخۆی نیتچشەیه. ژیـانی فەلـسەفی نیتچشه لـه تـەواوی بوارەكـان بوو، هێرشەكانی نیتچشه بۆ سـەر مەسـیح و مەسـیحیەت و ڕەخنگـرتن

له مۆڕاڵ و ئاین و زانست و فۆرمەکانی هونەر و میتافزیکی ئەفلاتون، هەروەها گومان له بنەمای راستی. کاره هەره گرینگەکانی نیتچشه(له دایك بوونی تراژیدیا، ئاوا دوا زارادەشت، ئەنتی کریست، مرۆڤ و سەرووی مرۆڤ، لەو دیو چاکه و خراپەوه، بنەمای دروستبوونی ئاکار، حەزی دەسەلات، .......) ئەمانه تا ئێستا جێگەی گەورەترین دێباته و گفتوگۆ و دانەری کۆمەلێك سیستەمی دیاری کراوی کۆمەلایەتین.






نیتچشه له تەمەنی١٧، وێنە ساڵی ١٨٦١ - نیتچشه وەك سەربازێك، وێنە ساڵی ١٨٦٨

## سەدەی بیستەم و دوا وێستگەی فەلسەفی

ئەم سەدەیە بە زانستێکی نوێ دەستی پێکرد، ئەویش تیۆری رێـژەیی (ئاینـشتاین)بـوو، کـە سـتروکتۆرەکەی (کـێش و کاتـە) لـە سـاڵانی (١٩٠٥-١٩١٦) هێـزی موگنـاتیزی زەوی ئاشـکراکرد، هـەر ئـەم داهێنانـە بـە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بیری دروستکردنی بۆمبی ئـەتۆمی گەلاڵـەکرد، لە داهێنان ناتوانرێت پێناسـەی ئاینـشتاین بکـرت، ئـەو تـوانی لـە رووی

فیزیکی شۆڕشێکی مەزن بخوڵقێنێت، هەروەها تیۆڕی دەروونی فرۆید و کانتیزمۆزی نوێ و شەپۆلێکی تری فەلسەفی هەر لە فێنۆمێنۆلۆگی هایدیگەر و فەلسەفەی وجودی کارل یاسپەرس و فەلسەفەی پۆزەتیڤی ئێرنست بلۆخ.

لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی فەلسەفەی ئەڵمانی قورسایی خستە سەر چەند تێمەیەك وەك(ئانترۆپۆلۆگی، سۆسیۆلۆگی، ئێتیك، فەلسەفەی زمان) لەوانە هانس جۆرج گادامەر یەكێكە لە پێشەنگی ئانگلۆسەكسۆنی لە فەلسەفەی زمان، ئادۆرنۆ و قوتابخانەی فرانكفۆرت لە تیۆڕی ڕەخنە و سۆسیۆلۆگی، لە ئانترۆپۆلۆگی ئارنۆلد گیهلێن، هەروەها كارل پۆپەر و هابەرماس كە دوا وێستگەی فەیلەسوفانی مۆدێرنیتەیە.

## یورگن هابەرماس

لە ١٨ / ٦ / ١٩٢٩ لە دوسلدۆرف لەدایكبووە. هابەرماس یەكێكە لەگەورە فەیلەسوفەكانی ئەڵمانیا و خۆرئاوا، دوای هیگڵ و ماركس، فەلسەفەی كۆمەڵایەتی كرۆكی كارەكانیەتی و هەر بەمەش ناسرا . بەردەوامی وانە وتنەوە لە زانكۆكانی دەرەوە بەتایبەتی ئەمریكا خاڵی سەرەكی نەبوو لە بلاوبوونەوەی ناوبانگی هابەرماس، بەڵكو بە وەرگێڕانی نووسینەكانی بوو، بۆ سەر زمانە زیندووەكان، وایلێهات تیۆرەكانی لەسەرتاسەری جیهان گفتوگۆی لەسەر دەكرا . هابەرماس بە

جێگری نەوەی پێشخۆی دێت لە تیۆری ڕەخنە، کە لە قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە دەستپێدەکات بە بەشداری فیکری تایبەت بەخۆی. هابەرماس بەهۆی چالاکی زۆر و لێکدانەوەی فەلسەفی و بەردەوام ئامادەبوونی لەم بوارانە، توانی ماتریالیزمی مێژوویی (مارکس) و پراگماتیزمی ئەمریکی بەیەکەوە ببەستێتەوە، لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری گەشەسەندنی (پایگێت و کۆلبێرگ) هەروەها پسشیۆلۆگی (فریۆد).



هابەرماس یەکێکە لەوکەسانەی کاریگەری زۆری لە سەر زانستی کۆمەڵایەتی و مۆراڵی کۆمەڵایەتی لەئەڵمانیا هەبووە، هەر ئەمەش بوو وایکرد گفتوگۆیەکی فراوانی فەلسەفی لەو وڵاتە بێتە ئاراوە و کە لەئەنجامدا کۆمەڵگایەکی گرنگی سیاسی و واقعی مێژووی دورستبێت. هەروەها هابەرماس لە ساڵی (١٩٨٠) وتارێکی گرینگی بە ناونیشانی (پرۆژە ناتەواوەکەی مۆدێرنە) بڵاوکردەوە تێدا هێرش دەباتە سەر پۆست مۆدێرنە و لایەنگرانی، کە پێیوایە ئەوان دەیانەوێت سەرلەبەری دەستکەوتە چاك و ئیجابیەکانی مۆدێرنە کە لە ماوەی

دووسەد ساڵی ڕابردوو بەدەست هاتوون لە ناوی بەرن، بە بۆچوونی هابەرماس چەپی توندڕەو لەگەڵ ڕاستی توندڕەو یەك هەڵوێستن لە دژیاتی کردنی مۆدێرنە و ژێر خستنی دەستکەوتەکانی، هابەرماس دەزانێت کە مۆدێرنە گەیشتۆتە بنبەست، بەلام پێیوایە ئەمە قۆناغێکە پێشبینیکردنی زحمەتە، چونکە زیاد لە پێویست تاریکە، بەلام لەگەل ئەمەشدا زیاد لە ئەگەرێکی لە بەردەمدایە .

هابەرماس لە خێزانێکی ئاسایی لە شارۆچکەیەکی بچوك (گومەرسباخ) سەر بە شاری دوسلدۆرف دەژیا، ئەو شوێنەی باوکی کاری تێدا دەکرد، کلیمای سیاسی خێزانەکەیان وەکو هابەرماس دەڵێت : شێوەیەکی خۆگونجاندن بوو، هەرچەندە مرۆڤ نەیدەتوانی خۆی بدۆزێتەوە، بەلام جێگای ڕەخنەی جدیش نەبوو .

ساڵی (١٩٣٩ _ ١٩٤٣) ئەندامی(HJ) گەنجەکانی هیتلەر بوو، هەر لەم کاتەش پیشەی (سەربازی یارمەتیدەر)ی تەواوکرد، بۆ یەکەمجاریش لەساڵی (١٩٤٤) نێردرا سەنگەرەکانی شەڕ لە(ڤێست ڤال) ، هەر ئەمەش بوو تووشی ڕەخنەیەکی زۆری کرد دوای بلاوکردنەوەی بیرەوەریەکانی، کە باس لە ژیانی سەرکردەی گەنجەکانی هیتلەر دەکات .

لەساڵی (١٩٤٩ _ ١٩٥٤) قوتابی زانکۆبوو لە زانکۆی (گوتنگن، چوریش، بۆن) لە وانەکانی فەلسەفە و پسشیۆلۆگی و ئەدەبی ئەڵمانی و ئابووری دەخوێند، دوایی لە زانکۆی (بۆن) کۆتای پێهێنا بە پێشکەشکردنی

تێزێك بەناوی (ڕەها لەمێژوودا) ئەمەش لێکۆلینەوەیەك بوو لەسەر کارێکی (شیلینگ) بەناوی فەلسەفەی کۆنی جیهان .

لەساڵی (١٩٥٥) هابەرماس (ئوتە ڤێسلهۆفت) دەکاتە هاوسەری و دوای دەبنە خاوەنی سێ منداڵ.

ساڵی (١٩٥٤ _١٩٥٩)وەکو ڕۆژنامەنووسێکی ئازاد کاردەکات لە ڕۆژنامەکانی (میرکور، فرانکفۆرتە هێفتە، دوسلدۆرفە هاندلس بلات، ،دوای (تیۆدۆر .و. ئادۆرنۆ) دەیهێنێتە دەزگای لێکۆلینەوەی کۆمەڵایەتی لە فرانکفۆرت ئەم ماین، بۆ کارکردن لەسەر تیۆری ڕەخنە و ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگا. ئینجا کارکردنی وەکو پڕۆفیسۆر لە زانکۆی (هایدل بێرگ و فرانکفۆرت) وانەی فەلسەفە و سۆسیۆلۆگی دەوتەوە. پاشان لەدەزگای (ستانرن بێرگ) لە مونشن دەستی بەکارکرد . لە ساڵی ١٩٩٤ جارێکیتر گەرایەوە نێو ڕۆژنامەنووسی و دژی شەری کۆسۆڤۆ لە ڕۆژنامەی (دی چایت) نووسینی بلاّوکردەوە. لە ١٩٩٧ وە لە گۆڤاری مانگانەی (پەڕەکان بۆ سیاسەتی ئەلمانیا و ئینتەرناسیۆنال) کاریکرد .

هەندێك لە بەرهەمەکانی هابەرماس:

(هایدگەر و لوکاس، گۆڕان لە تەکنیك و ڕەخنەی مارکس، دیموکراتی و کۆماری ئاشکرا، تیۆری و پراکتیك، سیستەم و ژیانی جیهان، ئونیڤێرزالە پراگماتیك، پرۆژە ناتەواوەکەی مۆدێرنە، لێکۆلینەوەی مێشك و ئازادی حەز ...)

ئەو خەلاّتانەی هابەرماس وەریگرتوون :

(خـــەڵاتی هیگـڵ لەشــتوتگارد ١٩٧٣، خـــەڵاتی فرۆیــد ١٩٧٦، خـــەڵاتی تیـۆدۆر .و. ئـادۆرنۆ ١٩٨٠، خـەڵاتی یـۆر شـەلیم، خـەڵاتی هایـدل بێرگـە کارل یاسپەر ١٩٩٥، خەڵاتی زانکۆی تەلئـەبیب، خـەڵاتی تیـۆدۆر هـۆیس ١٩٩٩، خـــەڵاتی ئاشـــتی کلێـــسەی پـــاولۆس لـــە پێـــشانگای کتێـــب لـــە فرانکفـۆرت ٢٠٠١، خـــەڵاتی کیۆتـــۆ ٢٠٠٤، خـــەڵاتی هـــەرێمی نـــۆڕدراین ڤێستفالن .

## ئەدەبی ئەڵمانی *deutsche Literatur*

ئەدەبی ئەڵمانی هەموو ئەو بەرهەمە ئەدەبیانە دەگرێتەوە کە بە زمانی ئەڵمانی نووسراون لە سەرەتاوە تا ئێستا، ئەمەش تەنیا بەرهەمە شیعریەکان ناگرێتەوە، بەڵکو بەرهەمە فەلسەفی و مێژوویی و مێژووی ئەدەب و لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆگی و یادەوەری و نامە گۆڕینەوەش.

دیاریکردنی سەرەتاو قۆناغەکانی ئەدەبی ئەڵمانی بە ئاسانی ناتوانرێت دەست نیشان بکرێت، بەلاّم رێکخستنی ئەم قۆناغانە، دوای تەوابوونی قۆناغەکە، ئینجا هەوڵدراوە دەستپێك و کۆتای ئەو قۆناغە دیاری بکرێت و رێکبخرێت.

زۆر لە بەرهەمە ئەدەبیەکانی سەدەی ٧-١١ لە ناوچوون بە تایبەتی بەرهەمی شیعری، چونکە نەنووسرابوونەوە هەر لە رێگای زاکیرە (لەبەرکردن) بلاّودەبوونەوە، ئەوەی کە نووسرابێتەوە لە رێگای زمانی لاّتینی بووە بە تایبەتیش لە کڵێسە و دێرەکان نوسراونەتەوە و پارێزراون وەك (گۆرانی پاڵەوانەکان و گێڕانەوە بە گۆرانی) هەروەها بەرهەمی فۆلکلۆری وەك(سەما، گۆرانی دڵداری، پەندە سحریەکان).

کۆنترین تێکستی ئەدەبی بە زمانی ستاندارتی کۆنی ئەڵمانی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ٨ بە تێکەلاّوی لەگەڵ کولتورەکانی تر، بە

تایبەتی لە کڵێسەکان بۆ تێگەیاندن و ئاسانکردنی پەیوەندی لە نێوان نەتەوەکان و زمانی لاتینی. ئەدەبی سەدەی ٩ بە (ئەدەبی دێر) دەناسرێت، چونکە خوێندنی ئاینی بوو بە تایبەتی ئینجیل لە دێرەکان، بەلام لە ساڵی (١٠٠٠)لە زاکسن (ڕۆژهەلاتی ئەڵمانیا) دەستیانکرد بە وەرگێڕانی فەلسەفەکانی ئەنتیك بۆ زمانی ئەڵمانی، دیارترین نووسەر و وەرگێڕی ئەڵمانی (نۆتکەر)بوو بە هۆشیارترین نووسەری ئەوکات ناسراوە.

سەدەی ١١ بە سەدەی لەبەرکردنی تێکست و چیرۆکی ئاینی و گۆرانی ئاینی بە تایبەتیش ئاینی مەسیحی  ناسرابوو، وەك (گۆرانی ئیزۆ، گۆرانی ئانۆ).

لە سەدەی ١٢ گۆڕانێکی بنەڕەتی روویدا لە ئەدەب ئەویش هێنانی بابەت و تێمەی جیا و فۆڕمی جیابوو لە سەدەکانی پێشوو، نووسەرکان کەرستەی تازەیان بەکارهێنا، کە سەرەتا زۆر بەبێ مانا سەیر دەکرا وەك شیعری لیرکی و گێڕانەوە بەشێوازی نوێ، شیعری تایبەت بە سەربووردەی کەسەکان، شیعر بۆ خوێندنەوە نمونەی ئەمانە(ئالبەرتس، توندالوس، فالێکس). لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٢ شیعری مێژووی نووسرا، کە وەك بابەتێکی جیهانی دەرکەوت گەورەترین بەرهەم وەك (کایزەر کرۆنیك) کە ١٧٠٠٠ بەیتە، ئەویش باس لە مێژووی پڕ بەسەرهاتی قەیسەری ڕۆمی دەکات لە دروست بوونی تا کۆنڕادی سێیەم. هەر لەو سەردەمە (ئەدەبی هۆف) پەیدابوو

واتە ئەدەبی ماڵی فیودالەکان یا دیوەخانەکان ئەو شاعێرانەش (ڤالتەر، هاینریش لە مۆرونگن، ڕاینەریکۆن).

### ١٢٥٠ ساڵی تا ساڵی ١٦٠٠

ئەم ماوەیە بە تایبەتی کۆتای سەدەی ١٢ بە سەردەمی چاپ و کاغەزی هەرزان و سەردەمی نوێ دەناسرێت، هەروەها دەرکەوتنی بیری هۆمانیزم و ریفۆرماتیسیۆن لە ئیتاڵیا و هاتنی ڕێنساس. بەشداری نووسەرە ئەڵمانەکان لەم ماوەیە کەمبوو، ئەوەی هەبوو بە زمانی لاتینی بوو لەوانە (یۆهانس و رۆشلین)بوون. بەلاّم لە نێوان ساڵانی (١٤٥٠ – ١٥٢١) ئولریش و زێباستیان وەك شاعێری سەرکەوتوو دەرکەوتن، گەورەترین جولاّنەوەش لە ئەڵمانیا لەسەر دەستی مارتین لۆتەر بوو بە ڕێفۆرمەکانی لە ئاینی مەسیحی و بیروبۆچوونەکانی بەناوی نەتەوەی ئەڵمان بلاّوبوونەوە، هەروەها وەرگێڕانی ئینجیل بۆ زمانی ئەڵمانی کاریگەر مەزنی لە ئەدەبی ئەڵمانیدا کرد لە تەك هومانیزم و ریفۆرمەکان. دوای ئەو کۆمەڵێك شاعێر دەرکەوتن، کە بە شاعێری بۆنە دەناسران وەك (هانس زاخس، یۆرگ ڤیکرام).

## ئەدەبی باڕۆك (ناوێزە) و سەدەی ١٦ – ١٧
## *Barockliteratur*



ئەندریاس گریفیوس

گەورەترین گۆڕان لە ئەدەبی ئەڵمانی لە سەدەی ١٦ و ١٧ بوو، بە ئاوێتەبوونی ئەدەب لەگەڵ پۆلەتیك و شەڕی سی ساڵە(١٦١٨- ١٦٤٨) لە ئەدەبی هۆف بۆ ڕۆمانی نەتەوەیی. هەر لەم سەردەمە ئەدەبی باڕۆك پەیدابوو ئەمەش بووە هۆی دەرکەوتنی شاعێری زۆر و دروست بوونی کۆمەڵگای زمانەوانی، لە هەموویان دیارتر (کۆمەڵگای میوە بەخش)ی مارتین ئۆپتیس و پاشان هاتنە پێشەوەی پێترارکیزمۆز و دەمەزراندنی قوتابخانەی ئۆپتیسی لە لایەن (پاوڵ فێلمینگ ١٦٠٩-١٦٤٠ و سیمۆن داخ ١٦٠٥-١٦٥٩). جوانترین بەرهەمە لیرکیەکانی ئەم قۆناغە (سۆنێت و ئۆدە و ئیپیگرام)بوو کە تێکەڵ بوون بە بیروباوەڕی ئاینی بە تایبەتی

ئیڤێنگێلەکان، هەندێکیشیان تایبەت بوون بۆ کڵێسا کە پێدەگوترا (شیعری گۆرانی کڵێسا) ، شاعێرە ناسراوەکان (فریدریش سپێ لە لانگنفێلد، پاوڵ گیهارد، یۆهان ریست، یاکوب بۆمە، ئەندریاس گریفیوس). بەلاّم لە باشووری ئەڵمانیا و لە هەمان سەردەم، کە بە سەردەمی باڕۆك یا ئەدەبی بارۆك بوو دراما ڕۆڵێکی باشی بینی بە تایبەتیش لە چوارچێوەی کاتۆلیکەکان و بە زمانی لاتینی پێشکەش دەکرا، ئەو بینەرانەی لە زمانی لاتینی تێنەدەگەیشتن زیاتر بۆ کاریگەری نمایشەکە دەچوون واتە تەنیا بۆ بینینی جولانەوەکانی سەر شانۆ(زمانی جەستە)، دوای ئەم ستایلە پەرەی سەندو بوو بە بوونەی گەڕۆك، هەروەها بۆ بینەرانیتر ئۆپێرای بارۆك دروست بوو، کە بە هونەرێکی بەرز سەیردەکرا، نووسەرەکان (دانییل کاسپەر لە لۆنشتاین و گریپۆس) بە درامای کلیۆپاترا و سۆفۆنیسبە، و کاتەرینە لە ئارمێنن و لۆ ئەرمێیۆس و کارلۆس ستواردۆس).

ڕۆمان لەسەردەمی ئەدەبی باڕۆك سێ جۆری هەبوو ڕۆمانی شوانکاری و ڕۆمانی وڵاتی و ڕۆمانی ئەخلاّقی هۆف، نووسەرکان هانس یاکوب کریستۆفێل لە گریمێل هاوزن، ئەنتوان ئولریش لە براونشڤای.

## رۆشنگەری



**گۆتهۆلد ئێفرایم لیسینگ**

پێشەنگی ئەم قۆناغە لە ئەڵمانیا (کریستیان تۆماسیۆس) بوو لە ڕێگای گوتنەوەی وانەکانی بە زمانی ئەڵمانی، چونکە ئەو کاتە زمانی لاتینی باڵی بەسەر ئەدەبیاتی هەموو نەتەوەکانی ئەوروپا کێشابوو، کریستیان بە فەیلەسوفی سەردەمی خۆی دەژمێردرێت، هەروەها گۆتفرید لایبێنز و کریستیان فروختگۆت و کریستیان فۆلف گەورەترین و ناودارترین نووسەری ئەدەبی رۆشنگەری ئەڵمانین، جگە لەمانە (یۆهانس کریستۆف) بە فیگۆری ژیانی ئەدەبی دەناسرێت، بە نووسینە تیۆرەیەکانی پێش هەموویان (هەوڵدانێك بۆ دانانی شیعری مەسیحی). چەند نووسەرێکی تر، کە لە نێوان هەردوو سەردەمی (بارۆك و رۆشنگەری) شیعریان نووسیوە بە نووسەری هەردوو قۆناغ

دەژمێردرێن (یۆهان کریستیان گونتەر و بارتۆلد هاینریش). لە پاڵ ڕۆشنگەرەکان کۆمەڵێك بەناوی (شەپۆلەکان) دروست بوون و بە ستایلی ڕۆکۆ شیعریان دەنووسی وەك (فریدریش هاگەدۆرنس و ئێدوارد کریستیان لە کلایست و ساڵەمۆن گێسنەر) پێشەنگی تەواوی ئەو جیلە (فریدریش گۆتلیب)بوو بە هەست ناسکترین شاعێر دادەنرا بە تایبەتی بە دەقی (ئازادکەر). لە نووسینی ئازاد و تێکەڵاوکردنی ستایلەکان (کریستۆف مارتین)ە، لە دوا قۆناغی ڕۆشنگەری ئەڵمانی ناتوانرێت(گۆتهۆلد ئێفرایم لیسینگ) لە بیر بکرێت بەرهەمە تیۆریەکەی (لیۆکۆن)، هەروەها ڕەخنەگرەکان (فریدریش نیکۆلای و مۆسێس مێندێلزۆن) و بەرهەمە درامیەکان دیارترینیان (ناتان دێر ڤایزە) کە دەڵێت: بەهای مرۆڤ نابێت بە ڕێکەوتی ئاینی یاخود نەتەوایەتی بخوێندرێتەوە.

## گۆته و شیلی = كلاسیكی ئەڵمانی



گۆته لە ئیتاڵیا

پـێش دامەزرانـدن و بنیاتنـانی كلاسـیكی ئـەڵمانی قۆنـاغێكی كـورت بەناوی (باهۆز و تەسك) سـەری هەڵدا لەلایـەن كۆمەڵـە گـەنجێك وەكو كاردانــەوەێك بەرامبــەر رۆشــنگەری، بــەڵام زۆری نەخایەنــد، ئەمانــە هەوڵیاندەدا خۆیان لە كۆت و بەند و پابەند بـوون بـە بیر و بۆچوونی ئـەوانیتر ڕزگـار بكـەن. هـەر لـەم ماوەیـە (یۆهـان ڤۆلفگـانگ لـە گۆتـە) دەركەوت بە بەرهـەمی (رۆماننامـە) كـە بـاس لـە ژیـان و مردنـی كـوڕە گـەنجێك دەكـات لـە نێـوانی سـۆز و هەرەسـی خۆشەویـستی، هـەروەها دەركــەوتنی (فریــدریش شــیلی) بــە درامــای (رێگرەكــە) كــە باســی هەڵگەڕانەوەی كوڕێك لە بـاوكی دەكـات. هـەر لەگـەڵ ئـەوانیش (یـاكوب لێنز) وەك دراما نووس.

کلاسیکی کۆماری ڤایمارەر لە ساڵی(١٧٨٦)تا ساڵی (١٨٠٥) لەگەڵ سەفەرەکانی (گۆتە)بۆ ئیتاڵیا دروست بوو، بە کارکردن لەگەڵ (شیلی) کە لە ساڵی (١٨٠٥)لە شاری ڤایمارەر مرد، هەردوو نووسەر لە قۆناغی (باهۆز و تەسك) خۆیان پەروەردەکرد بە بیر و فکری هومانیستی، بەتایبەتی لە ژێر کاریگەری ئەنتیك. کلاسیك، کە بە قۆناغی گەشبین و پڕ بەها دادەنرێت، بە بەرهەمە گرینگەکان وەك تراژیدیای (فاوست)ی گۆتە، کە یەکێکە لە بەرهەمە نایابەکانی لە ساڵی ١٨٠٨ کە دواتریش بەشی دووەمی لە ساڵی (١٨٣٢) دەرچوو، دوا بەرهەمەکانی گۆتە بە کلاسیك ناژمێردرێت.

دووەم گەورەترین نوسەری کلاسیکی ئەڵمانی (شیلی)یە بە نووسینە درامیی و تیۆری وەك (سەروی گێل و شیعری پڕ هەست)، هەروەها لە لیرك گەلێك پرسیاری فەلسەفی دەخاتە ڕوو، بەتایبەتی لە (پیاسەکردن) و کۆمەڵێك لیرکی سەمای نووسیوە وەك (زەمانات)، هەروەها چەندین درامای مێژوویی وەك (ڤالن شتاین).

## رۆمانسیزم

رۆمانسیزمی ئەڵمانی بەسەر چوار قۆناغ دابەش دەبێت، رۆمانسیزمی زوو، رۆمانسیزمی بەرز، رۆمانسیزمی درەنگ، دوای رۆمانسیزم. نووسەرە رۆمانسییەکان (ئاوگست ویلهێلم، فریدریش شلێگل، ویلهێلم هاینریش فاکێنرۆدەر، لودڤیش تیك) ئەوانە توانیان داهێنان لە نێو بەرهەمە ئەدەبیەکانی پێش خۆیان بکەن و شتی تازە زیاد بکەن وەك (بالاّدە، کورتە داستان و رۆمانە شیعر و ستایلی تازە لە شیعر) بە زۆریش دەگەڕانەوە سەر بەرهەمەکانی گۆتە بەتایبەتی (ڤێرتەر، ساڵەکانی خوندنی مایستەر ویلهێلم)، هەروەها کۆنچێپتەکەی شلێگل لە شیعری ئونیڤێرزالی بەرز، نەك هەر بابەتەکانی بە یەکەوە بەستەوە، بەڵکو بیرکردنەوەی تایبەتی خۆشی بە ڕەخنە خستە ڕوو، بەمەش حالەتێکی نمونەی لە نێو هونەری دوای کلاسیك دروستکرد.

رۆمانسیزمی بەرز یا رۆمانسیزمی هایدڵبێرگ، بە توانای (ئاخیم ئارمین و کلیمێنی برێنتانۆ) گەشەی کرد بەتایبەتی دوای کۆکردنەوەی بەرهەمە فۆلکلۆریەکان، هەروەها هاوسەری ئارمین (بتینا ئارمین) بە باندی (نامە گۆڕینەوەکانی گۆتە لەگەڵ منداڵێك) ئەمە ریکلام نەبوو بۆ گۆتە، بەڵکو رازاندنەوەی بەرهەمەکەبوو بە تێکەلاّوکردنی لەگەڵ

تێکستی کۆن. برایان (یاکوب و ویلهێلم) بە کۆکردنەوەی بەرهەمە میللیەکان بەشداری ئەم قۆناغەیانکرد.

لە رۆمانسیزمی درەنگ، (ئ.ت.ئا.هۆفمان) دیارترین نووسەر بوو، بە گێڕانەوەی (وەسفی ژیانی نێرە پشیلەێکی عەبووس) و (پیاوی لی). ئینجا قۆناغی دوای رۆمانسیزم یوزێف لە ئاشندۆرف و هاینریش هاینە وەکو دوو شاعێری بە توانای نێوانی رۆمانسیەت و ریالیزم دەردەکەون.

## بیدەرمایەر ١٨٣٠- ١٨٥٠

لەم ماوەیە چەند گروپێکی جیاوازی لە خۆوە دروست بوون خۆیان بە هیچ لە قۆناغە ئەدەبیەکان وەك کلاسیك و رۆمانسی و ریالیزم گرێنەدەدا، ئەمانە نووسەری بە تواناو لێزان بوون، مێژووی سیاسیان هێنا نێو بابەتە ئەدەبیەکان و تێکەلی سیاسەت بوون، وەك جۆرج هێرڤێگ، هاینریش لاوبە، فردیناد رایمۆند.

## ریالیزم ١٨٤٨ — ١٨٩٥

لێرە جارێکیتر ئەدەب بەرەو لۆکالیەت دەڕوات و پەیوەندیە ناوەخۆییەکان و کێشە مرۆییەکان دەبنە کەرەسەی بەرهەمەکان، ئەمەش بووە مۆدەی نۆڤلێت نووسین، وەك نۆڤلێتی کۆنراد مایەر (بەخت هێن). هەروەها لە دراماش تەنیا بەرهەمەی فریدریش هێبل (مارییە ماگدالێنا)، دوای ئەمانەش گوستاف فرایتاگ و ویلهێلم راب بە

نووسینی رۆمـان دەسـت پێدەکـەن. هـەروەها گۆتفریـد کێلـەر و تیـۆدۆر شتۆرم بـە نامـە گۆڕینـەوە و رۆمـان وەك رۆمـانی (هاینریـشی سـەوز)ی کێلەر، تیـۆدۆر فۆنتانـە بـە رۆمـانی (رۆمیـۆ و یولیـا لـە لادێ)، لـە سـەر دەستی ئەمانە رۆمانی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی پەرەی سەند.

## ناتۆرالیزم

نـــاتۆرالیزم وەك ئاراســـتەیەکی هونـــەر و ئـــەدەبی هەوڵێـــدەدا بـــۆ داپۆشینی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان لە هەموو بوارێك بەبێ گوێدانە زەوق و ترادیسیۆن، لەم قۆناغە نووسـەرە ئەڵمانـەکان بەشـداری دیـار و بەرچـاویان نـەبوو وەك رووس و فەرەنـسیەکان، پێیـان وابـوو هونـەر یەکسانە بە نـاتۆر نـاقس X کـە ئـیکس یەکـسانە بـە سـفر، واتـە هونـەر جگـە لـە نیـشاندانی واقیـع وەك ئـەوەی هەیـە چـیتر نییـە. بەرهەمـە ئەدەبیـەکانی ئـەم قۆناغـە هەنـدێك دەقـی شـیعری کـورت و چـەند درامایەکی گیهارد هاوپتمـان وەك (رسـتن) کـە بـە بەرهـەمێکی جیهـانی ناسرا، هەروەها فرانك ڤێکیند بە درامای (بە خەبەرهاتن لە بەهاردا).

## کلاسیکی مۆدێرن و ئێکسپرێسیزمۆز

## Klassischen Moderne und Expressionismus

کلاسیکی مۆدێرن، ناتۆرالیستەکان و سیمبۆلیزمەکان لە خۆدەگرێت، هەر لەم قۆناغە ئاڤانگراتەکان پەیدابوون، شەپۆلی ئەدەبی جیا جیا بەدوای یەکتریدا هاتن کە بە ستایلی پلورالیزم ناسرا، سەرهەڵدانی سیمبۆلیزم ماڵئاوایبوو لە سەدەی نۆزدە و سەدەی دەرکەتنی شاعێرە بهرەمەندەکانی فەرەنسا بوو وەك (بۆدلێر و ڕامبۆ و مالارمێ)، لە هەمان کات نووسەرانی ئەڵمانی سیمبۆلیزم (شتێفان جۆرج و هوگۆ لە هۆفمانستال و راینەر مارییە ڕیلکە)بوون، پرۆگرامە تازە و جیاوازەکەی سیمبۆلیزم بە تایبەتی لە هونەر، لە ئەڵمانیا بەتایبەتی لە بەرلین و ڤێنا دەستی پێکرد، کە پێیان دەگوترا؛ بەرلینی مۆدێرن و ڤێنای مۆدێرن. لیرکی سەردەمی سیمبۆلیزم زۆرترین بەهاکانی خستبووە سەر جوانی و فۆرمی دەق، ئەم ماوەیە ناونرا کودەتای سەدە، بەلام لەگەڵ جەنگی جیهانی تووشی پچران بوو. پاڕالێل لەگەڵ ئەو پرۆگرامە ئاڕاستەکراوە دژ بە ترادیسیۆن، شەپۆلێکی نوێ دروست بوو بە گێڕانەوە لە نێو شیعر و رۆمان، و نوێکردنەوەی فۆرمی کۆن و گەشەپێکردنی، هێنانی بەرهەمی پێشوو بە ڕێگا والاکەر بۆ ئێکسپرێسیزمۆز دادەنرێت، رۆمانی (وێناکردنی مالتا)ی (ریلکە) بەم شەپۆلە دەژمێردرێت، هەروەها هاینریش هاینە و تۆماس مان و هێرمان هێسە و هێرمان بڕۆخ لە نووسەرە دیارەکانی

ئـــەم ئاراســـتەیەبوون. دوا شـــەپۆلی گـــەورە ئـــەدەبی لـــە ئـــەڵمانیا ئێکسپرێـسیزمۆزە، بـە سـتایلی نـوێ وتیـۆرەی ئـەدەبی، کارەکانیـان بـۆ نەهێـشتنی شـوێن پـارێزی لـە زەیـنی مـرۆڤ و تێکـشکاندنی زاراوەی هاوڵاتی بوون هاتە پێشەوە و لە بەرزترین گراد گەیشتە دادایزمۆز. کـە دژی پرۆگرامـی پـەروەردەی کاریـان دەکـرد بـیری ئـەدەبی بێمانـا و بـێ هودەیان بلاوکردەوە. بە هاتنی ناسیۆنال سۆسـیالیزمی ئـەڵمانی تووشـی بنبەست بوون هاتن، یاکوب لە هۆیدز و گۆتفرید بێن و یوهانس بێشەر لـە نووسـەرە دیارەکـانی ئـەم ئاراسـتەیە بـوون. ئینجـا شـەپۆلێکی تـر دەردەکەوێت بە ناوی ئەدەبی بابەتی نوێ، کـە ناویـان لـە خۆیـان نـابوو ریالیزمە بە ئاگاکان، ئەمـە زیـاتر خـۆی لـە بـواری درامـا دۆزیـەوە وەك کارەکانی بیرتۆلت برێخت و ئارنۆلـد چڤایگ و ئیریـش کێـستنەر و ئانـا زێگریس و ....

لەگەڵ وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن ناسیۆنالیستەکان ئەدەبی ئیکزیلـی ئـەڵمانی دەسـت پێـدەکات، چـونکە لـە یەکـەم سـاڵی حوکمکردنـدا بـە ئاشـکرا دەسـتیانکرد بـە کتێـب سـووتاندن و دوورخـستنەوەی نووسـەرە بێلایەنـــەکان لـــە نووســـین و رەدوونانیـــان، ئـــەوەی سەرپێـــچی ئـــەم بڕیارانـەی کردبـا سـزای مـەرگ بـوو، لەوانـەی رووبـەڕووی ئـەم یاسـایە بوونەوە (یاکوب لە هۆدیس و کارل لـە ئۆسیتـسکی)، لـە هـەردوو وڵاتـی ئەڵمانیا و نەمـسا ئـەم یاسـایە جـێ بـە جـێ دەکـرا. ئـەو نووسـەرەی لـە وڵات مایەوە و راینەکرد بـۆ دەرەوە دەبـوا هـەر بـۆ نێـو چـەکمەجەکەی

بنووسێت، ئەو نووسەرانە ناونران بە پەناهەندەی ناوەوەی وڵات. ئەوانەی ئاوارەی دەرەوەی وڵات بوون زیاتر لە ١٥٠٠ نووسەر بوون، کە تووشی چەرمەسەرێکی زۆر بوون لە رێگا، هەندێکیان ژیانیان لەسەر دانا. ئەو نووسەرانی، کە لە ئیکزیل بەردەوام بوون و بەرهەمیان پێشکەش کرد و نەپچڕان، تۆماس، برێخت، هاینریش، پاول سیلان، ئێریش فرید، لەم نووسەرە پەناهەندانە (ئیلیاس کانێتی) وەك هاوڵاتییکی ئینگلیزی خەڵاتی نۆبلی وەرگرت. دوای ساڵی ١٩٤٥ کە بە ئەدەبی وێران ناو دەبرێت یاخود دەستپێکردن لە سفرەوە، کارکردن بۆ پێشخستنی ئەدەبی جیهانی و پڕکردنەوەی ئەو ماوە ڤایرۆسییەی تووشی ئەدەب هات، بە دروست بوونی گروپی ڤێنا و گروپی ٤٧ لە ئەڵمانیای رۆژئاوا. لەگەڵ دروست بوونی دوو دەوڵەت لە ئەڵمانیا مەرجی هەمەجۆر بۆ ئەدەب دانرا و ئەدەبی رۆژهەلات و رۆژئاوای ئەڵمانیا، هەروەها نەمسا و سویسرا لە یەکتر دابڕان. لەم ماوەیە گرینگی زیاتر بە کورتە چیرۆك و رۆمان درا بەتایبەتی کێشە هەنوکەییەکان، نووسەرەکانی دوای شەڕ، زیگفرید لێنز، کریستیان برۆکنەر، مارتین ڤالسەر، گونتەر گراس، ڤۆلفگانگ کۆیپن. لە نێو ئەوانەش گونتەر ئایش و گونتەر گراس دەرکەوتن بە رۆمان و لیرك، بە تایبەتی دوای نووسینی (دەهۆلی تەنکە)ی گونتەر گراس کە لە رێگای گەنجێك باس لە مێژووی ئەڵمانیای دوای شەڕ دەکات بە شێوەیەکی گاڵتەئامێز.



**گونتەر گراس**

**نوسەر ، رۆمان نووس ، شاعیر ، شێوەکار ، پەیکەرتاش**

**هەڵگری خەلاتی نۆبل (گونتەر گراس) لە کارە ئەدەبیەکانی و ئەندامی گروپی ٤٧ یەکێکە لە ناودارترین نوسەرەکانی زمانی ئەڵمانی . گراس لە ١٦ ی ئوکتۆبەری ١٩٢٧ لە دانسینگ وەکو کوڕە پرۆتستانێکی سەوزە فرۆش و کاتۆلیکێکی بە بنەچە سلاڤی (پۆلۆن)ی لەدایکبووە. سەردەمی منداڵی لەگەل خوشکەکەی بە بێ ژووری تایبەتی لەگەڵ دایك و باوکی بەسەر دەبات، بۆیە هەر لە تەمەنی ١٥ ساڵی پەیوەندی بەڕیزەکانی سوپای ئەڵمانی دەکات بۆ دەرچون لەم چوارچێوە تەسکەی**

کـه هـەر لەمنداڵیـەوە تێیکـەوتووە، پاشـان دەکەوێتـە ژێـر کاریگـەری ئایدیۆلۆژیای (ns) ناسیۆنال سۆسیالیستی هەرچەندە زۆر گەشبیننیە بە ڕیزەکانی (لاوەکانی هیتلەر) ئـەوەبوو لـە ١٩٤٤ بـۆ بەشـی زریپۆشـی (ss) بـانگکرا، لـە ٢٠ ی ئـەپریلی ١٩٤٥ بەبریـنـداری لەلایـەن هێـزە دەریاییەکانی ئەمریکا دیل دەکرێت و تا ٢٤ ی ئـەپرێلی ١٩٤٦ لەزینـدانی سـەربازی ئـەمریکی دەمێنێتـەوە. ئـەم رابـردووەی گونتـەر گـراس لـەم دواییـدا کێـشەی زۆری بـۆ دورسـتکرد، بـە تایبـەتی دوای بلاّوکرنـەوەی بیۆگرافیاکەی بەناوی (لەکاتی سپیکردنی پیازدا)، زۆر لـە ڕۆژنامـەنوس و دۆسـتانی یـەهودی داوای ئـەوەیان دەکـرد کـە دەبێـت خـەلاّتی نـۆبلی لێبــستێندرێتەوە. لەســاڵی(١٩٤٧- ١٩٤٨) پــەیمانگای هونــەری بەشــی پەیکەرتاشــی تــەواودەکات و ئینجـا لەهــەمان ســاڵ دەبێتـە قوتــابی لەئەکادیمیای هونـەر لـە دوسلدۆرف تـا ساڵی (١٩٥٢) داهـاتی ڕۆژانەشـی لەگـەڵ شـێوەکار (هێربـەرت چـانگس) پەیـدادەکات وەکـو چـاودێری بەردەرگا لە کۆنە سەنتەری دوسلدۆرف پاشان دەچێتە زانکۆی بـەرلین بەشـی شـێوەکاری تـا سـاڵی (١٩٥٦) هـەر لـەم کاتـەش (ئانـا شـڤارتس)ی سویسری دەکاتە هاوسەری خۆی کە قوتابی بوو لە بەشـی سـەمای بالـە، دوای تـەواوکردنی خوێنـدن ڕوو لـە پـاریس دەکـەن تـا سـاڵی (١٩٦٠) لەگـەل ئانـا ژیـان بەسـەردەبات لـەو ماوەیـەش یەکـەم ڕۆمـان بـەناوی (دەهۆڵی تەنکە) دەنوسێت . لە ساڵی (١٩٧٨) لەگەڵ ئانـای خێزانـی دوای چوار منداڵ جیا دەبێتەوە، بەلاّم دوای ماوەیـەکی کـورت لەگـەل (ئوتـە

گرونیر) ژیانێکی تازه دەست پێدەکات و دەچنه کەلکوتا له هیندستان .
سەرەڕای نووسین گراس چالاکی سیاسی له نێو پارتی سۆسیال دیموکرات (*spd*) دەکات له هەڵبژاردنی هەرێمەکان ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت، هەروەها لەسەر یەکگرتنەوەی هەردوو بەشی ئەڵمانیای ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوا و پێکهێنانی کوتلەی سیاسی نێوان پارتی سەوزی - ۹۰ و پارتی سۆسیال دیموکرات دەنوسێت له پێناو ڕامالینی (هێلمەت کۆل) که ١٦ ساڵ ڕاوێژکاری ئەڵلنیابوو لەسەر لیستی هەردوو پارتی ( *cdu،csu* ) یەکیتی مەسیحی دیموکرات و یەکیتی مەسیحی سۆسیالیست، هەروەها بۆ وەڵامدانەوەی (ئۆسکار لافۆنتین) کۆنه سکرتێری پارتی سۆسیال دیموکرات لەکاتی جیابونەوەی گوتبووی : ئێمه دڵمان لەلای چەپ لێدەدات. گراسیش دەڵێت : دڵی هەموومان لەلای چەپ لێدەدات، باکەس لاڤ سۆسیالیستیمان بەسەرەوەلێنەدات .
گراس لەدوای نەوەتەکانەوە بەردەوام بەرگری له ماڤ پەنابەرانکردوە تا وایلێهات له دژی گۆڕینی ئەم مافه که له قازانجی پەنابەران نەبوو دەست لەکار بکێشێتەوە، هەروەها لەمەڕاسیمی بەخشینی خەلاّتی ئاشتی به (یەشار کەماڵ) له ئەڵانیا گراس له وتەیێك هێرشدەکاته سەر حکومەتی تورکیا و پشتگیری له کورد دەکات.

هەندێك لە بەرهەمەكانی :

دەهۆڵی تەنەكە

گەڕانەوەی شێرپەنجە

پشیلە و مشك

ساڵی سەگ

نامەكان لە بارەی سنوور

لە بیرەوەری شەیتانۆكەیێك ،

مەیدانێكی تر

دوا سەما

لەكاتی سپیكردنی پیازدا




ڕۆمانی دەهۆڵی تەنەكە

له شەستەکان ئەدەب تێکەڵ بە سیاسەت بوو، بە تایبەتی لە شەڕی ڤێتنام و جووڵانەوەی ٦٨ ئەمەش زیاتر لە شیعر و دراما رەنگی دایەوە، بە بەشداری هانس ماگنوس و ئێریش فرید و پیتەر ڤایسرۆلف دیتەر برینکمان، ئەمانە ناخرێنە نێو ئاراستە یا شەپۆلێکی ئەدەبی دیاریکراو. لە هەشتاکانەوە زاراوەی (ئەدەبی کۆمەڵگا) بلاوبۆوە دژی رۆژئاوا لەلایەن (یۆهانس .ر.بێشەر) لە ئەڵمانیای رۆژهەلات، ئەو پێیوابوو دیموکراتی بە قسە دروست نابێت، بەڵکو دەبێت لە سەر بەرهەمە و دابەشبوونی یەکسان بێت. ئەمەش خزمەتی ئەدەبی سۆسیالیستی ریالیستی دەکرد و لەگەڵ ئامانجەکانی دەوڵەتی ئەڵمانیای رۆژهەلات یەکبوو، کە دەبووا ئەدەب لەسەر بنەمای سۆسیالیستی بەرهەم بێت، کە بە (بیتەرفیلدەر ڤێگ) ناسرا.

نووسەرە گەنجەکانی ئەڵمانیا لە دوای نەوەتەکانەوە بەرهەمەکانیان زیاتر بە ئاراستەی بازاڕی کتێب بوو، ئەمەش ئەدەبی باش و خراپی تێکەلاوکرد و پرۆسەی هەڵبژاردن یا دیاریکردنی بەرهەمی ئیبداعی قورسکرد، ئەم ئەدەبە گەیشتە ئەوەی ناوی لێنرا (ئەدەبی پۆپ) نووسەرە سەرکەوتوەکان بنیامین لە شتوتگارد و ئالێکسا هینینگ و ئەندریاس نۆیەمایستەر و کریستیان کراخت، لەوانەش کراخت وەك نووسەرێکی پۆست مۆدێرن دەخوێندرێتەوە، هەروەها ئۆسڤالد ڤینەر و هانس ڤۆلف و ڤالتەر مۆرس لە نووسەرەکانی پۆست مۆدێرنن. جگە لەمانە سەرهەڵدانی مولتی کولتورەکان لە ئەدەبی ئەڵمانی بە تایبەتی

ئـەدەبی ئـەڵمانی – تـورکی و ئـەدەبی پەناهەنـدەکان، کـە ڕێـچکەی بـۆ سـاڵی ١٩٦٠ دەگەڕێتـەوە، لـەو نووسـەرانە فەریـدون زامۆگلـۆ، کـە بـە ڕەچـەڵەك تورکـە و بـە زمـانی ئـەڵمانی دەنووسـێت و پـێش چـاوە، هەروەها ڤیلادیمێر کامینەر و ڕەفیق شامی.

## هەلگرانی نۆبل لە ئەڵمانیا

تیۆدۆر مۆمسن ساڵی ١٩٠٢

رۆدۆلف ئوکن ساڵی ١٩٠٨

پاوڵ هێسە ساڵی ١٩١٠

گرهارد هاوپتمان ساڵی ١٩١٢

تۆماس مان ساڵی ١٩٢٩

هێرمان هێسە ساڵی ١٩٤٦

نێلی زاخس ساڵی ١٩٦٦

هاینریش بۆل ساڵی ١٩٨١

گونتەر گراس ساڵی ١٩٩٩

## تەلارسازی لە ئەڵمانیا

مێـژووی تەلارسـازی ئـەڵمانی مێـژوویێکی دووردرێـژە، کـە وێنـەی ئەڵمانیا نمایـشدەکات، ئەمـەش تـەنیا لـە سـنووری ئـەڵمانیا نیـە، بـەڵکو پەیوەنـدێکی ریـشاژۆی بـەوڵاتانی دراوسـێ و تـەواوی ئـەوروپاوە هەیـە، هەر بۆیە ناتوانرێت بە تەنیا باس لە تەلارسازی ئەڵمانیا بکرێـت بـەبێ وڵاتـانی تـری ئـەوروپا. هـەر لـە سـەرەتای سـەدەکانی ناوەڕاسـتەوە ئـەم کولتورە بە تێکەڵاوی دەستی پێکرد وە و لە رۆژگاری ئەمڕۆش جارێکی تـر چـۆتەوە نێـو گلۆبـالیزم. تەلارسـازی ئـەڵمانیا بـۆ سـەردەمی هـاتنی ئیمپڕاتۆری رۆمی دەگەڕێتەوە، چونکە گێرمانەکان تا ئەو کات شـتێکی ئەوتۆیان نەبوو، جگە لە کوخ و خانووی سادە و سـاکار، بـەڵام رۆمـەکان هـەر لـە سـاڵی(١٠٠ تـا ١٥٠) لەسـەر خـاکی ئـەڵمانیای ئێـستا چـەندین سەربازگە و شورە و قەڵا و پـرد و شـانۆی بازنـەییان دروسـتکرد. شـاری ترير مێترۆپۆلی ئـەوکاتی رۆمـەکان بـوو (پۆرتـا نیگـرا) پاشمـاوەی کـارە تەلارسازییەکانیانە.



**پۆرتا نیگرا لە ترير**

دوای کشانەوەی رۆمەکان بەشێکی زۆری ئەو کولتورە پێشکەوتووەی رۆمەکان ونبوو، وەك گەرم کەرەوەی خانووەکان و پەنجەرەی شوشە. ئێنجا لە پێش سەردەمی رۆمانتیك، کارلی گەورە ٨٠٠ بنکەی بۆ بۆنە ئاینیەکان لە شاری (ئاخن) دروستکرد، هەروەها دێری (ست. میشائێل) لە هیلدسهایم لە ساڵەکانی(١٠١٠ و ١٠٣٣)دروستکراوە. بەلاّم جوانترین تەلارسازی رۆمەکان لە بەشی ژێرەوەی (دۆمی سپێەر)ە، کە بەچەند قۆناغێك تێپەڕیوە تا لە سەدەی ١١ وەك گەورەترین کاری بیناسازی جیهانی مەسیحی و سیمبولی هێزی بیناسازی رۆمی دەرکەوت، هەروەها دۆمی ڤۆرسەر و دۆمی ماینتسەر نمونەی هونەری بیناسازی رۆمەکانن.

لە قۆناغی رۆمانتیك هونەری بیناسازی بەردەوامبوو لەسەر دروستکردنی دێر و کڵێسە، کە زۆربەی هەرێم و ناوچەکانی ئەڵمانیای گرتبۆوە، بەلاّم قۆناغی (گۆتێك)، کە جۆرە ستایلێکی فەڕەنسی بوو، یەکەم بینا بەم ستایلە لە ساڵی ١٢٣٠ لە ئەڵمانیا دروستکرا، ئەم ستایلە گرینگی بە درێژی منارەکان دەدا، ئەمەش بووە مۆدەی ئەوکات و کاری گەورە گەورە ئەنجامدران زۆربەشیان تا سەدەی ١٩ درێژەیان کێشا لەوانە (دۆمی کۆلن) کە دوای دۆمی میلانۆ گەورەترین کڵێسەی جیهانە، پاشان ئەم مۆدەیە ناوچەکانی باکووری رۆژهەلاتی ئەڵمانیای گرتەوە. هەر لەسەردەمی گۆتێك بینای پارێزگا و شارەوانیەکانی شارەکان دەستی پێکرد وەك بینای شارەوانی شاری سترالسوند لە ساڵی ١٣٥٠ و شارەوانی برێمن لە ساڵی ١٤١٠ و شارەوانی مونستەر.



بەشی ژێرەوەی دۆمی سپێیەر



شارەوانی ئاوگستبورگ

لە سەردەمی رێنساس شارەوانی ئاوگستبورگ لە ساڵی ١٥٠٩ لەسەر ستایلێکی تایبەتی ئیتاڵی دروستکرا، ستایلی رێنساس یا ستایلی ئیتاڵی

پێدەڵێن ورده ورده لـه ئاوگستبورگ دەسـتی پێکـرد و شـوێنەکانی تـری ئـەڵمانیای گرتـەوە، بـەڵام بـە هـۆی دابەشـبوونی ناوچـەکان بەسـەر میرنیشینەکان و بـەهێزبونی لایـەنی چـەکداری لـە سـاڵی ۱۵۲۰ نـەتوانرا ئـەم مۆدەیـە بەتـەواوەتی بلاْوبێتـەوە. گـرینگترین کارەکـانی سـەردەمی رێنساس کلێسەی (ست. میـشائێل) لـە مونـشن سـاڵی (۱۵۸۰) و هـەروەها کۆشکی هایدلبێرگ، هەروەها لە نیدەرزاکسن و نۆردراین پاشماوەی ئـەو سەردەمە دیارە لە کۆشك و خـانووی دەسـەلاْتداران، هـەروەها بەهـەمان شـێوە تەلارسـازی رێنـساس لـە هـاملن و لێمگـۆ و شـارەوانی لایپزیـك و کۆشکی درێزدن.

تەلارسـاز لـە سـەردەمی بـارۆك بـەهۆی شـەڕی سـی سـاڵە لـە ئـەڵمانیا دواکـەوت بـۆ سـاڵی (۱٦۵۰) یەکـەم کـاریش لـەو سـەردەمە دروسـتکردنی کلێسەی ژنان بوو، ئینجا کۆشـك بـۆ مـەلیك و میرەکان لەسـەر شـێواز و ستایلی بارۆك. دوای بارۆك تەلارسازی ئەبسۆلوتیزمۆز دەست پێـدەکات، لە نەخشەی ناوەوە و پەیژە و رازاندنـەوەی ژێـر سـەقفەکان بـە تـابلۆی رەنگـاوڕەنگ و دیـواری پلاسـتیکی و وێنـەی مـەلیك و میرەکـان، بـەڵام بەشێکی هونەری بیناسازی ئەبسلۆتیزمۆز تەواوکـەری کارەکـانی بـارۆك بـوو، دیـارترین نمونــەش: بنکـەی ڤرتـسبورگ و هـۆلی قەیـسەر لـە کارەکانی (یۆهان بالتهاسەر نۆیەمان)بوو لە ۱۷۲۰



کڵێسەی ژنان لە درێزدن

هەروەها نیوپالایس لە پۆتسدام و کۆشکی چاڕلۆتنبیرگ لە بەرلین و کۆشکی ئاوگستبورگ لە برول.

دروستبوونی تەلارسازی کلاسیکی، جولانەوەیەك بوو دژی باڕۆك، ئەمەش تەنیا خۆی لە تەلارساز نابینێتەوە، بەڵکو لە تەلارسازی کشتوکالیش(لادێی) دەردەکەوێت، هەروەك دروستکردنی باخچە بۆ کۆشکەکان و دروستکردنی پارکی سەرنج راکێش بە تایبەتی باخچەی ئینگلیزی لە سەردەمی فریدریش ویلهێلم لە ئێردمانس دۆرف لە ساڵی ١٧٦٤، لەو سەردەمە ئازادی سروشت سەریهەڵدا و پاشانیش لە سەردەمی رۆشنگەری ئازادی مرۆڤ بلاّوبووەوە.

لـە سـالّی(١٨٢٠)هیـستۆریزمۆز دەرکـەوت و بلاّوبـووەوە، دیـارترین بیناسـازی ئـەوکات (گۆتفریـد سـێمپەر)بـوو، کـە گەلـەری شـێوەکاری درێزدنی لە سالّی(١٨٥٥)دروستکرد و دوای سوتا، بـەلاّم جارێکی تـر لـە سالّی ( ١٨٧٨) دروستیکردەوە.



ئۆپێرای سێمپەر

## تەلارسازی گەنجەکان

لە ساڵانی (١٨٩٠ تا ١٩١٠) شێواز و ستایلێکی نوێ بەناوی گەنجەکان دەرکەوت، بەرچاوترین نمونەی تەلارسازی گەنجەکان (هونەرمەندی کۆلۆنی) لە دارمشتاد، هەروەها ئەرشتێکت(یوزێف مارییا ئۆلبریش) لە نێوان ساڵانی (١٩٠١ و ١٩٠٨) کۆمەڵێك نەخشەی کردە راستی، وە (پیتەر بێرنس) لە سازکردنی خانوو رۆڵێکی گرینگی هەبوو، شان بەشانی ئەوانە (هێنری ڤان دێ ڤالدە)ی بەلجیکی، کە لە نێو ستایلی گەنجەکان کاری دەکرد، لە ساڵی (١٩٠٦) لە ڤایمەر قوتابخانەی هونەری دروستکرد.



ستایلی گەنجەکان

## تەلارسازی مۆدێرنە

دەرکـەتنی تەلارسـازی مۆدێرنــە لــە رێگـای دروسـتکردنی شـوێنی پیـشەسازییەوە بـوو، بـە تایبـەتی (تـۆربینن هالـە) لەبـەرلین لەلایـەن پیتەر بێـرنس لـە ساڵی(١٩٠٨) یەکەم باڵەخانـەی بـەرز لـە ئـەڵمانیا لـە ساڵی(١٩١٥)دروستکرا، تـاوەری ئاینـشتاین لـە پۆتـسدام، کـە لـە سـتایلی ئێکسپرێـسیۆنەکانە لــە سـاڵی (١٩٢١)لەلایـەن (ئێـریش مێندلـسۆن)وە دروستکرا، ئینجا شێوازی دروستکردنی شوقەی گـەورەی نیـشتەجێبوون لـە دێـساو لەلایـەن (مـیس ڤـان دێـر رۆ) ئەمـە نـوێترین پـرۆژە بـوو لـە ئەڵمانیا، یـەکێتی کاری ئـەڵمانیا لـەژێر چاودێری (مـیس ڤـان دێـر رۆ) ریزە شوقەی شتوتگارتی دروستکرد، کە تا ئێستاش بەناوبانگترین کـاری بیناسـازی ئەوروپایـە، بـەڵام دوای هـاتنی ناسـیۆنال-سۆسیالیـستەکان پرۆژەکە راگیرا، کۆتای بە تەلارسازی مۆدێرنەی ئـەڵمانیا هێنـا، چـونکە ناسیۆنالیـستەکان لەسـەر سـتایلی کلاسـیکی مـۆدێرن کاریـان دەکـرد، ئەمـەش وایکـرد شـێوازی شـوقە بـچێتە دەرەوەی ئـەڵمانیا بەتایبـەتی ئـەمریکا و ببێتـە شـێوازێکی جیهـانی، بـەڵام نازییـەکان زیـاتر بـە دوای هێمای دەسەڵات دەگەڕان، بەتایبـەتی فۆرمـەکانی ئـەنتیك و کلاسـیزمی سـەردەمی پرۆسـیەکان نمونـەی کـاری نازییـەکان دروسـتکردنی (هـۆلی کۆنگرە) کە تەواو نەکرا، هەروەها پرۆژەی یارییـەکانی ئـۆلمپی لـە ساڵی ١٩٣٦ لەلایەن (ئارنۆ بێکەر).



تاوەری ئاینشتاین



باوهاوزی دێساو



هۆلی کۆنگرە

## تەلارسازی دوای شەڕی دووەمی جیهانی

کارەکانی ئەو سەردەمە بریتیبوو لە تەواوکردنی پڕۆژەکانی سەردەمی ناسیۆنالیستەکان وەك (هۆلی ستالین و کارل مارکس ئالێ). بەڵام قۆناغی دوای ئەمە لە ساڵی (١٩٥١) دەست پێدەکات بە بەشداری (هێرمان هێنسلمان، ئیگۆن هارتمان، ریچارد پاولیك، کورت لۆیشت). بە هەمان شێوە لە رۆژهەلاتی ئەڵمانیا پڕۆژەی شاری ستالینی دەستی پێکرد، بە دروستکردنی شاری تازە و شوقەی نیشتەجێبوون و هۆلی گەورە، دیارترین کاری رۆژهەلاتی ئەڵمانیا دروستکردنی دیواری بەرلین بوو لە ١٣ ئاوگستی ١٩٦١.



هوفئایزن زیدلونگ لە بەرلین



هۆلی ستالین لە فڕانکفۆرت

هەر دوای پەنجاكان تەلارسازی ئەڵمانی بە ڕەچاوكردنی ناوچەی سەوزایی و رووبەری فرەوان و ڕێگاوبان و ژێرەوەی باڵەخانەكان و داهاتووی ناوچەكە پرۆژەكانی جێ بە جێكرا، ئینجا لە یادی سەد ساڵەی پەرلەمانی ئەڵمانیا، كە لە ١٩٤٨ دروستبوو،كڵێسەی پاول لە فرانكفۆرت دروستكرایەوە، وەك سیمبولی دیموكراتی لە ئەڵمانیای نوێ، هەروەها دروستكردنی كڵێسەی یادگاری قەیسەر ویلهێلم لە بەرلین لەلایەن ئیگۆن ئایەرمان. پاشان لە ساڵی (١٩٧٢) ئۆلمپیا شتادیۆنی مونشن دروستكرا، بەرامبەر بە نەخشەی ساڵی (١٩٣٦)ی نازییەكان، كە ویستیان لە بەرلین  جێ بە جێی بكەن.



فرانكفۆرت



ئۆلمپی ستادیۆن لە مونشن



کڵێسەی یادگاری قەیسەر لەبەرلین



تێپۆت

## ئەرشتێکتۆری پۆست مۆدێرنە

لە ناوەڕاستی حەفتاکان لە ئەمریکا ستایلی پۆست لە بیناسازی جێ بە جێکرا تا هەشتاکان، دوای بە شێوەیەکی سنووردار گەیشتە ئەڵمانیای رۆژئاوا، بەڵام دوای بووە ستایلێکی جیهانی، ئەم ستایلە کار لەسەر وەرگرتنی لایەنی مێژوویی و کاری کاتۆری دەکات، پێیانوایە تەلارساز نابێت هەر تەنیا کارێك بکات، بەڵکو دەبێت شتێك بگێڕێتەوە یاخود ناوەڕۆك دەربخات نمونەی کارەکان مۆزەخانەی تەلارسازی فرانکفۆرت ساڵی (١٩٨٤) لەلایەن (ئۆسڤالد ماتیاس ئەنگەرس) دروستکرا، کە ڤیلایێکی هێناوە لە ناوەوە خانووێکی تری دروستکردوە واتا (خانووێك لە ناو خانووێك) ئەمە وەرگرتنێکی مێژووییە، کە باس لە دەست پێکردنی هونەری بیناسازی سەرەتای دەکات، هەروەها مۆزەخانەی (هونەری مۆدێرن) لە فرانکفۆرت ١٩٩١، لەلایەن (هانس هۆلاین) نمونەیەکی تری ئەرشتێکتۆری پۆست مۆدێرنە، هەورەها گەلەری وڵات لەشتوتگات لەلایەن(جیمیس ستیرلینگ).



ستایلی پۆست مۆدێرنە

## تەلارسازی هەڵوەشانەوەگەری

ئەم ستایلە لە ناوەڕۆکە فەلسەفییەکەی وەرگیراوە و لە ساڵی (١٩٨٠) وە کاری پێکراوە، نمونەی ئەم ستایلە (سەنتەری دۆکومێنتەکان) لە نۆرنبێرگ لە ساڵی (٢٠٠١) کە هۆڵی کۆنگرەی نازییەکانیان هەڵوەشاندۆتەوە، هەروەها کارگەکانی ڤیترا لەسەر راین. هەروەها تەلارسازی هەڵوەشانەوەگەرایی بە سود وەرگرتن لە کۆمپیوتەر ستایلی تازەتریان داهێنا.



ستایلی هەڵوەشانەوەگەرایی



**ستایلی نوێی هەڵوەشانەوەگەرای**

ئێستا تەلارسازی ئەڵمانی زۆر بەگرینگی سەیر دەکرێت و زۆر بە وردیش دەچێتە بواری پراکتیکی بە بەرزترین تەکنیك و نیفۆ لەلایەن کۆمەڵێك ئەندازیاری بیناسازی، کە ناوبانگی جیهانیان هەیە و ئەکتیڤن لە زۆر ولات.

تەلارسازی ئەڵمانی سنووری ولاتەکەی بەزاندوە و بە هۆی پێشکەوتن و پەیوەندی ئابووری لە نێوان وڵاتانی جیهان و داهێنانی شێوازی نوێ.



سەنتەری بانکی ئەڵمانی



فیلی شوشە لە پارکی ماکسیمیلیەن لە هام



**باڵەخانەی پەرلەمانی دوسلدۆرف**

## درێژترین زێ و گرینگترین زێ
## زێی راین لە ئەڵمانیا

جگە لە دەریای باکوور و دەریای رۆژهەلات، کە کەوتوونەتە باکووری ئەڵمانیا، زێی راین وەکو سەرچاوەی ئاویی و گەشتیاری و بازارگانی لە رێگەی کەشتیەکان و سیستەمی پەیوەندی راین بە دەریاکان و زێ و رووبارەکان، بە پلەی یەکەم دێت لە ئەڵمانیا.

راین سەرچاوەکەی لە چیاکانی ئەڵپە لە سویسرا، گەورەترین زێیە، کە لە ناوچە شاخاوییەکان بەرەو خاکی ئەڵمانیا شۆڕدەبێتەوە، درێژی راین ١٣٢٠ کم درێژترین زێیە لە ئەڵمانیا، کە ٨٦٥ کم لەخاکی ئەڵمانیا دەبڕێت.




هـــەروەها زێ و رووبارەكـــانی تـــر وەك (ئێلبـــە، دۆنـــاو، ئـــۆدەر) بـــۆ هاتوچۆی كەشتییەكان زۆر گرینگن، بەتایبەتی (دۆناو) كە لە باشووری ئەڵمانیا لە رۆژئاواوە بـۆ رۆژهـەلات دەڕژێت و دەچێتەوە نـاو دەریـایی سویسڕا و لەوێش بۆ بەرەو باكوور دەرژێت بۆ نـاو دەریـایی رۆژهـەلات، هەروەها چەند زێیكی تر دەرژێنە دەریایی رۆژهەلات لە ناو ئـەڵمانیاوە وەك (ئیمس، ڤێسەر، ئێلبەر، ئۆدەر) ئەمانە هەموویان لە رێگای كەنالی سروشـتی یـاخود دروسـتكراو بـە یـەكتر بەسـتراونەتەوە، كـە پێـدەڵێن:

سیـستەمی شـەقامی ئـاوی یـا ڕێگـای ئـاوی، کـەناڵی دەریـای بـاکوور و دەریای ڕۆژهەڵات هەردوو دەریا بە یەکتری دەبەستێتەوە، هەروەها زێی ماین و دۆنـاو بـە کـەناڵێك بەسـتراونەتەوە بـە یـەکتری ڕێگـای دەریـایی باکوور و دەریایی ڕەش یان پێکهێناوە.




سەرچاوەی ڕاین

زێی راین، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەورووپا و ڕۆژئاوای ئەورووپا، لە چیاکانی ئەلپ لە سویسراوە دەست پێدەکات و بە ئەڵمانیا تێدەپەڕێت بۆ هۆڵەندا، بەڵام پێش ئەمانەش لە ڕێگای چەند لقێك بە ڕۆژهەلاتی فەرەنسا و ڕۆژئاوای نەمسا بەستراوەتەوە، راین پڕ هاتوچۆترین ڕێگای ئاوییە لە جیهان، کە ٨٨٣ کم بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنرێت.





سەرچاوەکانی راین

راین مێژووییەکەی بۆ نزیکەی دە ملیۆن ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، سەرچاوەکەشی ئەوشوێنەی ئێستا نەبووە، بەڵکو کایزەر شتول بوو، لە (فۆرمن) دەستی پێکردووە و بە هێسن و تا بینگەفۆرتە، هەروەها پێشتر فۆرمی جیاتربووە و دۆڵەکانی فرەوانتربووە، تا ئێستا زیاتر لە بیست جار ئاوی راین زیادیکردووە و بۆتە هۆی لافاو لە شارە جیاجیاکانی سەر راین، هەروەها راین ساڵانە بەردەوام لە وەرزی زستان بۆتە سەهۆڵبەند، بەڵام بەهۆی گەرمبوونی ئاوهەوا دواجار لە ساڵەکانی (١٩٦٢ -١٩٦٣) بەستبووی.



راین به بەستویی ساڵی ١٩٢٩

## ناوی زێی راین

پێشتر پێدەگوترا: رۆنە یا راینا، بە ئیندۆگێرمانی بە واتای (رژان) دێت، کە ئەم ناوە ئێستا لە زمانی ئەڵمانی بۆتە (کار)، هەروەها لە زمانی ئیسپانی (ریۆ) و بە ئینگلیزی (رێڤەر) هەردووکیان بەواتای رووبار دێن، بەزمانی یۆنانی کۆنیش (رێن). هەروەها لە وشە بیانییەکانی ناو زمانی ئەڵمانی (دیاررئۆ، رێیۆلۆگی).

کێلتن، کە نەتەوەیەکی پێش سەردەمی گێرمانەکان بوون، بە رووباریان دەگوت: رێنۆس، رۆماکان دەیانگوت: رێنوس، ئەم ناوەش پێشتر لەلایەن میللەتانی چیاکانی ئەلپ نزیک سەرچاوەی راین بەکار

هاتووە، بەڵام کێلتنەکان وشەی (رۆ-ئێن)هەیە بە واتای ئاوی گەورە یاخود ئاوی رژاو. هەروەها ناوی راین لە دیالێکت و زمانە جیاکان دەگۆڕێت بە فرەنسی (رین) بە ئەڵمانی سویسڕی (رێی) بە هۆلندی (رێن) بە فریزی (رین).

ئەو شارە گەورانەی دەکەونە سەر زێی راین لە لای چەپەوە (بازل، شتراسبورگ، ماینتس، کۆبلێنتس، بۆن، کۆلن، نۆیس، نیم ڤیگن، ئوترێخت، لایدن) ئەو شارە گەورانەش، کە دەکەونە سەر راین لەلای راست (کارلسرو، مانهایم، ڤیسبادن، دوسلدۆرف).





دوسلدۆرف    کارلسرو    کۆلن

## هەرێمە یەکگرتووەکانی ئەڵمانیا

هەرێمەکانی ئـەڵمانیا، کـە شـازدە هـەرێمن لـەڕووی رووبـەر و شـوێنی جوگرافی و ئابووری و ژمارەی دانیشتوان و دیالێکت و شێوەزار لە یـەکتر جیاوازن، بەڵام لەڕووی مێژوو، زمـان، کولتـور زۆر لـە یـەکتری نـزیکن. بـۆ نمونـە هـەرێمی (بایـەر) لـەڕووی رووبـەرەوە گـەورەترین هەرێمـە، بـەڵام لـەڕووی ژمـارەی دانیـشتوان هـەرێمی (نـۆردراین ڤێـستفالن) گـەورەترین هەرێمـە، بچوکترین هـەرێمی ئـەڵمانیا هـەرێمی (بـرێمن)ە. ئـەم هەرێمانـە بـەپێی دەسـتور و رێککـەوتن هـەر لـەزووەوە یـەکیان گرتـووە، هـەموو هەرێمـەکان حکومـەتێکی سـەربەخۆیان هەیـە، بـە تەواوی دامودەزگاکانەوە، لە هەمان کاتیشدا لەژێر دەسەڵاتی حکومـەتی ناوەندی بەرلینن لە بڕیاری کۆتـای هـەر مەسـەلەیەکی چارەنوس سـاز. هەروەها ئەم هەرێمانە خاوەن دەستوری خۆیانن، بڕیـاری نـاوەخۆی لـە دەست خۆیانە، لە زۆر شتی ناوەخۆیی لە یەکتر جیاوازن.

**هەرێمەکان بەپێی رووبەر و ژمارەی دانیشتوان(بە ملیۆن) و پایتەختەکانیان:**

| هەرێم | پایتەخت | رووبەر بە کم$^2$ | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|---|---|
| بادن-ڤوتمێرگ | شتوتگارت | ٧٥٢،٣٥ | ٧٤٩،١٠ |
| بایرن | مونشن | ٥٥٢،٧٠ | ٥٢٠،١٢ |
| بەرلین | - | ٨٩٢ | ٣٤١٦ |
| براندنبورگ | پۆتسدام | ٤٧٩،٢٩ | ٢٥٣٥ |
| برێمن | برێمن | ٤٠٤ | ٦٦٣ هەزار |
| هامبورگ | - | ٧٥٥ | ١٧٧٠ |
| هێسن | ڤیزبادن | ١١٥،٢١ | ٦٠٧٢ |
| مێکلینبورگ-فۆرپۆمرن | شڤێرن | ١٨٠،٢٣ | ١٦٧٩ |
| نیدەرزاکسن | هانۆڤەر | ٦٢٤،٤٧ | ٧٩٧١ |
| نۆردراین ڤێستفالن | دوسلدۆرف | ٣٤,٨٥ | ٩٩٦،١٧ |
| راین لەند-فالتس | ماینتس | ٨٥٣،١٩ | ٤٠٤٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| سارلەند | ساربروکن | ٢٥٦٩ | ١٠٣٦ |
| زاکسن | درێزدن | ٤١٦،١٨ | ٤٢٢٠ |
| زاکسن-ئەنهالت | ماگدبورگ | ٤٤٦،٢٠ | ٢٤١٢ |
| شلایسڤێگ-هۆلشتاین | کیل | ٧٩٩،١٥ | ٢٨٣٧ |
| تورینگن | ئێرفۆرد | ١٧٢،١٦ | ٢٢٨٩ |

* ژمارەی دانیشتوان بە ملیۆنە

## هەرێمی بایرن

گەورەترین هـەرێمی ئەڵمانیایـە لـەڕووی رووبـەر(٧٠،٥٥١)هـەزارکم$^2$ و دووەم هەرێمــە لــەڕووی ژمــارەی دانیــشتوانەوە(٠٠٠ ١٢،٥١٩) لــە دوای هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن، پایتەختەکەی شاری (مونـشن)ە، هـەرێمی بــایرن بیــست شــاری گــەورەی تێدایــە، دانیــشتوانی رەســەنی بــایرن پێکهـاتووە لـە ٤،٦ ملیـۆن بـایرنی کـۆن و ٢ ملیـۆن شـڤابی و ٨،١ ملیـۆن فرانکی.

لەڕووی جوگرافییـەوە دەکەوێتـە باشـووری رۆژهـەلاتی ئـەڵمانیا و لـە سێ ناوچە پێکهاتووە (بایرن، شڤابن، فرانکن) سنووری بە هەرێمـەکانی بادن-ڤوتمبێرگ و هێسن و تورینگن و زاکسنەوەیە لە باکوور و باکووری رۆژئـاوا و رۆژهـەلات، لـە باشـوور و باشـووری رۆژهـەلات سـنووری بـە نەمسا و بۆدن زێ و سویـسڕا و چیکەوەیە، زێـی دۆنـاو گـەورەترین زێ هەرێمی بایرنە لەگەڵ رووبارەکانی (ئیلەر، لئێش، ئیسار، رین).



مێـژووی ئـەم هەرێمـە، لەسـەردەمی قەیـسەر ئاوگوسـتۆس دەسـت پێدەکات، لەو کاتەی کێلتنەکان لە بـایرنی کۆن و باشـووری زێـی دۆنـاو نیشتەجێبوون، دوای هەرەسی رۆمەکان گێرمانـەکان، کـە بەشـێك بـوون لە کێلتنەکان و بەشێکیش لە بنەچەی رۆمەکان لە ساڵی (٥٥٥) زاینی لە بـایرن دروسـتبوون و ناوەنـدێکیان لـە (فـرازینگ) دانـا، بـەلاّم دوای سەرکەوتنی کارلی گـەورە بەسـەر بایرنـەکان لـە سـاڵی (٧٨٨) کۆتـای بـە بنەچەی رەسـەنی بـایرن هێنـا، لـە شـەڕەکانی دژی هـەنگاریا کاریگـەری زۆری لـە بـەهێزبوونی بـایرن کـرد، دواجـار لـە سـاڵی (١٠٧٠) توانیـان پێگەیەکی بەهێز دروست بکەن.

مارگراف لویتپۆلد لـه بـایرن لـه (کوشـتارگەی پرێـسبورگ) بەرامبـەر هەنگارییـەکان دۆڕانـدی، ئەمـەش وایکـرد کوڕەکـەی (ئـارنولفی یەکـەم) بێتـە جیگـەی و بـایرنی نـوێ دروسـت بکـات و سـنووری ناوچەکەشـی فراوان بکات تا سەرویی نەمـسا، بـەلأم فریدریـشی یەکـەم باربارۆسـا لـە ساڵی (١١٨٠) کۆتای بەم دەسەڵاتە هێنا.

بـایرن لـەنێوان سـاڵانی (١٢٥٥ تـا ١٥٠٣) چـەندین جـار دابەشـکراوە و یەکیگرتۆتەوە، بـەلأم هـەر لـەژێر دەسـەڵاتی (ڤیتلـسباخەرەکان)بـوو تـا ساڵی (١٩١٨).

لـە سـەردەمی ریفـۆرم و شـەڕی سـی سـاڵە پێـشەنگ بـووە و زەوێکـی زۆری دەستکەوتووە، ماکسیمیلیان بەرامبەر سـەرکەوتنەکانی لـە شـەڕی پرۆتستانەکان کرا میری میران(کاندید بۆ مەلیك) و بـایرنی بـەهێزکرد، بەتایبەتی لە سەردەمی ماکسیمیلیانی دووەم گەشیتە بـەرزترین ئاسـتی سیاسی.

لە سەردەمەی ناپلیۆن بایرن لایەنگری فەڕەنسییەکانبوو ناوچـەیەکی زۆری نەمسای دەست کەوت، هەروەها لە هەڵگەڕانەوە و دژیـاتی کردنـی نلپلیـۆن، لـە سـاڵی (١٨١٤) لـە کـۆنگرەی ڤێنـا وەکـو هێـزی سـەرکەوتوو مامەلەی لەگەڵ کرا و توانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خـۆی بپارێزێـت و بۆ خۆی بێت، لەو کـاتیش شـاری مونـشن وەك شـاری هونـەر لەلایـەن (لودڤیشی یەکەم) ناسرا.

له شەڕی پرۆسیا و نەمسا، بایرن لایەنگری لە نەمسا بوو، هەر ئەم هۆیەش وایکرد پرۆسیاییەکان دوای شەڕ قەرەبووی شەڕیان پێ بکەنەوەو لە ساڵی (١٨٧١) کردیانە بەشێك لە پرۆسیا، بەلأم کەمێك دەسەڵاتی ناوەخۆیان بۆ هێشتنەوە.

لە ساڵی (١٩١٨) دەسەڵاتی (ڤیتلسباخەر)ەکان رووخا، لە ٨ی نۆڤێمبەری ١٩١٨ میر ئایزنە سەربەخۆی بایرنی راگەیاند.

لە ساڵ (١٩١٩) گروپە سۆسیالیستەکان بۆ ماوەیەکی کەم توانییان کۆماری بە بایرن بلکێنن. لە ساڵی (١٩٢٠) بە دەنگدان خرایە سەر کۆماری (ڤایمارەر)ی ئەڵمانیا. لە ساڵی (١٩٢٣) بووە مەیدانی نمایشی کودەتای هیتلەر. لە نێوان ساڵانی (١٩٣٣ تا ١٩٤٥) هیچ گرینگێك بە بایرن نەدرا، هەروەها لە شەڕی دووەمی جیهانی گەورەترین زیانی پێکەت. لە ساڵی (١٩٤٩) ئەم هەرێمە بووە بەشێك لە کۆماری یەکگرتووی ئەڵمانیا. لە ساڵی (١٩٦٢ تا ٢٠٠٨) پارتی مەسیحی سۆسیال زۆرینەی رەها بوو لە پەرلەمان، بەلأم لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٨) ئەم داستانە کۆتای پێهات.



پەرلەمانی بایرن

## سیمبول و ئاڵای بایرن





ئاڵای بایرن

سیمبولی بایرن

سیمبولی بریتیە لە دەسەڵاتی پێشو و ناوچەکان، کە لە شێری زێڕین و پشیلەی کێوی شین و دڵی دوو رەنگ و تاج پێکهاتووە. ئاڵاکەشی سپی و شینە بە دوو شێوە سپی و شینی تێکەڵ و سپی و شینی ئاسایی.

## ئابووری بایرن

لەڕووی ئابوورییەوە هەرێمێکی زۆر بەهێز و دەوڵەمەندە، لە ماوەی رابردوو لە هەرێمێکی کشتوکاڵی بووە هەرێمێکی تەکنۆلۆژی پێشکەوتوو. گرینگترین کارگە و کۆمپانیاکانی بریتیە لە کۆمپانیاکانی ئوتومبێل وەك (بی ئێم دەبلیو=*BMW*، ئاودی*Audi*، مان*MAN* ) هەروەها زیمێنس و ئینفنۆن و مایکرۆسۆفت و فوگی زیمێنس کۆمپیوتەر. جگە لەمانە میدیا و چاپەمەنی وەك (پرۆزیبن سات میدیا، پریمیرە، کابلی ئەڵمانیا، چاپخانەی بوردا). هەروەها شوێنە سەرنج راکێش و مێژووییەکان بە تایبەتی باخچەکانی بیرە و چەندینی تر. لەلایەکیتر ئاوتۆبان و هێلی ئاسنی و ئاوی و فرۆکەخانەکان بەشێکی تری ئابووری بایرنن.



ئاوتۆبانی بایرن و هێڵی ئاسنی

## کولتوری بایرن

لە بایرن دەتوانرێت مێژووی هەزار ساڵی کولتوری بە چاو ببینرێت، کە زۆرترین مۆزەخانەی تێدایە و ژمارەیان دەگاتە (١١٥٠)مۆزەخانە، ژمارەیەکی زۆری شانۆی حکومی و پریڤات و ئۆپێرا، کە ساڵانە (١٤٠٠) نمایشی هەیە لەگەڵ ٨،٤ ملیۆن بینەر، هەروەها بایرن تەنیا میوزیکی

فۆلكلـۆری نییـه، بـەڵكو هـەر شـوێنگەی (مـاكس رێگـەر، كـارل ئـۆرف، ویلفرید هیلەر، ریچارد شتراوس، كریستۆف ویلیبالد گلوك)ە .

هـەروەها بـایرن سـێ خـەڵاتی ئـەدەبی هەیـە (خـەڵاتی ئیرسـێر پێگاسوس، خەڵاتی یان پاول،

خەڵاتی كارل فۆسلەر). لەڕووی ئەكادیمیاوە بیست و حـەوت زانكـۆ و قوتابخانەی بەرزی لێیە. گرینگترین رۆژەكانی بـایرن بەتایبـەتی شاری مونـشن (ئاهـەنگی ئۆكتۆبـەرە) كـە لـە كۆتـای مـانگی سـپتێمبەر دەست پێدەكات تا سەرەتای مـانگی ئۆكتۆبـەر. هـەروەها بـایرن بـە جلوبـەرگی فۆلكلۆری بەناوبانگە، كە لە ئۆكتۆبەر دەبەری دەكەن.


مەقەڕی ڤورتسبورگەر


پردی بەردین و دۆمیرێگنسبورگ


بامبێرگەرە دۆم

زمـانی بـایرن لـە دامودەزگـای حكـومی زمـانی سـتاندارتی ئەڵمانییـە، بـەڵام لـە دەرەوەی شـارە گـەورەكان بـە دیالێكـت قـسە دەكـەن، كـە سـێ دیـالێكتی سـەرەكیان هەیـە، بـایریش لـە باشـووری رۆژهـەلات قـسەی پێدەكرێت، فرانكی نزیكەی سێ ملیۆن كەس لە باكووری رۆژئاوا قـسەی

پێدەکات، هەروەها ئالەمانی(ئەڵمانی) دوو ملیۆن کەس لە رۆژئاوا و باشووری رۆژئاوا قسەی پێدەکەن.

### ئاینی بایرن

بایرن بە هەرێمێکی کاتۆلیکی دەژمێردرێت، لەگەڵ ئەمەش لە بەشی فرانکی رێژێکی زۆر پرۆتستانی هەیە، بەلاَم بەگشتی بیروباوەڕی ئاینی لە بایرن لە کەمبوونەوەدایە، ئاینەکانیتر بەشداریان لەم هەرێمە زۆر کەمە، تا سەدەی ١٩ هیچ جولەکەی لێ نەبووە، هەروەها ئیسلام لەسەدا ٢،٢٪ پێکدەهێنێت، ئاینەکانیتر بە رێژەی کەمتر.

## هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن



سیمبولی نۆردراین ڤێستفالن



ئالآی نۆردراین ڤێستفالن

ئـەم هرێمـە دەسـەلآتی ناوەنـدی لـە دوسـلدۆرفە، رووبەرەکـەی (٣٤,٨٥)هەزارکم$^2$ و ژمـارەی دانیـشتوانی ،٧٤ ٩٩،١٧ کەسـە. کـورتکراوەی نـاوی هـەرێمی نـۆردراین ڤێـستفالن($NRW$)ە، سـنووری جـوگرافی دەکەوێتە رۆژئاوای ئەڵمانیا و سنووری لە باکوور و بـاکووری رۆژهـەلات بەهەرێمی نیدەرزاکسن نوساوە و لـە باشـووری رۆژهـەلات بـە هـەرێمی هێسن و راین لەند-فـالتس و لـە رۆژئـاوا بـە بـەلجیکیا و هۆلەندایـە. لـە رووی ژمـارەی دانیـشتوانەوە گـەورەترین هـەرێمی ئەڵمانیایـە یـاخود

بڵێن: زۆرترین دانیشتوانی هەیە و لە رووبەریش چوارەم هەرێمە و لە سەدا (٢٥٪)ی دارستانە.




هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن

## لەڕووی مێژوویی

ئەم هەرێمە مێژوویێکی زۆر کۆنی نیە، سەرەتای دروست بوونی بۆ ساڵی (١٩٤٦) دەگەڕێتەوە، لە دوای شەڕی دووەم جیهانی و لەژێر دەسەڵاتی بەریتانییەکان. پێشتر ئەم هەرێمە بوونی نەبوو، بەڵکو چەند هەرێمێکی بچوکتربوو بەهۆی کێشە ناوەخۆییەکان بە تایبەتی لەسەردەمی ریفۆرم، وەك (ڤێستفالن، راین، لیپە) ماوەیەك میری خۆیان هەبووە، بەلاّم لە ساڵەکانی (١٧٠٠ و ١٧٦١) کلیمێنت ئاوگوست مەلیکی بایرن، ئەم ناوچەیەی یەکخستەوە و دەسەلاّتێکی ناوەندی بۆ لە بۆن دانان، دوای هاتنی ناپلیۆن و ئازادکردنی هەرێمەکە لە میرنیشینەکان، هەرێمەکەی فرەوانکرد، بەلاّم لەگەڵ دۆڕاندنی ناپلیۆن جارێکیتر ئەم هەرێمە هەڵوەشایەوە و خرایە سەر پاشایەتی پرۆسیا. تا ساڵی (١٩٤٦) بەریتانیەکان دوای کۆبوونەوەی لەندەن، لە بەرلین لەکۆنگرێکی رۆژنامەوانی دروستکردنی ئەم هەرێمەیان راگەیاند، ئینجا دوسلدۆرفیان کردە پایتەخت و سەرۆك وەزیرانیان دانا. لە ٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٧ یەکەم هەڵبژاردن ئەنجامدرا، لە ساڵی (١٩٤٩) بەپێی دەستور خرایە سەر کۆماری ئەڵمانیای یەکگرتوو، لە ساڵی (١٩٥٣) ئالاّ و سیمبولی خۆیان دەستنیشانکرد، لە ساڵی (١٩٥٤) یەکەم رادیۆی هەرێم لە کۆلن دامەزرا، لە ساڵی (١٩٦١-١٩٦٥) زانکۆی (بوخم و دۆرتمۆند) کرانەوە، لە ساڵی (١٩٧١) پازدە قوتابخانەی بەرز لەم هەرێمە کرانەوە وەك بیلیفێلد و ئاخن و دیزبورگ و دۆرتمۆند و چەند شارێکیتر. بۆ

ماوەی بیست ساڵ (یۆهانس راو) سەرۆك وەزیرانی ئەم هەرێمە بوو، لە سەر لیستی سۆسیال-دیموکراتەکان، کە سی و نۆ ساڵ بوو حکومی ئەم هەرێمەیان دەکرد.ئالاّ و سیمبولەکەیان نیشانەی هەر سێ هەرێمە یەکگرتووەکەی تێدایە وەك (ڤێستفالن و راین و لیپە).

زمانی ئەم هەرێمە زمانی ستاندارتی ئەڵمانیە، بەلاّم لە هەرێمە بچوکەکان بە دیالّکتی خۆیان دەدوێن، بەهۆی کەمی پەیوەندی ئەم هەرێمانە بەیەکەوە لەڕووی مێژووییەوە، چونکە پێشتر بە هەرێمەکانی تر بەسترابوونەوە و هەروەها سنوری نێوان زێکسیەکان و فرەنکیەکان بوو، ئێستاش جیاوازی دیالێکتی لە نێوان راین لەند و ڤێستفالن دیارە، بە تایبەتی دیالێکتی فرەنکی و ئەڵمانی خواروو.

### لەڕووی ئابوورییەوە

ئەم هەرێمە کارگەی بەرهەم هێنی گەورە و زۆری لێیە بەگشتی، بەتایبەتیش لە خەلوز و ئاسن، لەو کارگانەش (تیوسن کروپ) گەورەترین کارگەیە، هەروەها لەڕووی کشتوکاڵ و گەشت و گوزار و رێگاکانی هاتوچۆ وەك فرۆکەخانەی گەورە و وێستگەی گەورە شەمەندەفەری و هاتوچۆی کەشتیەکانی نێو راین، داهاتی ساڵی (٢٠٠٧) ی گەشتە ٥٢٩ ملیارد یۆرۆ.

لەرووی کولتورییەوە هێزێکی تایبەتی هەیە، خاوەنی ٣٠ هەزار هونەرمەند و ٦٨٣ مۆزەخانە و ژمارەیەکی زۆری شانۆ و ئۆرکسترا و

ئۆپێرا و گەلەریی و هۆڵی سینەمایە، تەنیا ئەو میوانانەی سەردانی مۆزەخانەکان دەکەن لە ساڵی (٢٠٠٤) گەیشتە ٧،١٤ ملیۆن کەس، بەناوبانگترینیان مۆزەخانەکانی (بۆن و کۆلن و دوسلدۆرف و ئێسن)ن بەتایبەتیش مۆزەخانەی (ماڵی مێژوو) لە بۆن زۆرترین میوانی هەیە، هەروەها پێشانگای زۆر لەم هەرێمە دەکرێتەوە، بەتایبەتی پێشانگای هونەری لە کۆلن(ئارت کۆلۆنیا و فاینە ئارت کۆلۆنیا). هەروەها لە سینەما فیستیڤالی کورتە فیلم لە ئۆبەرهاوزن، لە ئۆرکستراش (ئۆرکسترای بیتهۆڤن لە بۆن)



لودڤیش فان بیتهۆڤن




ئەکتەری میللی ویلی میلۆڤیتش لە کۆلن

لـەڕووی ئاینییـەوە کـاتۆلیکی و ئیڤنگێـل و لۆتـەرین، لەسـەدا ٨٨،٢٪ ئیسلامن و ئینجا ئاینەکانی تر.

لـەڕووی جیۆلۆجیـەوە شـوێنێکی خـەلوزی و ئاسـنی تێدایـە، ئەمـەش لەلایەك بۆتـە ناوەچـەکی پیـشەسازی گـرینگ و کارگەیـەکی زۆری تێـدا دامەزراوە، لەلایەکیتر مەترسی زەوی لەرزینی هەیـە تـا ئێـستا ٨٠٠ جـار زەوی لەرزینی بەخۆیەوە دیوە، بەهێزترینیان ساڵی ١٩٩٢ گەیشتە(٩،٥).

خوێنـدن لـەم هەرێمـە دوای پێـنج سـاڵ خوێنـدن لـە قوتابخانـەی سـەرەتایی دەتوانێـت بـچێتە قوتابخانـەکانی (ریـال و هاپـت و گزامـت و گیمنازیۆم) بەپێی پلە و توانای قوتابیەکە. لە زانکۆ تـا دوای سـاڵی ١٩٥٠ ژمارەکی کەمی زانکۆی لێبوو، ئـەوانیش زانکۆکانی کـۆلن و مونـستەر و بـۆن و دیزبـورگ، هـەروەها ئەکادیمیایـەکی دەرمانـسازی لـە دوسلدۆرف هـەبوو، دوای لـە سـاڵی (١٩٦٥) بـووە زانکـۆی هـاینرش هاینـە، لـە دوای سـاڵانی (١٩٧٠) ژمارەیـەکی زۆر زانکـۆ لـە شـارەکان کرانـەوە، هـەروەها کۆمەڵێك قوتابخانەی بەرز و پسپۆڕی.

## هەرێمی بادن-ڤوتمبێرگ



سیمبول و ئالاّ

ئەم هەرێمە لەڕووی رووبەر و ژمارەی دانیشتوانەوە سێیەم هەرێمە لە گەورەیی، رووبەرەکەی ٧٥١،٣٥کم$^2$، بەپێی ئاماری ساڵی(٢٠٠٨) ژمارەی دانیشتوانی (٤٥٦،٧٤٧،١٠) کەسە، پایتەختەکەی شاری شتوتگارتە. لە رووی جوگرافییەوە دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای ئەڵمانیا، سنووری لە باشوور بە دەریایی(بۆدن زێ) نووساوە و لە رۆژئاوا بە سەروویی راین و لە باکوور بە هەرێمی بایەر، هێسن، راینلەندفالتس نووساوە. لە ساڵی ١٩٥٢ چەند هەرێمێك یەکیان گرت و ئەم هەرێمەیان پێکهێنا وەك ڤوتمبێرگ-بادن، ڤوتمبێرگ هۆوەن چۆلەرن، بادن.


WÜRTTEMBERG-BADEN
Stuttgart
Tübingen
WÜRTTEMBERG-
HOHENZOLLERN
BADEN
Freiburg

لەڕووی مێژووی

ئەم هەرێمە بۆ نیو ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، بەڵام بەڵگەی کولتوری ژیان لەم ناوچەیە بۆ ٣٥-٤٠ هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە، کۆنترین ئینیسترۆمێنتی میوزیکی مرۆڤایەتی لەم ناوچەیە دۆزراوەتەوە، لە ساڵی (١٩٧٩) فلوتییان دۆزییەوە لەگەڵ پاشماوەی هونەری دەستی مرۆڤ. هەر لە زووەوە کێلتنەکان هاتنە ئەم ناوچەیە و نیشتەجێبوون، گۆڕستانی میرەکانیان ئێستاش لە (هۆخدۆرف) پاشماوەی ماوە، (٥٥) ساڵ پێش زاین رۆمەکان هاتن سنووری ناوچەکەیان گۆڕی، لە ساڵەکانی (٧٣-٧٢) زاینی رێگای نێوان ئاوگستبورگ و بادن ڤوتمبێرگیان دروستکرد، هەروەها بۆ پاراستنی ئەم رێگایە شاری رۆتڤایل یان دروستکرد. لە ساڵی ٢٢٣ ئالەمێنەرەکان هێرشیان هێناو ناوچەکەیان تاڵانکرد و پاشەکشەیان بە رۆمەکان کرد تا پێشت راین و دۆناو.

لەسەدەی پێنجەم ناوچەکە کەوتە ژێر دەسەڵاتی فەرەنسییەکان، ئاڵەمێنەرەکان بەرەو باشوور کشانەوە، کە ئێستا سنووری نێوان دیالێکتی ئاڵەمێنەر و فرەنکییەکانە.

لەسەردەمی نوێ ئەم ناوچەیە هەر جارە و لە کاتی جیاواز کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی ولاتێك وەك ریفۆرمەکان و نەمساوییەکان و پرۆسیایەکان و سویدیەکان، بەڵام لەسەردەمی ریفۆرمەکان گۆڕان و

کارەساتی خوێناوی روویاندا، لە ئۆستەر زۆنتاگی ساڵی (١٥٢٥)راپەڕینی جوتیاران دەستی پێکرد و قەلای (ڤاینس بێرگ) یان گرت و(گرافن)ی زاوای قەیسەر ماکسیمیلیانی یەکەمیان کوشت، هەروەها لە شتوتگارت چەندین قەلا و دێریان تالانکرد و بەردەوامبوون تا گەیشتنە فرایبورگ، بەلام لە بەرامبەر ئەمە هێزی قەیسەر زۆر بەتوندی دژیان وەستایەوە و بەم بەینە ١٠٠ هەزار جوتیار کوژرا.

لە شەڕی نێوان پرۆسیاو نەمسا ئەم هەرێمە چووە پاڵ نەمساوییەکان، ئەمەش وایکرد دوای شەڕ پرۆسیەکان قەرەبووی شەڕەکەیان پێ ببژێرن، بە پەیمانێکی نهێنی لەرێگای پیاوانی خۆیان هەرێمەکە لە ساڵی (١٨٧٠)بخاتە سەر پرۆسیا.

لە ساڵی ( ١٩١٩) کۆماری بادن وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ و دیموکرات دامەزرا، بەلام لەساڵی (١٩٣٣)لەگەڵ هاتنی ناسیۆنال-سۆسیالیستەکان دەسەلاتیان لێ سەندرایەوە و لە رێگای تیرۆرو هێزەوە خرایە سەر ئەڵمانیای گەورە. هەر لە سەردەمی ناسیۆنالیستەکان لەم هەرێمە ١٢ هەزار جولەکە و ١٠ هەزار نەخۆش و ژمارەیەکی زۆری ئەو کەسانەی دژی ئەو دەسەلاتە بوون کوژران.

بەهەمان شێوە لە بۆمبابارانی هاوپەیمانان لە ٢٣ فێبریوەری ١٩٤٥ لە چەند دەقیقەیەك ١٧،٦٠٠ کەس کوژران، لە ٢٩ی مارسی ١٩٤٥ فەرەنسیەکان شتوتگارتیان کۆنترۆڵکرد. لە دوای کۆتای هاتنی شەڕ باکووری ئەم هەرێمە کەوتە ژێر دەسەلاتی ئەمریکیەکان و باشووریش

کەوتە ژێر دەسەلأتی فەرەنسیەکان، لە سالّی ١٩٤٥٠ و ١٩٤٦) سێ هەرێم دروستبوون و لە سالّی (١٩٤٩) خرانە سەر ئەلّمانیای یەکگرتوو.

لەڕووی بەرێوەبردنەوە جگە لە سالّی (١٩٥٢-١٩٥٣) کە پارتی نەتەوەی ئەلّمانیا بوو، دواتر تا سالّی (٢٠٠٥) لەلایەن پارتی دیموکراتی مەسیحی حوکم کراوە، هەندێکجاریش هاوپەیمانی لەگەلّ پارتەکانی تر وەك پارتی سەوز، پارتی دیموکراتی ئازاد، سۆسیال-دیموکراتەکان، پارتی نەتەوەی ئەلّمانیا.

لەڕووی ئاینیەوە بە زۆری کاتۆلیکی رۆمی و ئیڤینگێلن، سێیەم ئاینی هەرێمەکەش ئیسلامە، کە لەسەدا پێنج و نیو پێکدەهێنێت، ئینجا ئاینەکانی تر .

لەڕووی ئابوورییەوە هەرێمێکی پێشکەوتووە بەتایبەتی لە پیشەسازی و تەکنۆلۆژی تازە، زۆربەی ئامێرە گەورە و پێشکەوتووەکان لەم هەرێمە دروست دەکرێن، بەلأم وەکو خۆیان دەلّێن : ئێمە دەتوانین هەموو شتێك بکەین تەنیا قسەکردن بە زمانی ستاندارت ئەلّمانی نەبێت.

## هەرێمی برێمن





سیمبولی هەرێم

ئاڵای هەرێم

ئەم هەرێمە بچوکترین هەرێمی ئەڵمانیایە لەڕووی رووبەر(٤٠٤ کم$^2$) و ژمارەی دانیشتوانەوە (٦٦٢)هەزار کەسە، لە دوو شار پێکهاتووە (برێمن و بەندەری برێمن).

هەرێمی برێمن لەڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای ئەڵمانیا، سنوری ئاوی بە دەریای باکوورەوەیە و سنوری وشکانی بە نیدەرزاکسنەوەیە. هەرچەندە هەرێمێکی بچوکە، بەلاّم پانتایێکی زۆری بۆ سەوزایی و پارستنی ژینگە جێهێشتووە. لەڕووی سیاسییەوە تاکە هەرێمێکی رۆژئاوای ئەڵمانیایە، کە پارتی سۆسیال-دیموکراتەکان بەردەوام براوەن لە هەڵبژاردنەکان، دوای ئەوانیش پارتی سەوز دێت، لەڕووی ئیدارییەوە دابەش بۆتە سەر پێنج قەزا (باکوور و باشوور و رۆژئاوا و رۆژهەلات و ناوەڕاست).




لەڕووی مێژووییەوە دانشتوانی برێمن خەڵکی ناوچەی (زاکسن و فریزن) هاتونەتە ئەم ناوچەیە، دواتریش خەڵکی ئەوروپای ڕۆژهەلات،

ئینجا هاتنی کرێکارانی دەوروبەری دەریای ناوەڕاست لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی.

لە سەدەکانی ناوەڕاست و شەڕی سی ساڵە، دواتریش بەپێی پرۆتیکۆلی (ئاشتی ڤێسفالن) خراوەتە سەر سوید، پاشان چۆتەوە پاڵ پاشایەتی هانۆڤەر و بەسەربەخۆی حکومی خۆی کردوە، لە ساڵی (١٨٧١) هەرێمێکی سەربەخۆی نێو قەیسەریەتی ئەڵمانیابووە. لە دوای شەڕی دووەم جیهانی لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیەکان بوو، بەندەری برێمنیش بنکەی هێزەکانی ئەریکابوو لە چوارچێوەی دەسەڵاتداریەتی بەریتانیەکان، لە ١ی یانۆوەری ١٩٤٧ شاری برێمن و بەندەری برێمن و دەوروبەری وەك هەرێمێك ناسران.

ئاینی هەرێمی برێمن بە زۆری ئیڤێنگێلی-لۆتەریین، کە لەسەدا ٤٤٪ پێکدەهێنن، هەروەها لەسەدا ١٢٪ی کاتۆلیکن، ئینجا ئاینەکانی تر وەك کڵێسەی ئازاد و جولەکە و ئیسلام و بوداییەکان.

لەڕووی ئابوورییەوە بەهۆی بەندەری برێمن لە دوای هامبورگ بە پلەی دووەم دێت، لە هەناردن و هێنانی کەرستە و کەلوپەل و بەروبوومی جیاواز، گرینگترین ئەو بەرهەمانەی دێنە ناوەوە (ماسی، گۆشت، قاوە، چا، قوماش، برنج، توتن، شەراب) لە ناردنیش ئوتومبێل لە ریزی پێشەوەیە. هەروەها کارگەکانی (دایملەر و ئێربوس، خواردەمەنی) و تەکنۆلۆژی کەشتی ئاسمانی بەشێکی گەورە لە داهاتی ئەم هەرێمە پێکدەهێنن.

شاره گەورە و مێترۆپۆلەکانی ئەڵمانیا پێنج شاری گەورەن، ئەوانەش بەرلین، مونشن، فرانکفۆرت، هامبورگ، کۆلن.

## بەرلین *Berlin*

بەرلین چ لە ئێستا و چ لە مێژوو بەردەوام پایتەخت و مەرکەزێکی بەهێزی سیاسی بووە، پایتەختی ئێستای ئەڵمانیا و پایتەختی کۆنی (ددر) و پرۆسیا و میرەکان بووە، هەروەها سەنتەرێکی چالاکی کولتور و زانست بووە لە ئەورووپا. بەرلینی مێترۆپۆڵ پڕ میوانترین شاری ئەڵمانیا، پەیمانگا و زانکۆکانی ناوبانگێکی جیهانی بەرزیان هەیە.



بەرلین ڕووبەرەکەی (٨٥،٨٩١ کم$^2$)، ژمارەی دانیشتوانی لە ٢٠٠٨/٨/٣١ گەیشتە ٣٥٤،٤٢٥،٣ کەس، لە هەر کم$^2$ ٣٨٤٢ نیشتەجێیە. بەرلین ١٢ قەزا و ٩٥ ناحیەی هەیە، لە سەدا چواردەی دانیشتوانی بەرلین بێگانەن. شارەوانی بەرلین (١٤٩) کورسییە و چوار نوێنەریان لە پەرلەمان هەیە.

زێی (سپێ) لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا، هەروەها زێی (هاڤل) لە ڕۆژئاواوە بۆ باکوور و باشوور، زێی تیگل و زێی ڤان دروست دەکەن. ئاوهەوای بەگشتی لە نێوانی هەشت-نۆ پلەدایە، لە هاوین دەگاتە هەژدە پلە و لە زستانش شەش پلە لە ژێر سفرە، سەوزایی شاری بەرلین لە سەدا (٤٠٪) چلە و (٤٠٠,٠٠٠) درەختی لە سەر شەقامەکان هەیە کە پێیدەڵێن: شەقامی درەختی، ئەمە جگە لە سەوزای دارستانەکان و باخچەی ئاژەلان و ناو فڕۆکەخانەی تیگل.



## مێژووی بەرلین

بەرلین تا پێش (٢٠٠٠٠) ساڵ بەشێکی زۆری شەختەبەندبووە، دوای (٢٠٠٠) ساڵ بووە گەڵییێکی گەورەی بەفراو. سەرەتا بەرلین دوو بەش بوو، بەرلین و کۆلن ئەو بەشەی دەکەوێتە دورگەی سپێ واتە بە زێی سپێ دەور دراوە، لە ساڵی (١٢٣٧) یەکیان گرتەوە و لە ساڵی (١٢٤٤) بوونە خاوەن یەك شارەوانی. ناوی بەرلین ناوێکی سلاڤیە بە واتای شوێنێکی شێدار دێت.

لە ساڵی (١٤١٥ تا ١٤٤٠) فریدریشی یەکەم میری براندنبۆرگ بووە، لە ساڵی (١٤٤٠ وە تا ١٩١٨) ئەندامانی بنەماڵەی (هۆوەن زۆلەرن) حوکمی بەرلین یان دەکرد یەکەم کەس مارکگرافن لە براندنبۆرگ بوو دەستی پێکرد دوای بووە مەلیکی پڕۆسایا و پاشان قەیسەری ئەڵمانیا.

لە شەڕی سی ساڵە بەرلین وێران بوو، بەڵام لە سەردەمی فریدریش ویلهێلم چەند شارێکی بچوکی لە بەرلین دروستکرد. لە ساڵی ١٦٧١ پەنجا هەزار یەهودی لە نەمساوە هاتنە بەرلین، هەروەها لە ساڵی ١٦٨٠ ویلهێلم میوانداری پاشای فەرەنسای کرد بۆ براندبۆرگ پازدە هەزار کەسی لەگەڵ هات، لەوانە شەش هەزار کەسیان لە بەرلین مانەوە و کاریگەری کولتوری بەهێزیان لە بەرلین کرد. لە ساڵی (١٧٠١) بەردەوام بەرلین ناوچەی تری دەخرایە سەر و فرەوانتر و گەورەتر دەبوو، لە

ساڵی (١٨٦١) ڤێدینگ و تێمپل هۆف و شونەبێرگ و شپانداوی خرایە سەر، لە ساڵی (١٨٧١) بەرلین بووە پایتەختی وڵاتی ئەڵمانیا، کە سەرەتای دامەزراندنی وڵاتی نەتەوەی ئەڵمانیا بوو. لە ساڵی (١٩١٨) کۆماری لە بەرلین راگێنرا، لە ساڵی (١٩٢٠) یاسای بەرلین دەرچوو تەواوی ناوچەکان بەفەرمی خرانە سەری. لە ساڵی (١٩٣٦) ئەدۆلف هیتلەر و جەنراڵی بیناساز ئالبەرت سپێر کۆنچێپتێکیان دانا بۆ جوانکردنی بەرلین لەڕووی تەلارسازی لەسەر شێوەی ڕۆمەکان بۆ ئەوەی بەرلین بکەنە پایتەختی گێرمانیای جیهانی. هەروەها نازیەکان شارەوانی جولەکەکانیا هەڵوەشاندەوە، کە ١٧٠٠٠٠ ئەندامی هەبوو، هەموویان گوێزانەوە. لە جەنگی دووەمی جیهانی گەورەترین بەشی بەرلین وێرانکرا ژمارەی دانیشتوانی لە (٤،٨٤) ملیۆن کەس دابەزی بۆ (١،٣) ملیۆن کەس.

لەساڵی (١٩٤٥) هاوپەیمانان پەیمانێکی بێ مەرجیان بەسەر ئەڵمانیا سەپاند و کرا بە چوار بەش و بەرلینش بوو بە مەرکەزی هەر چوار بەش، بەڵام دوای تێکچوونی پەیوەندی رۆژئاوا لەگەڵ سۆڤیەت بەرلین کرا بە دوو بەش.و لە شەڕی سارد ساڵی (١٩٦١) دیواری بەرلین دروستکرا. لە ساڵی (١٩٨٩) ئەم دیوارە جارێکیتر ڕوخێنرا و ساڵێك دواتر هەردوو پارچە یەکیان گرتەوە، و لە ساڵی (١٩٩٩) بەرلین بوو بە پایتەختی ئەڵمانیای گەورە. لە ماوەی یەك ساڵ (٢٠٠٤) ٦٦٧،١١٥ کەس

هاتوونەتە بەرلین کە ٤٢ هەزاریان بێگانە بوون، هەر لە هەمان ساڵ ٥٨٠،١١٣ کەس بەرلینیان جێهێشتووە.



*ساڵی ١٩٤٥*

## زمانی بەرلین

لەبەر ئەوەی بەرلین بەردەوام شوێنی گەشتیاران و مێترۆپۆڵ بووە، لە سەدەی ١٧ وە تا هاتنی کرێکارە تورکەکان لە کۆتایی پەنجاکان، هەروەها گەڕانەوەی رووسە بەڕەچەلەك ئەڵمانەکان، دیالێکتی بەرلین تایبەتمەندێکی وەرگرتووە، کە تێکەڵە بە زمانانی تر بە تایبەتی فەرەنسی و فلێمینی، عیبری، بۆیە پێدەڵێن: مێترۆلێکتی بەرلین. رۆشنبیرانی بەرلین لە هەوڵی پاراستنی زمانی ئەڵمانین لە بەرلین و کار بۆ بەستاندارتکردنی ئەم دیالێکتە دەکەن.

## ئاین

لە سەدا ٥٩٪ دانیشتووانی بەرلین بێ ئاینن، ئەوانیتر بەزۆری ئیڤنگێل و کاتۆلیکین، لە سەدا ٣،٦٪ ئیسلامن، هەروەها ئارسەدۆکسی رووسی و بولگاری لێیە.

## سیمبولی بەرلین



بەرلینە بێرن (*Berliner Baeren*) ورچێکی ڕەشی دەست و پێ و زمان سوورە بە باگڕاوەندێکی زیلبەر، لەگەڵ تاجێکی پێنج ئەستێرە. یەکەم جار ئەم سیمبولە ساڵی (١٢٨٠) بەکارهاتووە، سەرەتای دروست بوونی ئەم سیمبولە بەتەواتی دیارنییە و تیۆری جۆراوجۆر هەیە لەم بارەیەوە، هەندێ بۆ ئالبرێخت بێرن دامەزرێنەری مارك براندنبۆرگ دەگێڕنەوە، هەندێکی تر بۆ تابلۆیەکی هونەری ئاسای دەگەڕێنەوە کە تعبیر لە ناوی بەرلین دەکات چونکە ورچ بە ئەلمانی (بێر)ی پێدەڵێن، بەلاّم ئەم ورچە بۆتە ئالاّ و هێمای بەرلین لە هەموو شوێن و بۆنەیەك.

## میدیای بەرلین

لـــەڕووی ڕاگەیاندنـــەوە بـــەرلین ژمارەیـــەکی زۆری ڕۆژنامـــەی لێدەردەچـێت کـە (١٨) ڕۆژنامـەن، هـەروەها گۆڤـار و بنکـە و سـتۆدیۆی سەرەکی رادیۆ و تی ڤی لۆکالی و سەرتاسـەری تێدایـە، کـەنالی تایبـەت بەخۆی هەیە($SFB$،$RBB$، $ORB$ ) هەروەها دۆیتشە ڤێلە($DW$) کە نـالێکی ئاسمـانی ئەڵمانیـە بـە چـەند زمانێـك پـەخش دەکرێـت، لەگـەڵ ڕادیۆی ئەڵمانیا، بەناوبانگترین دەزگای چاپەمەنی (ڤالتەر دێ گرویتـەر و شپرینگەر).

## تیۆریزموز



هۆڵی شانۆ لە چارلۆتنبێرگ- بەرلین

بەرلین چ وەك هەرێم یا وەك شار ساڵانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار رووی تێدەکەن کە نزیکەی ٥،٧ ملیۆن گەشتیار دەبێت، بۆ ساڵی (٢٠١٥) چاوەڕێی ٢٠ ملیۆن گەشتیار دەکرێت، بەرلین لە دوای لەندەن و پاریس دێت لەڕووی گەشتیاری، زۆربەی میوانەکان یا ئەوانەی سەردانی شاری بەرلین دەکەن ئەمریکی و بەریتانی و هۆلەندی و ئیتاڵین بە پلەی یەکەم.

ئامانجی سەرەکی تیۆریستەکان دیتنی ئەرشیتێکتور و شوێنە دێرینەکان و مۆزەخانە و فیستیڤال و کتێبخانە و کڕینی شتومەکە لە بازاڕە گەورەکانی بەرلین(ئاین کاوف چێنتڕوم). هەروەها بەرلین دووەم گەورەترین شارە بۆ کۆنگرە جیهانیەکان کە بە (ئی سی سی) ناسراوە،

جگـه لـه نمایـشی شـانۆیی و ئۆرکـسترا و سـەمای جیهـانی و فیـستیڤاله هەمە جۆرەکان، بە تایبەتی هۆڵی شانۆکان، کە یـازدە هـۆڵی لـە یـەکتر جیـاوازی شـانۆی بـەناوبانگی هەیـە، لەگـەڵ دە شـوێنی تایبـەت بـە ئۆرکسترا و چل و شەش بوونەی سـەما. ساڵانە گـەورەترین فیستـڤالی فیلمی جیهانی لە بـەرلین بەڕێوەدەچێت لـە پـاڵ (کـان و ڤینیـسیا) کـە خەلاتەکەی ورچێکی زێڕ و ورچێکی زیوە، هەروەها فیـستیڤالی ئـەدەب و میوزیـك و شـانۆ و سـەما و فرۆکـەوانی و کەرنـەڤاڵی کولتورەکـان و قافلەی کەرنەڤاڵ و ئاهەنگی مای بەرلین کە بەناوبانگترینیانە.

هـەروەها بـەرلین لـەڕووی مۆزەخانـەوە شـوێنێکی دیـاری هەیـە، کـە مێژووییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٨٤١) چواردە مۆزەخانـە لـە بـەرلین هەیە، لەوانە مۆزەخانەی سروشتی سی هەزار شتی جۆراوجۆری تێدایە، هـەروەها دەرگـای برانـدنبۆرگـە تـۆڕ) لـە نێـوانی سـاڵانی (١٧٨٨ و ١٧٩١) دروسـتکراوە لەسـەر شـێوەی ئـەکرۆپۆلی ئەسـینا، تـاجی خوای سەرکەوتنی لەسەر دانراوە(ڤیکتۆریا).

هەروەها کتێبخانەی بەرلین کە لە ساڵانی (١٧٧٤ و ١٧٨٠) دروستکراوە ئەندریاس شولتەر نەخشەسازی بۆ کردوە لەگەڵ باخچەی ئاژەلان کـە لـە سـاڵی (١٨٤٤) بنیـاتنراوە و کـۆنترین باخـچەیە لـە ئـەڵمانیا، ئـەم باخچەیە نزیکەی ١٤٠٠٠ ئاژەڵی لـە ١٥٠٠ جۆر تێدایـە، ئەمانـە هـەمووی جێگەی سەرنجی گەشتیارانن، بۆ سەیرانش زێـی موگـڵ گـەرەترین زێـی بەرلینە، ٣،٤ کم درێژە و ٦،٢ کم بەرینە. شـتێکی تـر کـە بـۆ گەشـتیار و

خەڵکی بەرلین گرینگە جۆرەکانی یارییە بەتایبەتی ماڕەتۆنی ساڵانە و یاریەکانی (*FC Berlin*) کە یانەی پلە یەکی تۆپی پێی بەرلینە.

## هاتوچۆ لە بەرلین



گرینگترین شەقام شەقامی بازنەی پۆتسدامە، کە زۆر فرەوان و سەنتەری دابەشکردنی شەقامەکانی بەرلینە، ئەم شەقامە لە سەردەمی فریدریشی یەکەم دروستکراوە لە ساڵی (١٨٧٦) هەروەها شەقامی تایبەتی بۆ پایسکل و پیادە لە پاڵ شەقامەکان دروستکراوە. ئینجا هێڵەکانی پاس و میترۆ و ئێس بان و شتراسن بانە. لە بەرلین (١٥ ئیس بان) هەیە کە شەمەنەفەری کورتە چەند فارگۆنێکە لە نێوانی بەرلین و قەزاو ناحیەکانی هاتوچۆ دەکات، ٩ ئو بان (میترۆ) و ٢٤ شتراسن بان

(سکەی سەر شەقام) لە نێو بەرلین هاتوچۆ دەکەن لە کاتی دیاریکراو، لەگەڵ ١٥٠ هێلی پاس، ئەمانە بە هەموو ئاڕاستەکی ئەم شارە دەڕۆن، جگە لە شەمەنەفەری سەرەکی، کە بەرلین بە شارەکانی تر دەبەستێتەوە. هەروەها لە بەرلین شەقامی ئاوی هەیە، کە بە ناو زێی کان هاتوچۆدەکەن لەوێشەوە بۆ نێو دەریاکان.

## خوێندن لەبەرلین

سیستەمی خوێندن وەکو هەموو ئەڵمانیایە ١٢ساڵ خوێندنە تا دەگاتە زانکۆ، گرینگترین وانەکان لە تاقیکردنەوەی کۆتای ئامادەیی وانەی زمانی ئەڵمانی و ماتماتیك و زمانە بێگانەکان، ٣٦٦ قوتابخانەی سەرەتای لێیە، کە دەتوانێت بچێتە (گزامت، ڕیاڵ، گمنازیۆم، هاوپت) لەوانە ٤٨ گزامت و ٥٤ هاوپت و ٦٢ ڕیاڵ و ٩٧ گمنازیۆم، هەروەها ٨٧ قوتابخانەی تایبەتی و ١٠١ قوتابخانەی پریڤاتی لێیە.

زانست گرینگی زۆری پێدراوە بە تایبەتی لە ڕێگای زانکۆکان، کە چوار زانکۆی بەناوبانگی جیهانی لێیە(هومبۆلد، ئازاد، تەکنیکی، هونەر)هەروەها کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆکانی هومبۆلد و ئازاد جیابۆتەوە و ئێستا زانکۆی پزیشکی کاریتێ پێدەلێن، لەگەڵ چوار قوتابخانەی بەرزی هونەری و حەوت قوتابخانەی پسپۆڕی و دوازدە قوتابخانەی بەرزی پریڤات، لەم زانکۆ و قوتابخانانە ١٣٠ هەزار قوتابی دەخوێنێت، ساڵانە ٨،١ ملیار یۆرۆ بۆ داهێنانی زانستی خەرج دەکرێت.

## Koeln =کۆلن



هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن

یەکێکە لە چوار شارە گەورەکانی ئەڵمانیا و شوێنێکی ستراتیژی هەیە، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەڵمانیا و خاوەن مێژوویێکی مەزنە و دێرینترین شاری ئەڵمانیا، سنووری ئەورووپای ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوایە،

زێی راین گرینگێکی تایبەتی بە کۆلن داوە لەڕووی ئابووری و کولتـوری و مێترۆپـۆل، سـەرەڕای جـوانی و دڵفـڕێنی دیمـەنی کـۆلن، سـەنتەرێکی بەهێزی کولتوری و ئابووری و بازرگانی و میدیایە، هەروەها کـۆلن بـە شـاری کەرنەڤالـەکان بەناوبانگـە، فیـستیڤاله جۆراوجۆرەکـان و پێـشانگا جیهانیەکان و ئاینە تێکەڵاوەکان بۆتە جێگەی سەرنجی هەموو ئـەوروپا و جیهـان. هـەروەها جێگایـەکی پـیرۆزە لای مەسـیحیەکان، بـە تـەنها زانکۆکەی ٤٤ هەزار قوتابی تێدا دەخوێنێت.

کـۆلن دەکەوێتـە هـەرێمی نـۆردڕاین ڤێـستفالن، رووبـەری ٢،٤٠٥ کـم$^2$، ژمارەی دانیشتوانی ٦٩٥،٩٩٦ کەسـە بـەپێی سـەرژمێری سـاڵی (٢٠٠٨) لـە هەر یەك کم$^2$ ٢٤٦٠ کەس نیشتەجێیە، نۆ قەزا و ٨٦ ناحیەی هەیە.

### جوگرافیا و ئاوهەوای کۆلن

بـەرزترین شـوێن لـە کـۆلن دەگاتـە ١١٨ مـەتر لـە (کـۆنیگس فـۆرتس) نـزمترین شـوێنی ٥،٣٧ مـەتر لـە (ڤۆرینگـەر بـروخ) لـە ئاسـتی دەریـا. هەڵبژاردنی ئەو شوێنە بۆ نیشتەجێبوون دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گردانـەی دەوروبـەری، کـە لـە رەشـەبا دەیپـارێزن و رووبـاری رایـن و گـەرمی ناوچـەکە، کـە بـە گـەرمترین شـوێنی ئـەڵمانیا دادەنرێـت، هـەر بۆیـە بەرپرسـیارەتی دیـاریکردنی ئاووهـەوای ئـەڵمانیای لـە ئەسـتۆدایە، لـە زستاندا پلەی گەرمای (٤،٢ $^{\circ}C$) و لە هاویندا (٣،١٨ $^{\circ}C$)، دووەم شارە لـە ئـەوروپا لـە بـاران بـارین لـە سـاڵی (٢٠٠٤) رۆژەکـانی بـاران بـارین

گەیشتە ٢٦٣ ڕۆژ لەساڵێك. كۆلن بەشێوەیەكی پەیـژەیی لـە  گـەڵ زێـی ڕاین نزم دەبێتـەوە، ڕاین لە باشـوورەوە(نیـدەر ڕایـن) لـە گـۆدۆرڤ دێتـە ناو كۆلن و لە (ڤورینگن) شار جێ دێڵێت. گـەورەترین لافـاوی كـۆلن لـە ساڵی (١٧٨٤) بوو لە زستانێكی درێژ، كە زێـی ڕایـن نیـوە بەسـتبووی، ٦٥ كـەس بوونـە قوربـانی و بەشـی (مولهـایم)ی وێرانكـرد، كـە دەكەوێتـە دەستە چەپی ڕاین، هەروەها لە سەدەی بیستەم دووجار لافاو ڕوویدا لە ساڵەكانی (١٩٢٠ و ١٩٩٣) ئاو ١٠ مەتر بەرزبۆوە، ئەمەش وایكرد لە سـاڵی (٢٠٠٥) بەرنامەیەكی تایبەتی بۆ لافاو دابنێن كە كۆلن تا ٩،١١ مـەتر ئـاو هەڵسان بپارێزێت.



لافاوی كۆلن

# مێژووی کۆڵن



یەکەم وێنەی کۆڵن

ناوی کۆڵن لە سەردەمی قەیسەری رۆمـی نـاوی (کۆلۆنیـا کلاودیـا ئـارا ئاگریپپیننزیۆم) کە ناوی قەیسەری رۆمی بووە (ئەگریپپینـە) و ژنەکـەی (کلاودیـا) کــە لەســەر زێــی رایــن لــەدایك بــووە و هــەر لــەوێش نیــشتەجێبوونە. دوای نــاوی کــۆڵن گــەلێك گــۆڕانی بەســەرداهات (Colonia،Kolonia،Kolonya، Keulen، Coellen، Coellen،Coeln،Koeln ، ) لـە سـاڵی ٥٠ کـرا ناوەنـدی هـەرێمی گێرمانیا، لە ساڵی (٨٠) ئاوی خواردنەوەی بۆ راکێشرا.

کـۆڵن لەبـەر گرینگـی شـوێنەکەی بـەردەوام رووبـەرووی داگیرکـردن بۆتـەوە، لـە سـاڵی ٤٥٥ فەرەنـسیەکان هـاتن و تـا سـەدەی ٦ مانـەوە، کردبوویانە شوێنێکی سـەرەکی بۆ هێزەکانی مـەلیك، رۆمـەکانی کۆڵن

لـەو ماوەیــەدا، کــە لــە ژێــر دەســتی فەرەنــسیەکان بــوون بــەردەوام رووبەرووی کێشە و چەوساندنەوە دەبـوون بـە هـۆی کولتـوری جیـاواز، بەڵام لە نێوان سەدەی ٦-٨ هەردوو نەتەوە توانیان یەکتر قبـوڵ بکـەن و کاریگەری یەکتری بە ئاسایی وەربگرن لـە رووی زمـان و نووسـین. دوای فەرەنسیەکان کۆلن بووە ناوچەیەکی میرنیشینی و پاشانیش کەوتە ژێر حوکمی قەشەکان و تا لە سـەدەی ١٠ زنجیرەیـەك دێـری تێـدا دروسـتکرا لەسەر شێوازی رۆمی، لەو کاتەشەوە بووە سەنتەرێکی بڕیـاردانی ئـاینی و رۆحی بەهێز، دوای هاتنی (سێ مەلیکی پیرۆز)لـە میلانـۆ لـە رێگـای قەشە(رایناڵد لە داسل) لە ساڵی ١١٦٤ کۆلن بووە



کۆلنە دۆم لە شەودا

مەڵبەند و شوێنێکی پیرۆز بۆ باوەڕدارانی ئاینی مەسیحی. لە ساڵی ١١٨٠ بڕیاری دروستکردنی شورەیەك بۆ پاراستنی کۆلن درا، کە لە ١٢

دەرگای گەورە و ٥٢ خاڵی بلندی ئێشکگری هەبێت، ئەم پڕۆژەیە لە ساڵی (١٢٢٥)تەواوبوو، ئەم شورەیە زۆر لە شورەی پاریس بەهێزتر بوو، کە لە سەردەمی فلیپی دووەم دروستکرا. هەر لەسەر ئەم شورەیە شوێنێك بۆ بیرەوەری ئۆرشەلیم دانرا، ئەمەش زیاتر کۆلنی بەرەو پیرۆزی برد و تا لە سەدەی ١٢ پڕۆژەی دروستکردنی ماڵێك بۆ خودا بە جوانترین و سەرنجڕاکێشترین ستایل گەلاڵەکرا لەسەر رووبەرێکی دیاریکراو. دوای سەرکەوتنی رۆمەکان لە شەڕی (ڤورینگن) بەسەر قەشەکان و هاتنەوەیان بۆ کۆلن، قەشەکان جگە لە کاری ئاینی دەسەڵاتی تریان بۆ نەمایەوە. لە ساڵی (١٣٩٦) پاتریچیرنەکان بە شێوەی ئاشتیانە دەسەڵاتیان لە رۆمەکان وەرگرتەوە و گروپێکیان پێکهێنا بە ناوی (گاڤلن) بەڵام دوای لەلایەن کۆستانتین لیسکیرشن کۆتاییان پێهات و (هیلگەر کواتەرمارتس)ی سەرگردەی لە ناوەراستی سەنتەر(نۆیە مارکت) لە سێدارەدا زۆربەی هاوڕێیەکانی تا مردن زیندانیکرد. لە ساڵی ١٥٨٠ قەشە (گیهارد تروکیس لە ڤالدبۆرگ) لە کاتۆلیکەکان جیابۆوە و ژنە رەبەنێکی پرۆتستانی هێنا، بووە سەرهەڵدانی شەڕێکی پێنج ساڵەی خوێناوی، کە تێیدا شارەکانی دۆیچ و بۆن و نۆیس بەتەواوەتی وێران بوون. بەڵام لە شەڕی سی ساڵە کۆلن زیانی پێنەگەیشت بەهۆی بەخشینی پارە(خاوە) بە هێزەکان و یارمەتیدانیان، سودی کۆلن لەم شەڕە دامەزراندنی کارگەی چەك و تەقەمەنی و بازرگانی بوو. لە ئۆکتۆبەری ١٧٩٤ کۆلن چیتر نەیتوانی

بەبێ لایەنی و دوور لە کێشە بمێنێتەوە، فەرەنسیەکان بەبێ شەڕ کۆلنیان داگیرکرد و کردیانە بەشێك لە کۆماری فەرەنسی و ئیتر وەکو پایتەختی هەرێمەکە نەمایەوە، بەلکو ئاخن کرا بە پایتەخت، بەلام لەگەڵ ئەوەش کۆلنیەکان پێشوازیان لە فەرەنسیەکانکرد و شۆڕشەکەیان بە شۆڕشێکی ئازادی بەخش ناسی و درەختی ئازادییان لە سەنتەری شار(نۆیە مارکت) بۆ چاند، هەروەها لە کاتی سەردانی ناپلیۆن بۆ کۆلن بەرێزێکی زۆر پێشوازی لێکرا.

لە ساڵی (١٨١٤) دوای دەرکردنی هێزی ناپلیۆن لەم شارە لەلایەن هاوپەیمانەکان، بە بڕیاری کۆنگرەی ڤێنا کۆلن خرایە سەر پاشایەتی پرۆسیا، کەچی کۆلن هەر لەژێر یاساکانی سیڤیلی فەرەنسی مایەوە، تەنیا ناوەکەی کرا ئەڵمانی لەڕووی رێنووسەوە بەپێی بڕیاری وەزیری ناوەخۆ و فریدریشی دووەم، بەلام رۆژنامەکان بەم بڕیارە پابەند نەبوون تا لە ساڵی (١٩١٩) پارێزگاری کۆلن (کۆنراد ئەدەناوە) بە فەرمی پیتی یەکەمی ناوی کۆلنی لە (لە سی بۆ کا) گۆڕی.

لەسەردەمی پرۆسیەکان کۆلن دوای بەرلین لە پلەی دووەم بوو لەڕووی گرینگی پێدان، بەلام لە ساڵی (١٨٨٠) پرۆژە پچڕپچڕەکەی کۆلنە دۆم(کلێسەی گەورەی کۆلن) دوای (٦٣٢) ساڵ راگیرا، بەلام دوای شەڕی دووەمی جیهانی بەهۆی پیسبوون و زیان پێگەیشتنی جارێکیتر کاری چاکردنەوە دەستی پێکرد، کە تا ئێستاش بەردەوام کاری تێدا دەکرێت وەك دەڵێن: کارکردن لە دۆم رەنگە قەت تەواو نەبێت، ئەمە

بیناسازی ئەبەدییە.هەروەها هاینریش هاینە گوتویەتی: دروستکردنی دۆم کۆتای نایێت، ئەمەش شتێکی باشە، ئەو کۆتای نەهاتنە خۆی بیرەوەرێکی ئەڵمانی بەهێزە.

لەسەردەمی پارێزگاری کۆلن کۆنراد ئەدەناوە لە ساڵی (١٩٢٥) یەکەم گەورەترین فوتابخانەی میوزیکی ئەڵمانی بە فەرمی ناسرا، پاشان کۆمپانیەی فۆرد دامەزرا، کە گەورەترین هەلی کارکردنی بۆ کۆلنیەکان رەخساند، ئەدەناوە سەرەڕای ئەم هەموو کارە باشانەی پێشکەشی کۆلنی کرد ناچاربوو لە ساڵی (١٩٣٣) لە سەردەمی ناسیونالیستەکان کۆلن جێبهێڵێت.

لە ١٨ی یونی ١٩٤٠ یەکەم بۆمبی شەڕی دووەمی جیهانی لە ئاسمانی کۆلن کەوتە خوارێ، لە ساڵەکانی (١٩٤٢-١٩٤٣)بەریتانیەکان بە شەو کۆلنیان بۆمباباران دەکرد و ئەمریکیەکانیش بە رۆژ تا وایلێهات لە سەدا نۆهەدی شار رووخێنرا و وێران بوو، ئەمەش کاری لە ژمارەی دانیشتوانیشکرد لە ٨٠٠ هەزار کەس کەمبووەوە بۆ ١٠٤ هەزار کەس بە پێی ئاماری ٤ ئەپرێلی ١٩٤٥ لەلای چەپی راین ٤٢ هەزار کەس و لەلای راستی راین ٦٢ هەزار کەس ناو نووسکرابوو. تا لە ساڵی ١٩٥٩ جارێکیتر ژمارەی دانیشتوانی کۆلن گەیشتەوە سەردەمی پێش شەڕ، وە لە ساڵی (١٩٧٥) گەیشتە یەك ملیۆن. کۆلن یەکێکە لە شەش شارە ئەوروپیەکان، کە لە ساڵی (١٩٥٨) بانگەوازی یەکیتی بازرگانی و دروستکردنی پەیوەندی دۆستایەتی کرد لەگەڵ شارەکانی تری جیهان.

## ئاینی کۆڵن

بەپێی مێژوو کۆڵن شارێکی کاتۆلیکی بووە، کە رێژەکەیان لەم دواییە گەیشتە لەسەدا ٤١ ، هەروەها ئیڤەنگێلەکان لەسەدا ٥،١٧ و ئیسلام لە سەدا ١٠، ئەوانیتر زۆربەیان بێ ئاینن و بەشێکی کەمیشیان ئاینی ترن.

مەسیحیەت لە کۆڵن دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٣١٣) بەڵام لەگەڵ هاتنی سێ مەلیکی پیرۆز بۆ کۆڵن، بووە شارێکی گرینگی ئاینی و پیرۆز لای ئەڵمانەکان. تا ئێستا کۆڵن لە بیست شارە پیرۆزەکانی جیهانە بۆ گەنجە کاتۆلیکەکان، لە هاوینی ساڵی (٢٠٠٥) پێشوازی لە ٢٦ هەزار گەنج کرد بە کچ و کوڕە وە لە ٩٦ وڵات، هەر لەو کاتەش پاپای فاتیکان هاتە کۆڵن و بە فەرمی پیرۆزی شاری کۆڵنی راگەیاند. بەرامبەر بەمەش ئیڤەنگێلەکان لە ئۆکتۆبەری ساڵی (٢٠٠٧) لە کۆڵن میوانداری ١٦٠ هەزار کەسی خۆیانکرد.

مێژووی جولەکەکانی کۆڵن بۆ ساڵی (٣٢١) دەگەڕێتەوە لە سەردەمی رۆمەکان، دوای لە ساڵی(١١٨٣) شوێنێکی تایبەتی بۆ جولەکەکان دیاریکرا لەلایەن قەشەی جولەکە، زۆر بە ئاشتیانەش لەم ناوچانە دەژیان و کلێسەی خۆیان هەبوو بە شورە و دەرگای گەورەی تایبەتی بۆ پاراستن، بەڵام لە ساڵی (١٣٤٩) تووشی شەپۆلێکی راسیستی هاتن و کارەساتێکی خوێناوییان بەسەر هات، لە مێژووی کۆڵن بە کوشتارگەی

جولەکـەکان ناسـراوە، ئەمـەش لـە سـەنتەری شـار گـەڕەکی جولەکـەکان ڕوویـدا، کۆمـەڵێك کـەس لـەم گەڕەکـە دەسـتایانکرد بـە کوشـتنی جولەکـەکان و زۆربـەی دانیـشتوانەکەیان کوشـت، خێزانێکـی جولەکـە سامانی جولەکە کوژراوەکانی لە ژێر زەوی شـاردبۆوە تـا لـە سـاڵ (١٩٥٤) دۆزرایەوە و لە مۆزەخانەی شار دانرا. جولەکەکانی کۆلن لـە سـەرەتای هاتنیان تا ساڵی (١٩٤٥) بەردەوام تووشی کوشتن و بزرکردن و دەرکـردن هاتوون، بـەڵام ئێـستا کڵێسەی جولەکـەکان (سینانگۆگ) ٤٨٥٧ ئەنـدامی هەیـە و گۆڕسـتان و فوتابخانــەی سـەرەتایی و باخـچەی سـاوایان و کتێبخانــەی تایبــەت بــەخۆیان هەیــە، جگـە لـە ڕێـستورانت و تیپـی وەرزشی ..



کڵێسەی جولەکە لە کۆلن

ئیسلام له كۆلن دەگەڕێتـەوە بـۆ زۆری ژمـارەی توركـە ئیـسلامەكان و بـەردەوامی هاتنیـان بـۆ كـۆلن وەك شـوێنێكی سـتراتیژی لـە ئـەڵمانیا، ئەمـەش وایكـرد كۆمـەڵێك ڕێكخـراو و بنكـەی تایبـەتی بـە خۆیـان و دروستكردنی مزگەوت له نێو خانووی ئاسایی لـە زۆربـەی گەڕەكـەكانی كـۆلن، كـە زۆرینـەی تـوركن، ئـەم گەورەبوونـە وایكـرد لـەم دوو سـاڵەی دوای داوای مزگەوتی گەوره بكەن لەسەر شێوازی ئیسلام له نێـو كـۆلن، كـە قوبەكـەی ٣٢ مـەتر بێـت لەگـەڵ دوو منـارەی ٥٥ مـەتری و جێگـەی ١٢٠٠ كەسی هەبێت، ئەمەش كێشیەكی گـەورەی نایـەوە لـە نێـو خـەڵكی ڕەسـەنی كـۆلن یـا ئەوانـەی دژی بێگانـەن، خۆنیـشاندانی تونـد و تیـژ ئەنجامدرا، هەروەها بەشێكیش هەر له خەڵكی ئەو شاره پشتگیریان لەم پڕۆژەیـەكرد وەكـو كولتـوری جیـاواز، سـەرنجام بڕیـاری دروسـتكردنی لەلایەن حوكومەت بۆ دەرچوو، بەمەرجێ دەوروبەری مزگەوت نەكەنـە دوكان و بازاڕی گەوره، بانگدان تەنیا له ناوەوەی مزگەوت بێت.

لـە دوای شـەڕ دووەم جیهـانی پارێزگـا و شـارەوانی كـۆلن زۆرینـە لـە پـارتی سۆسـیال دیموكراتـە و بـە بەشـداری پارتـەكانیتر وەكـو (یـەكیتی مەسـیحیە دیمـوكراتی، پـارتی ئـازادی و دیمـوكراتی، پـارتی سـەوز، جولانەوەی كۆلن، چەپەكان، یەكیتی دانیشتوانی كۆلن).

## سیمبۆلی شار



هەردوو سەری بازەکان، نیشانەیە بۆ قەیسەری رۆم و پاشایەتی ئەڵمانیا، لەگەڵ دوو ستون بیرەوەری ساڵی (١٤٧٥) ئیمپڕاتۆری نەتەوەی ئەڵمانی لە نێو ئیمپڕاتۆری رۆمی، رەنگی سوور و زەرد نیشانەیەکە بۆ ئابووری شار و بازرگانەکان، وەکوکۆنترین ناوچەی ئەڵمانیا، سێ تاجەکە بۆ سێ مەلیکە پیرۆزەکە دەگەڕێتەوە، یازدە پڕوشکە ئاگر نیشانەیە بۆ ئاین و یادگاری (ئورزولەی پیرۆزە) لە سەدەی ١٦وە لەسەر سیمبۆلی کۆلنە.

## کولتوری کۆلن

کۆلن هەر لەکۆنـەوە سـەنتەری کۆبوونـەوەی نەتـەوە جیـاواز و ئاینـە جیاوازەکان بووە، جا چ بە هۆی داگیرکردنەوە بێت یـاخود بازرگـانی یـا بلاّوکردنەوەی ئاین، ئەمەش بۆتە هـۆی دروسـتکردنی کلێـسەی بـەرز و جوان هونـەری وەك دۆم، کـە گـەورەترین کلێـسەی بـاکووری ئەوروپایـە، مۆزەخان و گەلەری و هونەر و میوزیکی وایـان لـە کـۆلن کـرد لـە سـاڵی (١٩٩٦) ببێتە میراتگری کولتوری جیهـانی. ئاهەنگـە جیهانیـەکانی کـۆلن بەناوبانگترینیان ئاهەنگی ساڵانەی هاوڕەگەز بازەکانە (ژن و ژن، پیاو و پیـاو). هـەروەها لـە شـانۆ کـۆلن شـوێنێکی دیـار و مێژوویـەکی درێـژی هەیە ئۆپێرای کۆلن و ماڵی ئەکتەر دیارترینیانن، جگە لەمانە کـۆلن ٧٠ هـۆلی شـانۆی پرۆفیـسیۆنێل و پریڤـاتی لێیـە، کـە کۆنفرانـسی شـانۆی کۆلن رێکیان دەخات

شـــانۆ بەناوبانگـــەکان(ئەرکـــەداش، شـــانۆی ئـــارت، شـــانۆی ئاتێلـــەر، کاسماکس، کاسیۆپایە، کۆمێدی، گلۆریا، مریشك، گەمەی بووکەکان،شاری کۆلن، ...

لـە میوزیـك کـۆلن زینجیرەیـەك سـیمفۆنیا و ئۆرکسترای لێیـە لەوانـە (گورچێنیش ئۆرکسترا) کـە لـە سـاڵی (١٨٥٧) دامـەزراوە، مـاڵی ئـۆپێرا، گـــرینگترین بەڕێوەبـــەرەکانی میـــوزیکی ئۆرکـــسترای کـــۆلن (کـــۆنراد

کرۆیچەر و هێرمان ئابندرۆس و گونتەر ڤاند)ە، هەروەها سیمفۆنیا-ئۆرکسترای (ڤ د ر) زۆر ناسراوە، کە لەساڵی (١٩٢٦)دامەزراوە، کۆلێگیۆم ئاورێیۆم لە ساڵی (١٩٦٢) و میوزیکی ئەنتیکوا کۆلن لە ساڵی (١٩٧٣)و کۆنکرێتۆ کۆلن لە ساڵی(١٩٨٥)و فیلۆ هارمۆنی دامەزراون، هەروەها کۆمەڵێك تیپی میوزیکی باش و بەناوبانگ لە کۆلن هەیە بە ئاراستە و باکراوەندی جیاواز. قوتابخانەی بەرزی میوزیکی کۆلن گەورەترین قوتابخانەی ئەوروپایە. هەروەها کۆلن بە میوزیکی میللی، کە لە کەرنەڤالەکان پێشکەشی دەکات بە شێوەزاری کۆلی بەناوبانگە. لەوانە گرینگتر کۆلن لە ساڵ (١٩٥٠) وە سەنتەری میوزیکی ئەلکترۆنی مۆدێرنە، کە لە ساڵی (١٩٥١) هێربەرت ئایمەرت ستۆدیۆی بۆ میوزیکی ئەلیکترۆنی دروستکرد، کە لە هەموو جیهان یەکەم جاربوو کاری وا بکرێت، ئێنجا لە ساڵی (١٩٩٠) جارێکیتر بوژایەوە و تەشنۆ و دانس میوزیك و پۆپ و ..

## ئەدەبی کۆڵن

لە کۆنەوە بۆ هاینەر و تا سیلان، کۆڵن بە شیعر و شیعری بالادا زۆر ناسراوە، نووسەرێکی زۆری ئەڵمانی لە کۆڵن نیشتەجێن بە تایبەتی رۆمان نووسەکان لەوانە(هانس نیندەر، دیتەر ڤێلەرسهۆف، هاینریش بۆلی هەلگری نۆبل، رۆلف برینکمان). ماڵی ئەدەب و ئەدەبی کۆڵن، نووسەران لە ناوەوەو دەرەوە داوەت دەکەن بۆ ئاهەنگی ئەدەبی و رێزلینان، هەروەها بۆ پێشانگای کتێب داوەتیان دەکەن. هەروەها کۆڵن بە چاپخانەی زۆر و دیار ناسراوە لەوانە(کیپنهۆپەر و ڤیتش و دومۆنت) هەروەها کۆمپانیەی گەورەی میوزیك (دۆر).

گروپە ئەدەبیەکانی کۆڵن دیارترینیان وەرشەی نووسەرانی کۆڵن، کە پارێزگای کۆڵن ساڵانە دوو خەڵاتیان پێشکەش دەکات خەلاتی هاینریش بۆل و رۆلف دیتەر برینکمان.

## مۆزەخانەی كۆڵن



مۆزەخانەی لودڤیش

لـەڕووی مۆزەخانــەوە كـۆڵن ٢٨ مۆزەخانــەی تێدایــە، گرینگترینیــان مۆزەخانەی لودڤیشی بۆ هونـەر، مۆزەخانـەی رۆمـی گێرمـانی هونـەری زێڕ و كەرستەكانی سەردەمی كۆن، مۆزەخانەی ڤال فـارت – ریـچارتس، مۆزەخانەی شوكولادە.



مۆزەخانەی شوكللادە

# تەلارسازی کۆلن



بەشێکی زۆری دیکۆر و فۆڕمی بیناسازی دەرەوە و ناوەوەی شاری کۆلن لە دوای وێران بوونی لە شەڕی دووەمی جیهانی لەسەر ڕێسا و فۆڕمی ساڵی پەنجاکان دروستکراوەتەوە، کە پێشتر زۆربەی لەسەر شێوازی ڕۆمەکان بوو ئێستاش لە نێو شار ڕۆخساری ئەم شێوازا ماوە و کە بەشێکیشی لە ژێر زەوییە.

شوێنی پێشانگای گەورەی کۆلن لەسەر ستایلی ئێکسپرێسیۆنیست (هانزە هۆخهاوز) لە ساڵی (١٩٢٤) کە بلندترین باڵەخانەی ئەوروپابوو، هەروەها زانکۆی کۆلن بە هەمان ستایل دروستکراوە، لەسەردەمی ناسیۆنالیستەکانیش کۆلن کرا پایتەختی هەرێمەکە. لە دوای شەڕیش ئەمریکی و بەریتانیەکان ڕۆڵێکی گرینگیان بینی لە دروستکردنەوەی

کۆلن، لە پەنجاکان کۆلن بووە (مەککەی)ی مۆدێرنیتە لە بیناسازی. هەروەها پردەکانی کۆلن کە هەردوو بەری راین بەیەکتر دەبەستێتەوە ئەوەندەیتر جوانیان بە کۆلن بەخشیوە و بەشێکن لە هونەری بیناسازی کۆلن.



پردی شەمەندەفەر

## سەوزایی کۆڵن



له کۆڵن دوو پشتێنەی سەوز لە بەری چەپی راین هەیە، کە ٧کم درێژە و چەند سەد مەترێك بەرینە، ئەمەش کاریگەری زۆری لە ئاوهەوای کۆڵن کردوە، هەروەها پارکی بیتهۆڤن کە ٥ هێکتارە و پێش (١٧٥) ساڵ دروستکراوە، پارکی میللی کۆڵن بەر لە سەد ساڵ دروستکراوە، پارکی هیرۆشیما ناگازاکی، پارکی بلو و پارکی پێش بەرزاییەکان و پارکی کلێنبێرگ، ئەمانە هەمووی مێژوویێکی سەدساڵیان هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر جوان هونەری دروستکراون، هەروەها لە درێژایی راین پارکێك هەیە بۆ پیاسەکردن و راکردن بۆ خۆشی و

تەندروستی، هەروەها باخچەی ئاژەلانی کۆلن، کە بەشێکی زۆری سەوزای کۆلنی پێکهێناوە لە ساڵی (١٨٥١) دورستکراوە ٢٠ هێکتار رووبەرەکەیەتی ٧٠٠ جۆر ئاژەڵی تێدایە لە ١٥٠٠ ئاژەڵ.

## وەرزش لە کۆلن

لەرووی وەرزیشیەوە کۆلن شارێکی ترادیسیۆنیە، یاریگەکانی راین ئینەرگی و لانکسێس لە یاریگە بەناوبانگەکانی ئەوروپایە، هەروەها یاری ئایس هۆکی و سەلە و تۆپی پێ و پایسکل و ئەسپ سواری....، ٧٧٥ تیپی وەرزشی لە کۆلن هەیە و یارمەتی لە حوکمەت وەردەگرن.

## شەوانی کۆلن

کۆلن یەکێکە لەو شارانی شەوەکانەی لە رۆژەکانی قەڵەبالغ تر و پڕجۆشترە بە تایبەتی شەوانی شەممە و یەکشەممەی، کە تا بەیانی ئاهەنگ و سەما و جێگەی پیاسەی تیۆریستەکانە، کەرنەڤالە تایبەتیەکانی شەوانە، وەك کەرنەڤالی زایزۆنی، هەروەها ٤٠ کەرنەڤالی جیاواز هەیە، کە شەو و ڕۆژ بەردەوام دەبێت، هەروەها جەژن و بۆنەکان وەك(رۆزن مۆنتاگ) سێ رۆژ پێشتر ئاهەنگ دەست پێدەکات و شار لە باری نائاسایدایە. هەروەها کەرنەڤالی ساڵانەی کۆلن کە بە پلەی یەکەم دێت لە گەورەیی و رەنگاوڕەنگی، کەرنەڤالی (کۆلن پەڕادا) و

بەتایبەتی (روناکی کۆلن= کۆلنە لیشت) ئەمانە شەوەکانی کۆلن دەکەنە ڕۆژی ڕووناك و بە سەدان هەزار کەس لە لێواری زێی ڕاین کۆدەبنەوە.

## ئابووری کۆلن

گەورەترین داهات و دەستکەوتەکانی کۆلن بۆ کارگەکانی خواردەمەنی و کارگەی ئوتومبێل و کارگەی کیمیاوی، هەروەها دەزگاکانی میدیا و پێشانگاکانی و بۆنە و ئاهەنگەکانە، سەرەڕایی داهاتی شتەکانیتر وەك بانك و دڵنیایی و هتد دەگەڕێتەوە، کە سەردەمی زوو لەسەر کشتوکاڵ و باجی زێی ڕاین و بازرگانی بوو.

## هاتووچۆی کۆلن

وێستگەی سەرەکی شەمەندەفەری کۆلن هەڵسوڕێنەر و خاڵی بەستنەوە هەموو سکەی ئاسنینی ئەڵمانیای ڕۆژئاوایە بۆ گشت شار و شارۆچکەیێك. هەروەها فڕۆکەخانەی (کۆلن بۆن) یەکێکە لە فڕۆکەخانە گەورەکانی ئەڵمانیا تەنها لە ساڵی ٢٠٠٥ (٤،٩)ملیۆن کەس لەو فڕۆکەخانە فڕیوە و دابەزیوە، هەروەها بە هەرزانترین فڕۆکەخانە ناسراوە لە ئەڵمانیا، بەشێکی ئەم فڕۆکەخانەیە بۆ هێزی بەرگری و پاراستنی ئاسمانی ئەڵمانی تەرخانکراوە. هەروەها کۆلن چەند هێلێکی ڕێگەی ئاوی هەیە لە زێی ڕاین بۆ گۆاستنەوەی مۆرڤ و کەلوپەل. لە شەقامی سەرەکی یاخود ئاوتۆبان کۆلن لە دوای بەرلین بە قەلەبالغ

ترین ئاوتۆبان دێت بـه تایبـەتی ئاوتۆبـانی (٣ و ٤) زۆرتـرین هاتوچۆی لەسەرە.

لە هاتوچۆی ناو شار، کۆلن چەند هێلێکی پاس و شتڕاسنبان و ئوبانی و ئیسبانی هەیە وەکو هەموو شارەکانی تری ئەڵمانیا لە کاتی دیاریکراو دەگەنە شوێنە جیاجیاکانی کۆلن. هەروەها لە کۆلن ١٢٠٠ تەکسی لـە ٢٤ کاتژمێر ئامادەن بۆ گواستنەوەی خەڵك.

لـەڕووی خوێنـدن کـۆلن ١١ ڤوتابخانـەی بـەرزی حـوکمی و پرپڤـاتی تێدایـە، و لـە دوای بـەرلین و مونـشن دێـت بـۆ خۆێنـدن، هـەروەها ڤوتابخانـەی فـیلم لـە کـۆلن هەیـە. سیـستەمی خوێنـدنی ئاسـاییە وەکـو هەموو هەرێمی نۆردڕاین ڤێستفالن.

## میدیا لە کۆلن

لە کۆلن زیاتر لە ٣٠ تا ٤٠ هەزار کەس لە بواری میدیا کار دەکات و پڕە لە کەناڵی تەلەفزیۆنی و رادیۆ و رۆژنامە و گۆڤار، بە تەنیا لە کەناڵی (ڤ د ر) ٣٥٠٠ کەس کار دەکات، هەروەها گروپی کەناڵی (ئار تی ئێل و فۆکس و ئێن تی ڤی و سات ئلینس) لە کۆلنن. بەناوبانگترین رۆژنامەی کۆلن ڕۆژنامەی کۆلن ئێکسپرێسە، هەروەها گەورەترین سەنتەری میدیا (میدیا پارکە) کە لە سەنتەری شارە و باڵەخانەیەکی ١٤٨ مەتریی بەرزە و ٢٥٠ کۆمپانیای جۆراوجۆر کاری تێدا دەکات.



میدیا پارک

# فڕانكفۆرت ئەم ماین
# Frankfurt am Main

لە هەرێمی هێسنە و ڕووبەرەكەی ٣١،٢٤٨كم$^2$، ژمارەی دانیشتوانی ٥٢١،٦٥٩ كەسە بەپێی ئاماری ساڵی (٢٠٠٧) لە هەر كم$^2$ ٢٦٥٤ كەس نیشتەجێیە، لەسەدا بیست وچواری دانیشتوانی فڕانكفۆرت بێگانەیە، هەروەها شاری فڕانكفۆرت ٤٦ گەڕەك و ١٦ قەزا و ناحیەی هەیە.

فڕانكفۆرت گەورەترین شاری هەرێمی هێسنە و پێنجەم شاری گەورەی ئەڵمانیایە. مێژووی دروستبوونی بۆ ساڵی(٧٩٤)دەگەڕێتەوە، بەردەوام سەربەخۆی خۆی پاراستوە، لە ساڵی (١٥٦٢)بووە پایتەختی ئیمپڕاتۆڕی ڕۆمی- ئەڵمانی، لە ساڵانی( ١٨١٦ تا ١٨٦٦) فڕانكفۆرت ناوەندی یەكیتی ئەڵمانیابووە. یەكەم پرۆسەی هەڵبژاردن لە فڕانكفۆرت دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی( ١٨٤٨-١٨٤٩) كە هەڵبژاردنی پەرلەمانی تێدا ئەنجامدرا. ئەمڕۆ فڕانكفۆرت پڕماناترین شاری ئەوروپایە لە ڕووی دارایی و بانكییەوە، سێنتڕاڵی بانكی ئەوروپی و ئەڵمانی لەم شارەیە، هەروەها لە ڕووی پێشانگا جۆربەجۆرەكان و خزمەتگوزاری لە شارە دیارەكانی ئەڵمانیایە، سەرەڕای فڕۆكەخانە و وێستگەی سەرەكی شەمەندەفەر و بازنەی ئاوتۆبانی، كە گرینگێكی تایبەتی پێبەخشیوە.

هەروەها فرانكفۆرت بە باڵەخانە بەرزەكان بەناوبانگە، كە بەرزییان دەگاتە ٢٥٩ مەتر .

ناوی (فرانكفۆرت) لە سەردەمی زمانی لاتینی و ستاندارتی ئەڵمانی كۆن پێدەوترا: فرانكۆنۆفورد، واتە شوێنی پەرینەوە لە نێو ئاو، یاخود شوێنی پەرینەوەی فرانكەكان لە ئاوی ماین، كە ئەو كات زۆر بەرین بوو. لە دوای كشانەوەی رۆمەكان فرانكفۆرت كەوتە دەست (ئالە مێنەر) ئەڵمانەكان. هەر بۆیە ئەم ناوە مایەوە و بووە رێگایەكی گرینگی هاتوچۆ و بازرگانی. دروستكردنی فرانكفۆرت بۆ رۆڵی (كارلی گەورە) دەگەرێتەوە بە تایبەتی دوای شەری زاكسن. هەروەها ماوەیەك هومانیستەكان پێیاندەگوت: هێلێنۆپۆلیس، گوایە پەیوەندی بە شەری (ترۆیا) تەرواده هەیە، هەندێكیش دەڵێن: بۆ هێلینی دایكی (كوستانتینی گەورە) دەگەرێتەوە. لە سەدەی ١٩ ناوی فرانكفۆرت بە تەواوەتی چەسپا.

## مێژوویی فرانکفۆرت



قەیسەر کارلی گەورە

وەکو بەڵگەی مێژوویی نامەیەکی کارلی گەورە ماوە، کە لە ٢٢-٢ ٧٩٤ بۆ کڵێسەی ئێمەرام بە زمانی لاتینی نووسیوە و ناردوە لەو کاتەی کە رۆمەکانی لێبووە. لە ساڵی (٨٤٣) کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی فەرەنسیەکان، لە ساڵی (١٢٢٠) بۆتە شارێکی تەواو سەربەخۆ. لە ساڵی (١٣٥٦) شاری

هەڵبـژاردنی مەلیکـەکانی رۆمیبـووە. لـە دوای روخـانی یەکـەم وڵاتـی ئەڵمانی جیابۆوە لە رۆمەکان لە ساڵی (١٨٠٦) فرانکفۆرت کەوتـە دەسـت مـیر تیـۆدۆر لـە دێلبێـرگ و دوایـش لەگـەڵ میرەکـانی رێگنـسبێرگ و ئاشافنبورگ یـەکیانگرت و دەولـەتێکی یـەکگرتوویان لـە هـەرێمی رایـن دروستکرد.

بەڵام دوای رووخانی سیستەمی ناپلیۆنی، فرانکفۆرت کەوتـە دەسـت هاوپەیمانان و لە کۆنگرەی ڤێناش سەربەخۆیی لـە چوارچێوە ئـەڵمانیا وەرگـرت. دوای دروسـتبوونی کێـشە لـە نێـوان فرانکفـۆرت پرۆسـیا، پرۆسـیاکان لـە ١٨-٧ -١٨٦٦ بـە هێـز فرانکفۆرتیـان داگیرکـرد و کردیانـە شارێکی پرۆسی، ئیتر لەوکاتەوە فرانکفۆرت سەربەخۆی خۆی لەدەستدا و کرا بە قەزایەکی سەر بە شاری ڤیزبادن، هـەروەها لـە سـاڵی(١٨٧١) بـە (ئاشتی فرانکفۆرت) کۆتای بەشەری فەرەنسا و ئەڵمانیا هات.



وێرانبوونی فرانکفۆرت لە ١٩٤٥دا

لەسەردەمی ناسیۆنالیستەکان ٤٨٠٠ کەسی مەدەنی و ١٢٧٠٠ سەربازی ئەڵمانی خەڵکی فرانکفۆرت لەگەڵ ١٢ هەزار جولەکە کوژران، هاوپەیمانەکانیش لەسەدا حەفتای شاریان وێرانکرد، کە تا ئەوکاتە سیمایی سەدەکانی رابردووبوو لە جوانی، حوکمەتی سەربازی ئەمریکی لەو شارە دامەزرا. لە ساڵی (١٩٥٠)وە فرانکفۆرت سەرلەنوێ دروستکرایەوە و بەرەو ئابووری و مێترۆپۆلی هەنگاوینا تا لە ساڵی (١٩٩٨) بووە ناوەندی بانکی هەموو ئەوروپا. هەروەها ژمارەی دانیشتوانی فرانکفۆرت بەردەوام لە گۆڕاندا بووە بە پێی قۆناغە مێژوویەکان لە سەدەی ناوەڕاست ژمارەی ١٠ هەزار کەس بووە، لە سەدەی ١٧ گەیشتە ٢٠ هەزار و لە کۆتای سەدەی نۆزدە گەیشتە ٩٠ هەزار کەس.

### ئاین لە فرانکفۆرت

لە فرانکفۆرت گروپی ئاینی جیاجیای زۆر هەن، بەلاَم هەموویان تۆمار نەکراون. لە سەدەی ٧ یەك کلێسە لە فرانکفۆرت هەبوو، لە سەدەی ١٢ ژمارەیان زیادیکرد، لە ساڵی(١٥٣٣)ریفۆرمی ئاینی دەستی پێکرد، لە ساڵی (١٥٥٢) بیروباوەڕی ئاینی لە فرانکفۆرت ئازادکرا. هەروەها لە ساڵی (١١٥٠) وە جولەکەکان شارەوانی خۆیان هەبوو، بەلاَم وەکو نەتەوەیەکی بەدبەخت لە فرانکفۆرتیش رووبەڕووی لەناوچوون بوونەوە بەتایبەتی لە ساڵەکانی (١٢٤١ و ١٣٤٩) کەوتنە ژێر رەحمەتی

راسیستەکان، هەروەها لە ساڵی (١٤٦٢)تا ساڵی (١٧٩٦)لە شوێنێکی داخراو دەژیان و بۆیان نەبوو تێکەڵی خەڵکیتر بن و لەگەڵیان بژین، تا سەردەمی ناپلیۆن و لە ساڵی (١٨٠٦)وە رێگەیان پێدرا لە گەڕەکەکانیتر بژین و مافی هاوڵاتی ئاساییان هەبێت، لە بەدبەختی خۆیا جارێکیتر کەوتنەوە بەر شاڵاوی ناسیۆنالیستەکان و چوار کڵێسەی گەورەیان لە ساڵی (١٩٣٨) رووخێنران و مرۆڤەکانیش بەر بەرنامەی هۆلۆکۆست کەوتن.

ئیسلام مێژوویکی کۆنی نییە لە کۆمەڵگای ئەڵمانی بەگشتی و لە فڕانکفۆرتیش بەتایبەتی یەکەم مزگەوت لە ساڵی ١٩٥٩ لە گەڕەکی یا بەشی رۆژهەڵاتی (زاکسن هاوزن) فڕانکفۆرت دروستکرا و بە ئەحمەدییەی ئیسلام ناسراوە، دواتریش زنجیرەیەك مزگەوتی تر کرانەوە، بەڵام بە جیاوازی مەزهەبی. هەروەها پەرستگای مۆرمۆنی یەکەم جار لە ساڵی (١٩٨٧) لە فڕانکفۆرت کرایەوە، کە باوەڕێکی تایبەتییە بە شیلی یەکان لە ئەمریکای باشوور ئەم باوەڕە لە ساڵەکانی (١٨٠٥ – ١٨٤٤) بڵاوبۆوە.



کڵێسەی جولەکەکان



مزگەوتی نور

## سیمبۆل Wappen



لەسەر رەنگی سوور بازێکی زیوین بە تاجی زێڕ.

دروست بوونی ئەم نیشانەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەیی ١٣ بە مانای پەیوەستبوونی فرانکفۆرت دێت بە بەئیمپراتۆریەتەوە. ئەم سیبولەش لەلایەن شێوەکار(ئێدوارد شمید لە لاوینتس) دروستکراوە، بەلاّم گۆڕانی زۆری بەسەرداهاتووە لە سەردەم و دەسەلاّتە جیاوازەکان بە تایبەتیش سالاّنی (١٩٢٠ و ١٩٣٦ و ١٩٥٩).

## سیمای فڕانکفۆرت





تەلارسازی رۆمی



چوارگۆشەی بانکەکان

وەکو زۆربەی شارەکانی تری ئـەڵمانیا دوای وێـران بـوون و کاریگـەری شەڕی دووەمی جیهانی گۆڕانی زۆری تێدا کرا، جیـاوازی ئـەم گۆڕانـەش زۆر رادیکالانـەبوو، بەشـێوەیەکی مـۆدێرن دروسـتکرایەوە، گرینگـی بـە سـتایلی تـازەی تەلارسـازی درا، هـەر لـە دروسـتکردن و دابەشـکردنی شـەقامەکان و بەسـتانەوەیان بەیـەکتری تـا باڵەخانـە بـەرزەکان. هەرچـەندە فڕانکفـۆرت لـە سـاڵی (١٣٣٣)لەسـەر شـێوەی شـاری نـوێ بنیـاتنراوە، بـەڵام بـەردەوام گـۆڕانی بەسـەرداهاتووە، بەتایبـەتی دوای سەرهەڵدانی بیرۆکەی شاری کۆن و نوێ و دروستکردنی پارك و کێلگەی ماسی، گـرینگترین نەخـشەش نەخـشەی (جـۆرج هـێس) لەسـەر سـتایلی کلاسـیکی، بـەڵام لـە شـەڕی دووەمـی جیهـانی وێرانکـرا، بـۆ نموونـە کتێبخانەی گشتی شار لـە ساڵی (٢٠٠٥)لەسـەر هـەمان نەخـشەی پێـشوو دروستکرایەوە و کرا بە ماڵی ئەدەب. کڵێسەی کاتارین وەکو خۆی مـاوە، کـە لەسـەردەمی بـاڕۆك دروسـتکراوە لـە سـاڵانی (١٦٧٨-١٦٨١)ئێـستا بۆتـە کڵێسەی ئیڤێنگێلەکان و بە خـانووی خێزانـی گۆیتـە نووسـاوە. بەشـێك لە باڵەخانەکانی سـەنتەری شـار لەسـەر نەخـشەی سـاڵانی (١٧٢٧ و ١٧٤١) دروستکراونەتەوە.

لـە فڕانکفـۆرت گرینگـی زۆری بـە پـارك و سـەوزای شـار دراوە، وەك پارکی باتمەن و پارکی هـۆلتی هـاوزن و پـارکی گونتەرسـبورگ و پـارکی گرونـەبورگ، هـەروەها پـارکی پیـشەسازی، کـە بـۆ پـشووی کرێکـاران تەرخانکراوە. جگـە لەمانـە پـشتێنەی سـەوزی فڕانکفـۆرت، کـە شـێوەی

بازنـەی وەرگرتـوە لـە هـەر چـواردەوری فڕانکفـۆرت بـە رووبـەری ۸۰۰ هێکتار.

## ئابووری فڕانکفۆرت



فڕۆکەخانەی فڕانکفۆرت

گـرینگترین لایـەن، کـە فڕانکفـۆرت شـانازی پێوەبکـات یـا بایـەخی پێبـدات لایـەنی ئابوورییـە، دوای شـەڕی دووەمـی جیهـانی فڕانکفـۆرت رووی لە کرانەوەکرد بەڕووی ناوەخۆ و ئەوروپا و جیهان، جا ئەمـە چ لـە رێگـای هێنـانی کۆمپانیـای بیـانی بـێ بـۆ ئـەو شـارە یـاخود کردنـی فڕانکفۆرت بە سەنتەری دەرچوون بۆ هەموو شوێنێك بە فرەوانکردنـی هەموو رێگاکانی هاتوچۆ وەك فڕۆکەخانـە و وێـستگەی شـەمەندەفەر و

ئاوتۆبانەکان، هەروەها باڵەخانە بەرزەکانی، کە بە (مانهاتن) ناسراوە، کە لایەنێکیتری پڕۆژەکەیە، ئەمە سەرەڕای گرینگیدان بە سەوزایی و شوێنی حەوانەوە و بۆنە و ئاهەنگ و فیستیڤالە نێودەوڵەتییەکان.

فڕانکفۆرت توانیویەتی لە ڕێگای خزمەتکردنی هاوڵاتیانی خۆی و ڕەخساندنی هەلی کار بۆیان باشترین داهاتی لەڕێگای باجەوە دەست دەکەوێت، توانیویەتی بۆ ٦٠٠ هەزار کەس هەلی کارکردن برەخسێنێت لەوانە لە هەر کەسێك ٢١١٩ یۆڕۆ باج وەردەگرێت ساڵانە، هەروەها ١٠،٦٠٠ کۆمپانیایی لێیە.



تاوەری ئۆڕۆ سێنتڕاڵی بانکی ئەورووپا

٣٦ هەزار کارمەند لەو کۆپانیانە کاردەکات بۆ بەڕێوەبردن، جگە لە کرێکارەکانیان ئەمانەش هەمووی باج بە حوکمەتی فرانکفۆرت دەدەن گرینگترین کۆمپانیاکان (فیات، ۆپل، یاگوار، ئالفارۆمیۆ، زاب، سیات، هۆندای، هۆندا، مازدە، لانچیا، هەروەها سێنترالی دەیەها تێلیکۆمانیتیسیۆنە...هتد) پڕ ئیشترین شارە لە ئەڵمانیا، تەنیا مارکێتێکی ناو شار، کە گەورەترین مارکێتە رۆژنە ١٤ هەزار کەسە هاموشۆی دەکات. ئیستا فرانکفۆرت سێنترالی بانکی ئەڵمانیا و ئەوروپایە، هەروەها گەورەترین بۆرسەی ئەڵمانیا لەو شارەیە. ئەمانە هەمووی وایانکردووە فرانکفۆرت لە رووی بەرزی کوالیتێتی ژیان ببێتە حەوتەم شار لە جیهان، بەڵام هەر ئەمەش لایەنێکی نێگەتیڤی دروستکردوە ئەویش رێژەیی تاوانە، کە فرانکفۆرت لەڕووی زۆری تاوان لە لوتکەدایە لە ئەڵمانیا، بە هۆی زۆری پارە و ئاسانی بە یەکگەیشتنی تاوانباران و هێنانی ماددەی بێهۆشکەر لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بەتایبەتی لە رێگای فڕۆکەخانە گەورەکەی، کە راستەوخۆ بۆ زۆربەی وڵاتەکان هاتوچۆ دەکات، کە یەکێکە لە فڕۆکەخانە گەورەکانی جیهان و سێیەم فڕۆکەخانەی ئەوروپایە لە دوای پاریس و لەندەن، تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٧ (٢،٥٤)ملیۆن کەس بە فڕۆکەخانەیە هاتوچۆی کردووە، هەروەها ئاوتۆبانەکانی، کە خزمەتێکی گەورەیە بۆ هاوڵاتیان، کە بە ئاسانی و بە خێرای دەتوانن هاتوچۆ بکەن، ئاوهاش یارمەتی زۆری تاوانباران دەدات ئەوانیش بە ئاسانی بسووڕێنەوە و کاری خۆیان

ئـەنجام بـدەن. بـە هـەمان شـێوە وێـستگەی شـەمەندەفەری فڕانكفـۆرت قەڵـەباڵغترین وێـستگەیە، لەگـەڵ مونــشن بــە پلــەی دووەم دێــن دوای هـامبۆرگ، كـە رۆژانــە (٤٥) هـەزار كـەس دەگوازنــەوە، بــە وێـستگەی (لایبزیك و چوریش)ەوە گـەورەترین وێـستگەكانی ئـەوروپان. هـەروەها رێگـای ئـاوی گرینگێكـی ئـابووری تایبــەتی بــە فڕانكفـۆرت بەخـشیوە، زۆربەی كەرسـتە و كەلوپـەلی كۆپانیاكـان لـە رێگـای ئـاوی زێـی مـاین و راین و دۆناو دەگوازرێنەوە.

هـەروەها زۆربـەی بەڕێوەبەریەتیـەكانی هەرێمەكـە لـە فڕانكفۆرتـە، هـــەروەها ٩٩ كونـــسوڵخانەی وڵاتـــانی تێدایـــە، ئەمـــەش لـــە رووی ئابووریيــەوە بــۆ فڕانكفـۆرت زۆر گرینگــە گـەورەترین كونــسوڵخانەی ئەمریكا لە هەموو جیهان لە فڕانكفۆرتە، كە رۆژانـە خـەڵكێكی زۆر بـۆ مەبەسـتی جیـاواز روو لـەو شـارە دەكـەن، ئەمـەش خـۆی بـازارێكی بـێ وێنەیە.

## پێشانگا لە فڕانکفۆرت



تاوەری پێشانگا لە شوێنی پێشانگاکان

پێــشانگا مێــژوویێکی کــۆنی هەیــە لــە فڕانکفــۆرت بــۆ ســەردەمی فریدریشی دووەم دەگەڕێتـەوە ساڵی ١٢٤٠ ئـەوکات فڕانکفـۆرت لـە دوای لایبزیـك دووەم شـاربوو لـە پێـشانگا لـە نێـو وڵاتـی نەتـەوەی ئـەڵمانی

سەردەمی رۆمی پیرۆز. لـە دوای لەناچـوونی لـە سـەدەی ١٨، فڕانكفـۆرت دوای ئەو ماوە دووروو درێژە جارێكیتر توانی ئەم ترادیـسیۆنە لـە پـاش تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهانی بژێنێتـەوە. گـرینگترین پێـشانگاكان پێــشانگای كتێــب و پێــشانگای ئوتۆمۆبیــل و ئاشــیما و ئەمبینێتــەی فڕانكفۆرت.

## پێشانگای کتێب

FRANKFURTER
BUCHMESSE

لۆگۆی پێشانگا

هـەموو سـاڵێك پێـنج ڕۆژ لـە مـانگی ئۆکتۆبـەر شـاری فرانکفـۆرت دەبێتـە سەرنجراکێـشترین و گـرینگترین شـوێن لـە جیهـان بـۆ کتێـب و مولتی میدیا و کۆمونیکاسیۆن.

لەدەوری دووسەدوهەشتا هەزار میوان چاوەڕوان دەکرا بـۆ ئـەم سـاڵ (٢٠٠٨) کەچی ژمـارێکی زیـاتر هـات، لەمانـە دە هـەزار ڕۆژنامـەنووس و زیاتر لە هەزار نووسەر لە تەواوی جیهان. مێژووی ئەم پێشانگایە دوور و درێـژە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی (یۆهـانس گـوتنبێرگ) داهێنـەری پیتی چاپکراو لەگـەڵ سـێ هاوەڵەکـەی یۆهـانس فوسـت، پیتـەر شـۆفەر، کـۆنراد کینکـیس، کتـێبی چـاپکراویان خـستە بـازار و نمایـشیانکرد لـە شـاری فرانکفـۆرت، ئەمـەش بـۆ پـێش (٥٠٠) سـاڵ دەگەڕێتـەوە. دوایـش شاری لایبزیك بووە ناوەندێك بۆ پێشانگا کردنـەوە، ئینجا سـاڵی (١٩٤٩)

بـە شـێوەیەکی فـەرمی لـە شـاری فرانکفـۆرت لـە(کلێـسەی پـاولۆس) پێشانگای کتێب کرایەوە و تا ئەمرۆ بەردەوامە.

پێـشانگای فرانکفـۆرت شـوێنی بەیەکگەیـشتنی نووسـەر و دەزگاکـانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و بازرگانی کتێب و خاوەن کتێبخانـەکان و بازرگـانی هونــەر و گۆڤـار و وەکیلـەکانی کتێـب و رۆژنامەنووسـان و هەروەها میـدیا نوێکـان و خوێنەریـشە. سـەرەڕایی نمایـشی کتێـب، ئـەم پێـشانگایە هـەلێکی بـاش بـۆ بازرگـانی کتێـب لەسـەر ئاسـتی جیهـان دەرەخسێنێت بە پێی یاساو مۆڵەتەکان.

ئەم پێشانگایە بەتەنها بۆ شتە نووسـراوەکان نیـە، بـەڵکو بـۆ میـدیای ئەلکترۆنی کە دەمێکە خۆی سەلماندووە .

خاڵێکی گرینگیتری ئەم پێشانگایەی فرانکفـۆرت (کاریگـەری کۆمیـك) کە ژمارەیەکی زۆر لـە وڵاتـان بەشـدارن و نمایـشدەکرێت لەوانـە ئـەلمانیا، فەرنسا، ئەمریکا بەلجیکیا و یابان و ولاتانی تر کـە بـە بەرهەمـەکانیان بەشدارن.

گـرینگێکیتری ئـەم پێـشانگایەیی کتێـب، ئەوەیـە هـەر سـاڵێك وڵاتێـك بەشێوەیەکی تایبەتی داوەت دەکرێت بـۆ سـاڵی (٢٠٠٨) تورکیـا داوەتکـرا بـــە پرۆگرامێکـــی کولتـــوری هەمەلایەنـــە وەکـــو نمایـــشی کتێـــب وخوێندنـەوەو کۆنـسێرت و فـیلم و شـانۆگەری بـە بەشـداری سـەرۆکی تورکا. بۆ ساڵی (٢٠٠٩)  سین داوەتە بۆ ساڵی (٢٠١٠) ئەرژنتینەو بۆساڵی (٢٠١١) ئیسلەندە.

خەڵاتی ئاشتی  پێشانگای کتێبی  فرانکفۆرت.



کلێسەی پاول

پێشانگای کتێبی فرانکفۆرت ساڵانە دوو خەلاَت دەبەخشێت یەکەمیان خەلاَتی ئاشتی کە لە ساڵی (١٩٥٠) وە لەگەڵ کردنەوەی  پێشانگای کتێب لە رۆژی پێنجەم لە (کلێسەی پاولۆس) بەرێوە دەچێت کە بری ٢٥٠٠٠ هەزار یۆرۆی لەگەڵدایە، ئەم خەلاَتە دەدرێتە ئەو کەساتیانەی کە بە بەرهەمەکانیان کاریان بۆ مرۆڤایەتیکردوە یا ئاشتی لە نێو بەرهەمەکانیان رەنگیداوەتەوە لە بوارەکانی ئەدەب و هونەر و زانست . یەکەم کەس (ماکس تاو) ساڵی (١٩٥٠) ئەم خەلاَتەی وەرگرت، پاشان

چـــەند کەســـانێکیتر وەکـــو ئیلبەرتشفایـــچە و هابـــەرماس و ئـــۆرهن پەموك...

ســالّی (٢٠٠٨) (ئــانزێلم کیفــەر) شـێوەکاری ئــەلّمانی ئــەم خەلاّتــەی وەرگـرت لـە دایکبـووی سـالّی (١٩٤٥)لـە دۆناوشـینگن / ئـەلّمانیا لـە سـالّی (١٩٩٣) لە فەرنسا دەژییێت، بەیەکێك لە هونەرمەندە گەورەکانی ئـەلّمانیا دەژمێردرێـت خـاوەنی کۆمـەلّێك خـەلاّتی تـرە لەوانـە خـەلاّتی (هـانس تۆمــا ١٩٨٢ ، خـــەلاّتی ڤۆلــف بــۆ هونـــەر ، خـــەلاّتی یۆرشـــەلیم ١٩٩٠ ، گۆسلارە کایسەرینگ ١٩٩١ .

## خەلاّتی کتێب

هەروەها جگـە لـە خـەلاّتی ئاشـتی  پێـشانگای کتـێبی  فرانکفـۆرت لـە سالّی(٢٠٠٥) وە، سالاّنە خەلاّتی کتێب دەداتە باشـترین رۆمـان بـە زمـانی ئـــەلّمانی کـــە بـــڕی ٣٧٥٠٠ یۆرۆیـــە، هـــەموو ســـالّێك پێـــنج رۆمـــان هەلّدەبـــژێردرێن بـــۆ ئـــەم خەلاّتـــە یـــەکێکیان یەکـــەم دەبێـــت و چوارەکەیتریش دەبنە فینالیست. لە سالّی ٢٠٠٨ (ئوڤە تالکەمپ) بوو بە رۆمانی (بورج) کـە بـاس لـە دوا حـەوت سـالّی کۆتـای ئـەلّمانیای شـەرقی دەکات "د د ر" (ئوڤـە تالکـەمپ) لـە سالّی (١٩٦٨)لـە شـاری درێـزدن لـە ئـەلّمانیا لـەدایکبووە، چـەند رۆمـانێکیتر هەیـە لەوانـە (ماسـی قـرش، خەونـەکان، قاوەخانـەی پرتوگـالّی).هـەروەها یولیـا فرانـك و کاتەرینـە هاکەرو ئارنۆ گایگەر خاوەنی ئەم خەلاّتەن .

جگە لەم دوو خەڵاتە شاری فڕانکفۆرت کۆمەڵێك خەڵاتی تری هەیە لە بواری جیا جیا وەکو خەڵاتی شاری فڕانکفۆرت لە ساڵی (١٩٥٢) وە، خەڵاتی بنەڕەتی فڕانکفۆرت لە ٢٠٠١وە، خەڵاتی پلاکێتی گۆیتە لە ساڵی (١٩٤٧)وە، خەڵاتی گۆیتەی شاری فڕانکفۆرت لە ساڵی (١٩٢٧)وە، خەڵاتی ئیگناتس-بوبیس لە ساڵی (٢٠٠١)وە، خەڵاتی ئینتیگراتسیۆن لە ساڵی (٢٠٠١)وە، خەڵاتی خەڵاتی جیهانی، خەڵاتی جیهانی گەورە، خەڵاتی ماکس بێکمان، خەڵاتی ئۆتۆ هان، خەڵاتی پلاکێتی رۆمی، خەڵاتی وەرزشی، خەڵاتی تیۆدۆر. و- ئادۆرنۆ لە ساڵی (١٩٧٧)وە، خەڵاتی تۆنی – زێندەر، خەڵاتی پلاکێتی ڤاڵتەر مولەر، خەڵاتی ڤاڵتەر- کۆلب. ئەم خەڵاتانە هەندێکیان ساڵانەن و هەندێکیشیان دوو ساڵ و سێ ساڵ و پێنج ساڵ جارێکن، بۆ زۆربەی بوارەکانن.

## کولتوری فڕانکفۆرت

فڕانکفۆرت خاوەن دیالێکتی خۆیەتی، کە بە دیالێکتی راین-ماین ناسراوە، تا ساڵانی (١٩٨٠) دەتوانرا زۆر بە ئاسانی خەڵکی ئەم ناوچەیە لەرێگای دیالێکتی بناسرێتەوە. هەروەها فڕانکفۆرت جگە لە قوتابخانەی فڕانکفۆرتی فەلسەفی، کە لە ١٩٣٠وە لەلایەن تیۆدۆر ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر وە دامەزراوە و ناوبانگێکی گەورەی دەرکرد لە رەخنەی دیالکتیکی و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، پاشان کۆمەڵێك بیرمەندی تر

وەك ماركۆزە و فرۆم و تا دەگاتە هابەرماس و هەر یەكە لە بوارێك بە چاوێكی رەخنییانە بارودۆخەكەیان هەڵدەسەنگاند، بە پشت بەستن بە فەلسەفە و فەیلەسوفەكانی پێش خۆیان وەك كانت و هیگڵ و شۆپنهاوەر و نیتشە و فرۆید ...




خانووی لە دایكبوونی گۆیتە



یەکێتی هونەرمەندان

لایەنێکیتری کولتوری فرانکفۆرت مۆزەخانە و شانۆکانە، فڕانکفۆرت خاوەنی ٦٠ مۆزەخانەی گەورە و بچووکە لە هەردوو بەری زێی ماین، مۆزەخانەی کولتوری جیهانی و مۆزەخانەی تەلارساز و مۆزەخانەی کۆمینیکاتیسیۆن و مۆزەخانەی هونەر و مۆزەخانەی هونەری مۆدێرن و مۆزەخانەی ئەرشیلۆگی ...هتد، هەروەها لە شانۆ و ئۆپێرا و ئۆرکسترا و باڵەدە لە شارە دیارەکانی ئەڵمانیایە.



ئۆپێرا

لەڕووی رۆژنامەگەری فرانکفۆرت مێژوویێکی زۆر کۆنی هەیە، دوو رۆژنامەی گەورەی لێدەردەچێت لیبرالی-کۆنزەرڤاتیف(فرانکفۆرتە ئەلگماین) و (فرانکفۆرتە روندشاو) هەروەها رۆژنامەی بۆرسە لە رۆژنامە دیارەکانە، لە رۆژنامە لۆکاڵیەکان (فرانکفۆرتە نیو پرێس) هەروەها گۆڤاری (فرانکفۆرتە ژۆرناڵ)، لە چاپخانە ناسراوەکانیش ماڵی چاپخانە و چاپخانەی سۆستێت. رادیۆی فرانکفۆرت، کە لە ساڵی (١٩٢٤) دامەزراوە کاریگەری زۆری هەیە لە شاری فرانکفۆرت، هەروەها رادیۆی ئیکس و رادیۆی هیت، جگە لەمانە کۆپانیای سینەمایی فۆکس کۆنتری لە فرانکفۆرتە.

لە هەمووی گرینگتر زانکۆکانی فرانکفۆرت زانکۆی شار و زانکۆی گۆیتە و زانکۆی کلینیك نیدەرراد، هەروەها قوتابخانە بەرزەکانی

فرانكفۆرت وەك قوتابخانەی دارای و كارگێری ، قوتابخانەی هونەری، قوتابخانەی ئیكۆنۆمی، ئەكادیمیای بانك، قوتابخانەی میوزیكی.

## هامبورگ Hamburg




هامبورگ شارێك و هەرێمێكی سەربەخۆیە لە نێو كۆماری ئـەڵمانیای یـەكگرتوو، لـە ڕووی گەورەییـەوە دووەم شـاری ئەڵمانیایـە و حەوتـەم شاری ئەوروپایە، ڕووبەرەكەی ٧٥٥،٢٦٤كم$^2$ و ژمارەی دانیشتوانی بەپێی ئاماری ٢٠٠٨ بریتیبوو لە ١،٧٧٣،٢١٨ كەس.

تــا ســەدەی ١٩ شــوەزاری خــواروو زمــانی گــشتی هــامبورگ بــووە، هەرچەندە لە سەدەی ١٦ ستانداردتی ئەڵمانی لە ڕێنووس کاری پێکراوە، بــەڵام بــەردەوام بــەرەودواوە گەڕاوەتــەوە، تــا لــە ســاڵی(١٩٨٠)بــەپێی دەســتوری هــامبورگ زمــانی ســتاندارتی ئــەڵمانی بەتــەواوەتی چەســپا. ئێــستا فەرهــەنگی تایبــەت بــە شــێوەزاری هــامبورگ هەیــە بــۆ ئــەو نووســینانەی بــەم شــێوەزارە نووســراون. لــە هــامبورگ جگــە لــە زمــانی ئــەڵمانی زمانــەکانی پرتوگــاڵی و تــورکی و کــوردی و ئــەفغانی لــەو گــەڕەکانی ئــەو نەتەوانــە ڕێژێیــەکی زۆریــان هەیــە یــا زۆرینــەن وەك گەڕەکـەکانی (ئالتۆنـە، ست.گیـۆرگ، هـاربۆرگ، ڤێـدڵ، ویلـهێلم بـۆرگ) هەروەها لە بـازار قـسەی پێـدەکرێت، هـەروەها روسـی و پۆلـۆنی قـسەی پێـدەکرێت. هـەروەها هـامبورگ بـەر لـەوێرانبوونی لـە شـەڕی دووەمـی جیهــانی، شــارێکی رازاوەبــووە لــەڕووی تەلارســازی، دوای شــەڕیش سەرلەنوێ بیناکراوەتەوە بە ستایلی کۆن و نـوێ، هـەروەها کەنالـەکانی ئاوەڕۆی هامبورگ و تونێلـەکانی شـەبەکەیەکی بەیەکـەوە بەسـتانەوەی ژێرەوەی هامبورگە.

سەوزای هامبورگ لە پارکەکانی (پـارکی شـار و پلانـتن ئـەن بلـومن و میللــی) هــەروەها گۆڕســتانی ئــۆلس دۆرف، کــە گــەورەترین پــارکی گۆڕســتانە لــە جیهــان ٤٠٠ هێکتــارە. هــەروەها هــامبورگ خــاوەن ١٨ پالێوگـەی ئـاوی خواردنەوەیـە، ڕۆژانـە ٢٥٠ هـەزار تـا ٤٠٠ هـەزار مـەتر سێجا ئاوی خواردنەوە ئامادە دەکات.

پارتەکانی یەکێتی مەسیحی دیموکراتی و سۆسیال-دیموکرات و پارتی سەوز و چەپەکان، هامبورگ بەڕێوەدەبەن بەپێی ڕێژەی خۆیان لە پارێزگا و ئەنجومەنی شار.




هامبورگ لە رووی جوگرافییەوە دەکەوێتە باکووری ئەڵمانیا و لەوێوە زێی (ئێلبەر) دوای ١٠کم دەڕژێتە دەریای باکوور، هەردوو بەندەری باکوور و باشوور لەرێگای پردی ئێلبەر بەیەکتر بەستراونەتەوە، هەروەها هەردوو رووباری (ئالستەر، بیلە) کە لە ئێلبەر دەبنەوە بەناو هابورگ تێدەپەڕن و رۆڵکی گرینگ دەگێڕن لە گواستنەوەی کەلوپەل. جگە لە گرینگی شوێنی جوگرافی هامبورگ،

لایـەنی خراپـی ئەوەیـە بـەردەوام لـەژێر هەڕەشـەی دەریـای بـاکوورە و چـەندین جـار رووبـەرووی لافـاو بۆوّتـەوە، هـامبورگ لـە بـاکوورەوە سنووری لەگەڵ هەرێمی (شلایسڤێگ-هۆلشتاین)ە و لە باشوور سـنووری بە هەرێمی (نیدەرزاکسن) وەیە، هەروەها دورگەکانی باکوور بەشـێکیان سـەر بـە هـامبورگن، زۆری ئـاو یـاخود بڵـێین زێ و رووبارەکـان لـە هامبورگ وایکردوە، کە هامبورگ ببێتە خاوەنی ٢٥٠٠ پرد، کە زۆرترین پردە لە ئەوروپا زیـاترە لـە ڤینیـسیا، کـە ٤٠٠ پـردی لێیـە، هـەروەها لـە ئەمستردام و لەندەن پێکەوە خـاوەنی ١٢٠٠ پـردن. ئاوهـەوای هـامبورگ بە زۆری شێدارە و گەرمترین کات لە هاویندا مـانگی حەوتـە، کـە پلـەی گـەرما دەگاتـە ٢،١٧ $^{\circ}C$ لـە سـەدا و لـە ساردترین کـاتیش لـە زسـتاندا مانگی یەکە، کە پلەی گەرما دەگاتە ٣،١ $^{\circ}C$ لەسەدا.



## مێژووی هامبورگ

کـۆنترین خانووەکـانی هـامبورگ بـۆ سـەدەی ٤ی پـێش مەسـیح دەگەڕێتەوە، لە ساڵی (٨١٠)یەکەم کلێسەی مەسیحی بۆ لـە ئاوهەڵکێشان دروستکرد، دوای یازدە ساڵ لودڤیش فرۆمە بەڕێوەبەرایـەتی بـۆ کلێسە دامەزراند. ئینجا بۆ پارێزگاری لە هامبورگ قەڵا دروستکرا.

گراف ئادۆلفی سێیەم لەسەدەی ١٢ کۆمپانیای بازرگانی دامەزرانـد لـە رۆژئاوای بەندەری ئالستەر، پاشان لەلایـەن قەیـسەر فریدریـشی یەکـەم لە ساڵی (١١٨٩)بە کرێدرا و بووە شوێنێکی بازرگانی بەهێز تا سـەدەی ١٤ گەورەترین پێشکەوتنی بەخۆیەوە بـینی، لـە سـاڵی (١٥١٠)هـابورگ بـووە شـارك لـەولاتی ئـەڵمانی کـۆن. لـە ١٥٥٨ یەکـەم بۆرسـە لـە هـامبورگ کرایەوە. لە ساڵی(١٦١٩)گەورەترین شاری ئـەڵمانیا بـوو، لـە سـاڵی (١٦٧٨) بـەبێ شـەڕ و خـوێن رشـتن هـامبورگ لەسـەردەمی ریفـۆرم بـووە ئیڤێنگێلی. گەشانەوەی کولتوری هامبورگ لە سـەدەکانی (١٧-١٨) دەسـت پێدەکات لەگەڵ دامەزراندنی شانۆی هامبورگی نەتەوەی لە ساڵی ١٧٦٧ .

هامبورگ لە سەردەمی رۆشنگەری و پیشەسازی پڕماناترین سـەنتەر بوو لە رووی ئابووری لە باکووری ئەڵمانیا. هامبورگ ماوەیـەك لـە ژێـر دەسەڵاتی مەلیکی دانیمارگ بوو، بەڵام قەت بەفـەرمی نەبۆتـە شارێکی دانیمارکی.

دوای فەرەنسیەکان لە ساڵی (١٨١٣-١٨١٤) کەوتـە ژێردەسـتی رووسـەکان، بـەلأم لـە کۆنگرەی ڤێنـا وەك شـارێکی سـەربەخۆ هاتـە نێـو ئـەڵمانیای یەکگرتوو، لە سـاڵی (١٨٦٧) بەشـداری لـە پڕۆژەکـەی بیـسمارك کـرد، لـە ساڵی( ١٨٧١)بووە یەکێك لە شارەکانی ئەڵمانیای یەکگرتوو.

گەورەترین رووداوە مێژووییەکانی هامبورگ:

یەکەم : سووتانی شاری هامبورگ لە ساڵی (١٨٤٢).

دووەم : بلأوبوونەوەی کولێرا لە هامبورگ لە ساڵی (١٨٩٢).

سێیەم : بۆمبابارانی شاری هامبورگ لە شەڕی دووەمی جیهانی.

لە سەردەمی ناسیۆنالیستەکان هامبورگ وەکو هەموو ئـەڵمانیا بـەدەر نەبوو لە نەهامەتیـەکانی نازییـەکان، لـە گـرتن و کوشـتنی ئۆپۆزیـسیۆن، یەکەم کاریش کە کردیان تێکدانی شارەوانی جولەکـەکان بـوو، هـەروەها لە ناوبردنی چیگۆینەکان و هۆمۆسێکسوێلەکان بـە هـەردوو رەگـەزەوە، هەروەها جێ بەجێکردنی بەرنامەی(توتانـازی) بـۆ لـەناوبردنی مرۆڤـی نەخۆش و کەم ئەندام و پیر و پەککەوتە.

## سیمبولی هامبورگ



هامبورگ سێ سیمبول و سێ ئالأی هەیە و بەپێی دەستوری هامبورگ ڕێکخــراوە، ســیمبولی گــەورە بــۆ ســیناتە و ســیمبولی بــچووك بــۆ هاوڵاتییانــە. یەکــەم ســیمبول، کــە لەســەر شــارە، بــۆ ســەدەی ١٢ و ١٣ دەگەڕێتــەوە، کــە قەڵایــەکی ســپییە لەســەر پانتــاییێکی ســوور، تــاوەری ناوەڕاستی قەڵا، کە نیشانەی خاچی لەسەرە، نیشانەی دۆمی سەدەکانی ناوەڕاستە، دوو ئەستێرەکەی سەر هەردوو تاوەری لای ڕاست و چەپ، نیشانەی ئێشکگری شارە، ڕەنگەکانیش بەبڕیاری سینات لە مانگی مای

سـالّی (١٧٥٢) چەسـپاوە، کـە پێـشتر ڕەنگـەکان پێـچەوانەبوو. دووەم : سیمبولی هەرێم، هەروەکو خۆیەتی تەنیا دوو شێری بـۆ زیـادکراوە. لـە ساڵ (١٩٩٠) سینات داوای لە هونەرمەند و گروپ و یەکیتیەکان کرد، کە لێکۆلینـەوە لەسەر سیمبولەکان بکەن، کە کامەیان بـۆ هەرێمەکـە باشـە. ئەوەبوو دیزاینەر (پیتەر شمید) داوایکرد کە پێویـستە دەرگای قەلاّکـە والاّبکرێـت و بکرێتـە سـیمبولی هـەرێم بـە ڕووی جیهـان، چـونکە کرانەوەی دەرگای قەلاّ پڕ ماناترە.

## ئاین لە هامبورگ



وەکـو باسمـانکرد هـامبورگ لـە سـەردەمی ریفرۆمـەوە شـارێکی ئیڤینگێلیە، بەلاّم بەردەوام ژمارەی ئەندامەکانی لـە کەمبوونـەوەدابووە

لەم دواییانە، بە پێچەوانەی کاتۆلیکەکان، کە توانیویانە پارێزگاری لە ڕێژەیی خۆیان بکەن، کە بە هەردوو مەزهەب لە سەدا ٥،٤١ پێکدەهێنن.

هامبورگ بەپێی شوێنەکەی، کە دەرگایەکی ئاوی ئەڵمانیایە بەردەوام خەڵکی بێگانە و ئاینی تر روو لەم شارە دەکەن، لە ساڵی (١٨٣٤) یەکەم بنکەی (باپتیستەکان) دامەزرا، هەروەها بۆ (ئاپۆستۆلیەکان) ١٢ گەنجی پەیام هێنەری مەسیح، هامبورگ شارێکی گرینگە، کە ئەوانیش دوای بوونە دوو بەش ئاپۆسۆلی کاتۆلیکی و ئیڤێنگێلی، کە ئەمڕۆ ٢٩ کڵێسەیان هەیە لە هامبورگ، هەروەها لە ساڵی (١٩٩٥)وە کاتۆلیکی رۆمی هەیە و ڕێژەکەیان لە ساڵی(٢٠٠٤) گەیشتە لەسەدا ١٠. هەروەها ئاینی ئیسلام لە کۆتای پەنجاکانەوە بوونی هەیە و لە ساڵی (١٩٥٧) یەکەم مزگەوت لەهامبورگ کرایەوە، دوای ئیسلام بودایییەکان دێن، کە ڕێژەیێکی باشی هاولاتی ئەڵمانی چۆتە سەر ئەم باوەڕە.

## ئابووری هامبورگ

هەڵکەوتنی شوێنی جوگرافی هامبورگ، وایکردوە هابورگ ببێتە دەرگای سەرەکی ئەڵمانیا بەڕووی جیهان لە رووی ئابوورییەوە، ئەم تایبەتمەندییە سەرنجی زۆربەی وڵاتانی راکێشاوە، کە کونسوڵخانەیان لەهامبورگ بکەنەوە و ژمارەیان دەگاتە ١٠٤ کونسوڵخانە ئەمەش زۆرترین ژمارەیە دوای نیۆرك و هۆنگ کۆنگ. هەروەها رۆڵێکی گرینگی هەیە لە بازرگانی دەوڵەتانی ئەسکەندەنافی.

ئەوەی ئابووری هامبورگی بەهێزکردوە رێگای ئاوی و ئاسمانییە بۆ گواستنەوەی کەلوپەل، دوای ئەمە لە رووی بەرهەمی (کیمیا و دروستکردنی ئامێر و کەشتی و ئەلکترۆنی و پاککردنەوەی نەوتی رەش) سێیەم شاری جیهانە، سەرەڕای لایەنی بانکی و میدیا و دڵنیای، داهاتی ساڵی (٢٠٠٧)ی گەیشتە ٨٩ ملیارد یۆرۆ، بەڵام بەهۆی زۆری پرۆژەکانی بەردەوام قەرزارە. گرینگترین هەڵی کارکردن لە هامبورگ لەم شوێنانەیە: دامودەزگاکانی شار ٧٠ هەزار کارمەندی هەیە، کۆمپانیای فرۆکە(ئێربووس)ی ئەڵمانیا ١٢ هەزار کرێکاری هەیە، هێڵی ئاسمانی لوفت تانزا زیاتر لە ١٠ هەزار کرێکار و کارمەندی هەیە، نەخۆشخانەی ئاسلێپیۆس هامبورگ زیاتر لە ١٠ هەزار کارمەند و کرێکار. لەگەڵ ژمارەیەکی تری کۆمپانیا و دامەزراو، کە بە هەموویان ١٧ شوێنەی دیاری کارکردنن لە هامبورگ



وێستگەی سەرەکی شەمەندەفەری هامبورگ



بەندەری هامبورگ

هێلـی ئاسـنینی هـامبورگ، کـە مێژووییەکـەی بـۆ سـاڵی (١٨٤٢) دەگەڕێتـەوە، لەگـەڵ شـەقام و ئاوتۆبانـەکان، کـە ٤٠٠٠ کیلۆمـەترن، هـەروەها ڕێگـا ئـاوی، کـە ڕاسـتەخۆ هـامبورگ بـە دەریـای بـاکوور

دەبەستێتەوە، وە  ڕێگای ئاسمانی، فڕۆکەخانەی هامبورگ کۆنترین فڕۆکەخانەیە، کە لە ساڵی (١٩١٢) وە تائێستا لە کاردابێت، ئەمانە بەشێکی گەورەی ئابووری هامبۆرگ پێك دەهێنن.

## کولتوری هامبورگ



ماڵی ئەکتەر

لە هامبورگ ژمارەیەکی زۆر شانۆ هەیە، کە دەگاتە ٦٠ شانۆ، هەروەها کلوبە میوزیکیەکان، کە ١٠٠ کلوبن و ٦٠ مۆزەخانە و ٢٨٠ کۆمپانیای میوزیکی هەیە، لەگەڵ ٢٠٠ کۆپانیای تۆن وەرگرتن، هەروەها ١٠ هەزار هونەرمەندی سەربەخۆ هەیە، کە بۆ خۆیان کاردەکەن، لەگەڵ ٣٠ سینەما و پرۆگرامی سینەمایی، ئەمانەو چەندینی تر بوونەتە هۆی دروست بوونی کولتوری نوێ هامبورگ. بە تایبەتی لە میوزیک هامبورگ چوارەم شارە دوای نیویۆرك و لەندەن و ڤێنا. لە بۆنەکان ژمارەییەکی خەیاڵی میوان روو لە هامبورگ دەکات.

ماڵی ئۆپێرا و شانۆی بەندەر جێگەی ٣٤٣٠ کەسیان هەیە، یەکەم ماڵی ئۆپێرا لە ساڵی (١٦٧٨) لە هامبورگ کرایەوە، چەندین جار نوێکرایەوە، بەڵام لە شەڕی دووەمی جیهانی بەتەواوەتی وێرانکرا، هەمدیس بیناکرایەوە و بووە ئۆپێرایەکی جیهانی و چەندین کەسایەتی لەوەێوە دەرکەوتوون، لەوانە(مۆتسرات کاپالە، پلاسیدۆ دۆمینگۆ) هەروەها ستارەکانی ئۆپێرا (لوچیانۆ پاڤارۆتی، میرێلا فێرنی، بیرگێت نیلسۆن، مارییەکالاس). هەروەها کۆنسێرتی هامبورگ لە (لایس هالە) کە بە کۆنسێرتی کلاسیکی یا میوزیکی کلاسیکی ناسراوە، لە ساڵەکانی (١٩٠٤- ١٩٠٨) دروستکراوە، بەڵام ئێستا جگە لە کۆنسێرتی کلاسیکی، میوزیکی مۆدێرنیش پێشکەش دەکات.



لایس هالە

هەروەها لە هامبورگ ساڵانە کۆمەڵێك بۆنە و ئاهەنگ و فیستیڤاڵ ڕێکدەخرێت، لەوانە هامبورگە دۆم، کە سێ ساڵ جارێکە، ڕۆژی دروستکردنی بەندەر، ڕۆژی کەشتیەکانی نێو ئاوی ئالستەر، هەروەها فیستیڤاڵەکان، وەك فیستیڤالی فیلم و ڕۆژی فیلمی هاوڕەگەزەکان، ڕۆژی ئایاری هامبورگ و ڕۆژی ماتۆڕەکان و ئاهەنگی پردی داگرتن و ئاهەنگی ڕۆك ...هتد.

## زانکۆ و میدیای هامبورگ



زانکۆی هامبورگ

زانکۆی هانزاشتادت هامبورگ، لەگەڵ ١٧ قوتابخانەی بەرز لە بوارە جیا جیاکان، هەروەها گەورەترین

تاقیگەی($XFEL$) یەکیتی ئەوروپا لە هامبورگە بە نوێترین تەکنیك. لە رووی میدیاوە دوو گۆڤاری بەناوبانگ (دی شتێرن و دێر شپیگل) لەهامبورگ دەردەچن، هەروەها چاپخانەکانی (ئاکسل شپرینگەر و گرونە+یار) کەنالی تەلەفزیۆنی (ئا ئێر دی و ئین دی ئێر) هەروەها بەرنامە بەناوبانگەکانی تاگس شاو، تاگس تێمن، ناخت

مەگەتسین. جگە لە ستۆدیۆی زۆربەی کەنالەکانی تر و رادیۆی جۆراو جۆر.

## مونشن München

پایتەخت و گەورەترین شاری هەرێمی بایرنە، سێیەم شاری گەورەی ئەڵمانیا و دوازدەهەمینی ئەوروپایە، گرینگترین شاری ئەڵمانیایە لەڕووی ئابووری و هاتوچۆ و سەنتەری کولتوری.

لەڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتە باشووری ئەڵمانیا، سنووری بە نەمسا و سویسڕاوەیە، رووبەرەکەی (٤،٣١٠ کم$^2$) ژمارەی دانیشتوانی مونشن(١،٣٦٥،٠٢٦) .

مونشن لە ساڵی (١٨٥٢) بووە شارێکی گەورە، دوای تێپەڕاندنی ژمارەی دانشتوانی بۆ سەرووی ١٠٠ هەزار، لە ساڵی (١٨٨٣) گەیشتە ٢٥٠ هەزار و بەردەوام لە زیادبووندابوو تا لە ساڵی (١٩٧٢) گەیشتە سەرووی ملیۆن.

پێکهاتەی نەتەوە بێگانەکانی دانشتوی مونشن، تورك (٦٦٢،٤٢)هەزار، کرواتی (٦٤٦،٢٤)هەزار، ئینجا یۆنانی و نەمساوی و پۆلۆنی و سڕبی و بۆسنەوهێرزەگۆڤینیا و عێراقی و فەڕەنسی و روسی و ئەمریکی و ئۆکرانی.

دیالێکتی مونشن سەر بە شێوەزاری بایرنی ناوەڕاستە و بەردەوامیش لە ژێر هەڕەشی دیالێکتەکانی دەوروبەرە، ئەگەری ئەوە هەیە لە ٢٠ ساڵی تر ببێتە دیالکتێکی بێگانە لە چاو ئەوانیتر.

لەڕووی کولتوری و ئابوورییەوە مونشن شارێکە پڕە لە شانۆ و سنەما و ٢٨ ئۆپێرا و ئۆرکسترا و دەیان بۆنە و ئاهەنگی ساڵانە و کۆمەڵێك مۆزەخانەی جۆراوجۆر و شوێنی گەشتیاری و دێرین، هەروەها خاوەنی کۆمەڵێك نووسەری بەناوبانگە وەك (تۆماس مان، راینەر مارییە ریلکە، بێرتۆلت برێخت، لودڤیش تۆما، فرانك ڤێدەکیند،ئانێتە لۆلب) و چەندانیتر، سەرەڕای فیستسڤالەکان، چاپخانەکان، میدیای جۆراوجۆر.




ماتهاوز نزیکەی ساڵی ١٦٥٠ دروستکراوە

هەروەها لەڕووی ئابووری مونشن شارێکی دیاری ئەڵمانیا لە زۆری کارگە و شوێنی کارکردنی کرێکاران و شوێنی جوگرافی، جگە لە کارگەکانی ئوتومبێل بەتایبەتی (بی ئیم دەبلیو) مونشن ٥٠٠ کۆمپانیای گلۆباڵی تێدا نیشتە جێیە، هەروەها فڕۆکەخانەی (یۆزیف شتراوس) وێستگەی سەرەکی شەمەندەفەر و ئاوتۆبانەکانی مونشن و تۆڕی هاتوچۆی ناوشار، میدیاکان، بانکەکان، سەیرانگەکان بەشێکی ئابووری ئەم شارە پێکدەهێنن.



**تۆڕی مترۆ و پاسی مونشن**




**بازنەی ئاوتۆبانی مونشن**



سێنتڕالی بی ئێم دەبلیو، بی ئێم دەبلیوی چوارسیلەندەر، مۆزەخانەی بی ئێم دەبلیو

## مێژووی شاری مونشن

هیچ بەڵگەیەکی دیاریکراو نییە، کە سەرەتای نیشتەجێبوون لە مونشن دیاری بکات، بەڵام مۆڵەتی دروستکردنی شاری مونشن لە کڵێسەی (شێفتلارن) وەرگیراوە. یەکەم دوکۆمێنت لە شاری ئاوگستبورگ لە ساڵی (١١٥٨) ناوی ڤیلا مونشن هاتووە.



زانکۆی لودڤیش-ماکسیمیلین($LMU$) ساڵی ۱۴۷۲

لە ساڵی (۱۳۱٤) لودڤیشی پێنجەم بووە پاشا و لە ساڵی (۱۳۲۸)بووە قەیسەر و بارەگایەکی لە مونشن کردەوە. لەساڵی (١٥٠٦) مونشن بووە پایتەختی هەرێمی بایرن لە سەردەمی ئالبرێشتی پێنجەم، هەر لەو سەردەمە بووە سەنتەری رێنساس و دژە ریفۆرم. لەسەردەمی ماکسیمیلیانی یەکەم لە ١٦٢٣ کرا بنکەی سەرەکی میری گەورەی بایرن.

لە ساڵی (١٦٣٢) ناچاربوو قبوڵی هێزی سویدیەکان بکات و لە پێناو پاراستنی شار پارەیان پێبدات، بەلاّم دوای بەهۆی بلاّوبوونەوەی

نەخۆشی کە لە کوشتارگەکانەوە دروست ببوو بەشێکی زۆری دانـشتوان مـردن.

دوای شەڕی سی ساڵە لە (١٦٤٨) مونشن یەکێك بوو لـەو شارانەی، کـە زۆر بـەخێرایی هەڵـسایەوە و مـیر فێردیناند ماریـا دەرگـای بـەڕووی بـارۆکی ئیتـالی والآکـرد. هـەروەها لـە سـەردەمی ماکـسیمیلیانی سێیەم(یۆزیف) ساڵی (١٧٥١) ئەکادیمیای زانستی بایرن دامەزرا.



وێنە لە کۆتای سەدەی ١٩، روباری ئیسار و سەنتەری کۆنی مونشن

لــه ســالآنی (١٨٢٥ تــا ١٨٤٨)شــاری مونــشن بــووه شــاری هونــەری، هونەرمەندە کلاسیکیەکان (لیۆ کلێنتسە و فریدریش گێتنـەر) شـەقامی لودڤیش و سەنتەری مەلیکیکان دروستکرد، هەروەها هەر لەم سەردەمە بــەهۆی گرینگیــدان بــە تەلاّرســازی و باخــچەی ئینگلیــزی لەلایــەن ماکسیمیلیان، دواتر بە ستایلی مکسیمیلیان ناسرا.



بورجی سینی لە باخچەی ئینگلیزی

یەکەم رۆژنامەی رۆشنبیری (دی یوگند)لە سـالّی (١٨٩٦) دەرچوو. لـە سالّی (١٩١١) یەکیتی هونەرمەندان دامەزرا بـەناوی (دێـر بـلاّوە رایتـەر)

واتــه سوارچـاکی شــین. تۆمـاس مـان لـه گێڕانەوەکـەی وەسـفی شـاری مەنشن دەکات و دەڵێت: مونشن دەبریسکێتەوە.

لــه ســاڵانی (١٩١٩ تــا ١٩٢٣) مونـــشن بـــووه مەیـــدانی جموجـــۆڵی ناسیۆنالیـستەکان و کودەتـای هیتلـەر، لـه سـاڵی (١٩٣٥) هیتلـەر نـاوی مونشنی نا پایتەختی جولانەوەکان. له شەڕی دووەمـی جیهـانی مونـشن زیانێکی زۆری بەرکەوت و شەش هـەزار کـەس بوونـه قوربـانی و پـازده هـەزار کەسـیش برینـدار بـوون. لـه دوای شـەڕ مونـشن بـووه شـارێکی میرۆپـۆڵی، لـه سـاڵی (١٩٧٢) یارییـەکانی ئـۆڵمپی لێکـرا و گـەورەترین رووداویش لەم ئۆڵپیایه، که تائێـستا پاشماوەی مـاوه فڕانـدنی یاریزانـه ئیسرائیلیەکان بوو لەلایەن تیرۆریسته فەلەستینیەکان.



تاوەری ئۆڵمپایای مونشن

سیمبولی مونشن



ئـەم سـیمبولە هـی سـەردەمی قەیـسەری ئەڵمانیایـە، کـە لـە پانتـایێکی برۆنزی قەشەیەك بەجلی رەشی قەشایەتی و خەتی رەنـگ زێـڕی سـەر جلی لە شێوەی خاچ و پـێڵاوی سـور، کتـێبی پـیرۆزی لـە دەسـتی چەپی گرتووە و دەستی راستی بۆ سوێندخواردن بەرزکردۆتەوە

## ئاینی مونشن

ئەم ناوچەیە هەر لە کۆنەوە کاتۆلیکی بوونە و کاریگەری کڵێسەی ڕۆمیان بەسەرەوە بووە، بەڵام لەم دواییانە ڕێژەکەیان کەمبۆتەوە و گەیشتۆتە سەدا ۳۸٪ و ئیڤێنگێلەکان لە سەدا ۱٤٪ پێکدەهێنن و جولەکەش لەسەدا ۳٪، لەسەدا ٤۷٪ یش ئاینەکانی تر و بێ ئاینەکانن.



بەشی ناوەوەی کڵێسەی لوکاس



**شارەوانی نوێی مونشن**



های تێك تاوەر ١٤٦م




ئەلینتس ئەرێنا(یاریگای بایرن مونشن)



**شانۆی نەتەوەیی لە مونشن**

## *Quellen* - سەرچاوە


١-Deutsche Geschichte

Von den Germanan bis zu Napoleon

Wilhelm Treue, Weltbild Verlag

Band ١

٢-Deutsche Geschichte

Von Metternich bis zum Gegenwart

Wilhelm Treue, Weltbild Verlag

Band ٢

٣-Das Neur deutsche Woerterbuch

Wilhelm Heyne Verlag, Muenchen

٤-Deutsche Sprache

aus Wikipedia, der frein Enzyklopaedie

٥-Nietzsche

Mischael Tanner

Aus dem Englischen von Andrea Bollinger

Herden

٦-Deutschland

aus Wikipedia

٧-Was ist Barok .Architektur und Staedtebau

Europas١٥٨٠-١٧٧٠

Stephan Hoppe, Darmstadt

٨- Architektur und Geschichte in Deutschland

Mathias Wallner und Heike Werner

Muenchen ٢٠٠٦

٩-Architektur in Deutschland

aus Wikipedia der frein Enzyklopaedie

١٠-Deutsch Literaturgescichte

Von den Anfaengen bis zur Gegenwart

Beutin, Wolfgang u,a

Metzler, Stuttgart ١٩٧٩

١١-Deutschesprachige Litertur

**aus Wikipedia, der frein Enzyklopaedie**

**۱۲-Geschichte der Philosophie**

**Von den Anfaengen bis Gegenwart**

**Christph Helferich, Metzler, Stuttgart ۲۰۰۱**

**۱۳-Germanen**

**aus Wikipedia, der frein Enzyklopaedie**

**۱۴-Geschichte der Stadt Frankfurt am Main**

**Friedrich Bothe**

**Verlag Wolfgang Weidlich, Frankfurt am Main ۱۹۷۷**

**۱۵-Frankfurt am Main**

**aus Wikipedia, der frein Enzyklopaedie**

**۱۶-Goetter der Germanen**

**aus Wikipedia**

**۱۷-Berlin**

**aus Wikipedia**

**۱۸-Hamburg**

**aus Wikipedia**

۱۹-Koeln

aus Wikipedia

۲۰-Muenchen

aus Wikipedia

۲۱-Nordrhein-Westfalen

aus Wikipedia

۲۲-Bayern

aus Wikipedia

۲۳-Baden-Wuettemberg

aus Wikipedia

۲٤-Freie Hansestadt Bremen

aus Wikipedia

۲٥-Rhein

aus Wikipedia

۲٦-Kelten

aus Wikipedia

۲۷-Dreissigjaehriger Krieg

aus Wikipedia